# دامەزرانی ئەمەریکا و دەستوورەکەی

نووسینی
لیدیا بجورنلوند

وەرگێڕانی
ئەبوبەکر خۆشناو

**ناونیشانی کتێبەکە بەفارسی**
بنیانگذاری امریکاو قانون اساسی ان
لیدیا بجورنلوند
ترجمة: مهدی حقیقت خواه
انتشارات ققنووس
جاب اول- ۱۳۸۳

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**وەزارەتی ڕۆشنبیری**

**بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان**


- **ناوی کتێب**: دامەزرانی ئەمریکاو دەستوورەکەی
- **نووسەر**: لیدیا بجورنلوند
- **وەرگێڕانی لە فارسییەوە**: ئەبوبەکر خۆشناو
- **پیتچنین**: سەبور هەورامی
- **دیزاینی ناوەرۆک و بەرگ**: زانا کەمال
- **مۆنتیف**: نەهرۆ شەوقی
- **تیراژ**: ١٠٠٠
- **زنجیرە**: ١٧٥
- **چاپخانە**: روون
- **چاپ**: چاپی یەکەم
- **ژمارەی سپاردن**: (٩١٤) ساڵی (٢٠٠٧)

## رووداوه گرنگەکانی سەردەمی دامەزرانی ئەمریکا و دەستوورەکەی

**١٧٧٥**

**-نیسانی ١٧٧٥**

**یەکەمین پریشکی شۆرشی ئەمریکا لە ماساجوست دەست پێدەکا.**

**-حوزێرانی ١٧٧٥**

**جۆرج واشنتۆن، فەرماندەیی هێزە سەربەخۆییخوازەکان بەئەستۆوە دەگرێ.**

**١٧٧٦**

**-تەموزی ١٧٧٦**

**راگەیاندنی سەربەخۆیی لەلایەن کۆنگرەوە پەسەند دەکرێ.**

**١٧٧٧**

**تشرینی دووەمی ١٧٧٧**

**کۆنگرەی ویلایەتەکان، پرەنسیپی کۆنفیدراسیۆن پەسەند دەکا.**

**١٧٨١**

**ئاداری١٧٨١**

**پرەنسیپەکانی کۆنفیدراسیۆن لەلایەن ویلایەتەکانەوە پەسەند دەکرێ**

**١٧٨٢**

**ئەیلولی ١٧٨٢**

**-پەیمانامەی ئاشتی لەگەڵ بەریتانیادا مۆر دەکرێ.**

**١٧٨٦**

**ئابی ١٧٨٦- شوباتی ١٧٨٧**

**یاخیبوونی شیز لە ماساجوستی رۆژاوا روو دەدا.**

**-ئەیلولی ١٧٨٦**

**کۆبوونەوە لە ئاناپۆلیس هەمیلتۆن پێشنیاری کۆبوونەوەیەك دەکا بۆ تەرخانکردنی رۆژێك بۆ پرەنسیپەکانی کۆنفیدراسیۆن.**

**١٧٨٧**

**شوباتی ١٧٨٧**

**کۆنگرەی کۆنفیدراسیۆن، کۆبوونەوەی (تەنیا بەمەبەستی تایبەتی دەستکاری پرەنسیپەکانی کۆنفیدراسیۆن) بەپارێزەوە پشتگیری دەکا.**

**-ئایاری ١٧٨٧**

**ئەنجومەنی دەستوور لە فیلادیلفیا دەکرێتەوە.**

**١٧٨٨***

| |
|---|
| **ئەیلولی ١٧٨٨**<br>**دەستوور لەلایەن نوێنەرانەوە مۆردەکرێ.**<br>**-کانونی یەکەمی ١٧٨٨، دیلاویر یەکەمین ویلایەتە کە پشتگیری دەستوور بکا.**<br>**حوزەیرانی ١٧٨٨**<br>**نیوهەمشایەر نۆیەمین ویلایەتە کە پشتگیری دەستوور دەکا و ئەمەش بۆ جێبەجێکردنی، رادەی خۆی تەواو دەکا.** |

**١٧٨٩**

| |
|---|
| **ئاداری ١٧٨٩**<br>**کۆنگرە، یەکەمین دانیشتنی خۆی لە نیویۆرك دەست پێدەکا.**<br>**نیسانی ١٧٨٩**<br>**جۆرج واشنتۆن وەك سەرکۆمار بەرەسمی دەست بەکاردەبێ.**<br>**ئەیلولی ١٧٨٩**<br>**کۆنگرە پەیماننامەی مافەکان پێشکەش بە ویلایەتەکان دەکا.**<br>**-کانونی یەکەمی ١٧٨٩**<br>**پەیماننامەی مافەکان پەسەند دەکرێ و دەبێتە بەشێك لە دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکان.** |

**١٧٩٠***

| |
|---|
| **ئایاری ١٧٩٠**<br>**رود ئایلەند دوا ویلایەتی سێزدە ویلایەتەکە دەستوور پەسەند دەکا.** |

## پێشەکی

دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکان کۆنترین بەڵگەی لەو جۆرەیە لەدنیادا. هەروەك چۆن وڵات لەیەکێتییەکی کاتی ویلایەتەکانەوە بۆتە بەهێزترین میللەتی دنیا، دەستوورەکەشی ئەوا دووسەدەیە کاری پێدەکرێ. چیرۆکی چۆنیەتی دانان و دارشتنی ئەم بەڵگانامەیە، جێگەی سرنجدانە.

لەکۆدا، نوێنەرانی ئەنجوومەنی دەستووری ١٧٨٧ خوێندەوارو لەکاروباری حکومەت دا بەئەزموون بوون. گەلێکیان لەسەردەمی شۆڕشی ئەمریکادا جەنگابوون و لەیەکەمین و دووەمین کۆنگرەی ویلایەتەکانی ئەمریکادا نوێنەری ویلایەتەکانی خۆیان بوون. هەندێکیان لەئامادەکردنی پرۆژەی دەستووری ویلایەتەکانیان و پرانسیپەکانی کۆنفیدراسیۆندا بەشداربوون. ئەوان ئەزموون و پسپۆریی خۆیان لەئامادەکردنی رەشنووسی بەڵگەنامەیەکی بێهاوتاو نوێ بەکارهێنا.


نووسەرانی دەستوور حکومەتێکیان لەبەرچاو بوو کە لەبەرانبەر خەڵکیدا، وەرام دەرەوەبێ. حکومەتی مەبەستیان، ئەوەندە بەهێزبوو کەدەبوو لەبەرانبەر هەموو ئەو گیروگرفتانەدا بوەستێ کە وڵات رووبەرووی دەبۆوەو هەر لەوکاتەدا پارێزگاری





لەئازادییەکانی تاك کەئەوان لەپێناوی وەدیهاتنیدا خەباتیان کردبوو، بکا. **جۆن روتلج**، نوێنەری کارولینای خواروو رایگەیاند کەئەنجوومەن ((خەریکی دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتێکی گەورەیە)).[1]

پتەوی و بەردەوامی ئەم دەستوورە لەتوانای نوێنەرانی ئەنجوومەنی دەستوور لەرەچاوکردنی هەم رابردووو هەم ئایندەوە، سەرچاوە دەگرێ. ئەوان لەئامادەکردنی رەشنووسی ئەم بەڵگەنامەیە، سوودیان لەزانستی رۆژگارو تیوری سیاسی وەرگرت، بەڵام بەتایبەتی سرنجیان دایە ئەو رێگاچارە پراکتیکی و بەسوودانەی کەمیللەتان و دەوڵەتان لەمامەڵەکردن لەگەڵ کاروباری گشتی حکومەت دا، بەدەستیان هێنابوو. ئەوان بیری حکومەتی دەستوورییان لە ((فەرمانی گەورە)) (**ماگنا کارتا**) وەرگرت و هەندێ لەو رێ و شوێنانەشیان قبوڵ کرد کە مانیفستی مافەکانی ١٦٨٩ی بەریتانیا لەمەڕ راددەی دەسەڵاتی حکومەت، دانابوو. پرانسیپی لێك جوداکردنەوەو هاوسەنگی دەستەڵاتیان لەنووسینەکانی **شارل دو مونتسکیو** حوکمڕانی خەڵکییان لەنامەکانی **جۆن لۆك** وەرگرت. سەربار، سوودێکی زۆریان لەئەزموونەکانی خۆیان لەئامادەکردنی رەشنووسی دەستوورەکانی ویلایەتەکاندا وەرگرت. ئەوان سستمی حوکمی دوو ئەنجوومەنیان قبوڵ کرد کە لەهەموو ویلایەتەکان جگە



جۆرج واشنتۆن، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دەستووری بەستۆوەیە (١٧٨٧)

لەپەنسلڤانیا کاری پێدەکراو سستمی ئەنجوومەنی هەڵبژێرەکانی (کۆلیجی هەڵبژاردن)ی ویلایەتی مەریلاندیان بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی پەیوەست بەهەڵبژاردنی سەرکۆمار، قبوڵ کرد.

ئەندامانی ئەنجوومەنی دەستوور ڕۆڵەی سەردەمەکەی خۆیان بوون. شۆڕشی ئەمریکا و ئەو ڕووداوانەی ببوونە هۆکاری، ئەوانی بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی بەدەستەڵات، بەپارێزو ترسا و کردبوو. بەڵام ئەوان کەموکورتییەکانی حکومەتی نیشتمانییان لەسەر بنچینەی پرانسیپەکانی کۆنفیدراسیۆنیش





تاقیکردبۆوە. لەم ڕووەوە، بەدوای ئەو ڕێگایانەدا دەگەڕان کەدەستەڵاتی جێبەجێکردنی کاروبارە پێویستییەکانی ئەو میللەتە نوێیە بدەنە حکومەت، بێئەوەی مۆڵەتی پێبدەن مافەکانی هاووڵاتیان پێشێل بکا. **جیمز مەدیسۆن**، نووسی: ((بۆ خولقاندنی حکومەتێك بۆ خەڵك کە تاکەکانی بەڕێوەی دەبەن، گرفتە گەورەکە لەوەدایە یەکەم جار دەبێ مۆڵەت بەحکومەت بدرێ هاووڵاتیان کۆنترۆڵ بکاو دواتریش ناچار بکرێ خۆی خۆی کۆنترۆڵ بکا)).[٢]

نووسەرانی دەستوور دڵنیا نەبوون کە سستمێکی حوکمی بێ کەموکورتییان خولقاندووە. ئەوان باوەڕیان وابوو کە وڵات لەگۆڕان دایە. هاوکات، ئەمریکاییەکان خەریك بوون لەراددەی سێزدە ویلایەتی سەرەتا رەت دەبوون. نوێنەرانی ئەنجوومەن دەیانزانی حکومەت بەدڵنیاییەوە ڕووبەڕووی مەسەلەو گرفتی وا دەبێتەوە کەئەوان نەیاندەتوانی ڕێگاچارەیان بۆ بدۆزنەوە. لەم ڕووەوە، لەپرۆژەکانیان دا بواری گۆڕانیان هێشتەوە، لەو ناوچانەی دڵنیانەبوون، دوا بڕیاریان لەمەڕ وردەکارییەکان بۆ نەوەکانی ئایندە بەجێهێشت. پرۆسەی پێداچوونەوەو کاروباریتر لەدەستووردا رەچاوکرا، بواری بەکۆمارەکەمان (ویلایەتە یەکگرتووەکان) داوە، لەبەرانبەر ئەزموونی رۆژگارو گوشاری گۆڕان بەردەوام بێ.

لەگەڵ بوونی ئەو ئامانجە بەرزانەی دەستوور داکۆکیکاریانە، بەڵگەنامەیەکی تاراددەیەك سادەیە. **گۆڤەرنەر موریس** کەشێوەی دەربڕینی ئەم بەڵگەنامەیەی داڕشت، نووسیویەتی: ((من بەش بەحاڵی خۆم لەو باوەڕەدام کەتەواوی ئەم (بەڵگەنامەیە) بەزمانێکی سادەو ئاسایی مرۆڤ نووسراوە)). ئەم دەستوورە، کەبۆ حوکمی خەڵك، بەدەستی خەڵكو بۆ خەڵك، نووسراوە، بەشێوەیەکی سەرسووڕهێنەر بۆ تێگەیشتنی خەڵکیش ئاسانە.

## (١)

## دروستبوونی دنیایەکی نوێ

ئەو بیروباوەڕانەی بەردی بناغەی دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێك دەهێنن، ماوەیەکی زۆر، پێش ئەوەی ئەم دەستوورە بنووسرێ، پەیدابببوون. یەکەمین کۆمەڵەی کۆچەران بۆ ئەمریکا هەندێ بیروڕای سیاسییان لەئەورووپاوە بۆ بەری پانتایی ئۆقیانوسی ئەتڵەسی هێنا کە لەپێکهاتنی حکومەتی تازەدا بەکارهات. ئەوان هەروەها میراتی حکومەتێکی هەڵبژێردراویان لەگەڵ خۆیان هێنا. پەرلەمانی ئینگلیز تەمەنی لە٥٠٠ ساڵ زیاتربوو. بەهۆی ئەوەی کۆچەرەکان بۆ مانەوەو پێشکەوتن هەوڵیان دەدا، پەیماننامەی نووسراو بۆ چاوەدێریکردنی رەفتاری کۆمەڵ دانرا. ئەم پەیماننامانە رێگایان بۆ دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خۆش کرد.

لەماوەی ئەو سەدەونیوەی کەئەمریکا بریتی بوو لەکۆچەرنشینی بەریتانی، کۆچەرەکان زۆر شت دەربارەی سروشتی حکومەت فێربوون. تا هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەمریکا، هەر سێزدە کۆچڕەونشین، چەند ئەنجوومەنێکیان هەڵبژاردبوو،





لەجێبەجێکردنی یاسا و رێوشوێنەکانی حوکمی ناوخۆدا هاوکاربوون. ئەوان بایەخی حکومەتی هەڵبژێردراویان زانی. سەربار، ئەوان وەك پیاوانی ئینگلیز باوەڕیان بەمافە عورفییەکان و مافەکانی مرۆڤ هەبوو.

هەرچەندە ئەزموونەکانی ئەم کۆچەرانە لەوڵاتە نوێکەدا بووەهۆی ئەوەی بیروباوەڕی تازە، جودا لەوەی لەبەریتانیا باوبوون، پەیدابکەن. بەپێی یاساکانی ئینگلیز کە لەکۆچڕەونشینەکانیشدا پێڕەو دەکران، ئەو پیاوانەی خاوەنی زەویبوون، مافی دەنگدان و وەدەست خستنی پلەوپێگەیان هەبوو. بەڵام لەسەرانسەری کۆچڕەونشینەکانی ئەمریکادا، زەوی بۆ هەڵخەڵەتاندنی کۆچەرانی نوێ لەو وڵاتە بەکاردەهات. لەم رووەوە، خەڵکی لە وڵاتی نوێ، زیاتر لەوڵاتەکەی خۆیان خاوەنی زەوی بوون. هەموو خاوەن زەوییەکان لەبنەماڵە دەرەبەگە دەوڵەمەندەکان نەبوون. زەوی ئیمتیازێکی زۆری هەبوو.لەئەنجامدا، رێژەیەکی بالآتری دانیشتوان بە بەراورد لەگەڵ بەریتانیا بوونە ماخۆی هەل‌ومەرجی دەنگدان و هەڵبژاردن. گەلێ ئەنجوومەنی هەڵبژاێردراو لەکۆچڕەونشینەکاندا، لەم رووەوەشەوە لەگەڵ پەرلەمانی ئینگلستان جودابوون کە لەهەر شارێکی بچووك، یەك نوێنەریان دەنارد. بەم شێوەیە، کۆچەرەکان لەمەڕ مانای حکومەتی

هەڵبژێردراو، دیدێکی لێکجودایان پەیداکرد. لەم ئەزموونەی کۆچەرییە بیروڕاو پرانسیپێك سەریان دەرهێنا بوونە بەردی بناغەی دەستوورو پەیماننامەی مافەکان.

## گەڕان بەدوای دنیایەکی نوێدا

چەندان هۆکار ڕۆڵیان لەبڕیاری ئەوروپییەکان بۆ کۆچکردن بۆ دنیای نوێ، هەبوو. ئیسپانیا سەربازەکانی بۆ داگیرکردنی ناوچەی نوێو دەرهێنانی کانە بەنرخەکان نارد. فەرانسە خەڵکی بۆ ئیدیعای موڵکایەتی خاکی نوێو ڕاوچی و بازرگانەکانی بۆ سوود وەرگرتن لە بازرگانی پێست ڕەوان کرد. بەڵام شەڕەکانی ئینگلستان لەچەندان بەرەدا، لەسەدەکانی پازدەوشازدە، خەزێنەی بەتاڵ کردبوو، ولەئەنجامی ئەمەدا بەریتانیا نەیدەتوانی هەنگاوی لەم شێوەیە بنێ.

لەم ڕووەوە، پێك هێنانی کۆچەرنشینە ئینگلیزی لەئەمریکا بەزۆری بەهۆی هەنگاوی تایبەتی دەستی پێکرد. ئەو سێزدە کۆچڕەونشینی ئینگلیزییە لەئەمریکای باکوور لەلایەن ئەو کۆمپانیا بازرگانییانەی بەدوای سامان دا دەگەڕان، ئەو کۆچەرانەی شەیدای وەدەست خستنی زەوی خۆیان بوون، ئەو ریفۆرمیستانەی بەدوای جێگایەکدا دەگەڕان بتوانن تیایدا خەونەکانیان لەمەڕ خولقاندنی کۆمەڵێکی سازگار وەدی بهێنن و ئەو گرووپە ئایینییانەی لەترسی سزادان وئازار بەدوای





پەناگایەك دا دەگەڕان، دامەزران. حکومەتی ئینگلستان بە بەخشینی مۆڵەتی نووسراو کەمافی جێگیربوونی لەناوچەکانی سەر بەئینگلستان بەرێکخراوە تایبەتییەکان دەدا، پشتگیری ئەم هەوڵانەی کرد.


### سروودێکی ئازادی

زەوی و سامان بەشێك لەو شتە سەرنجڕاکێشانەبوون کە کۆچەرانیان بۆ دنیای نوێ بەکێش دەکرد. ئەم سروودە، لەکتێبی (**مێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا**)، نووسینی **هو بروگان** وەرگیراوە کە ڤێرجینیا بەناوچەیەکی بێهاوتا وەسف دەکا:

مەبەستیانە بۆ شوێنێکی وەك ڤێرجینیا
کۆچ بکەن،
وئەوەدەمەی گەیشتنە ئێرە
هەرکەس بەشی خۆی دەبێ
هەقدەست بۆ کرێکاران
و بۆ زیاتر دڵنیاکردنی
ماڵ و باخێکیشی دەبێ
سەربار، بۆ زیاتر دڵنیاکردنی،
هەرکەس پێگەیەکی دەبێ
ولەدەرامەتی گشتیش بێبەش نابێ،
دوازدە پاوەندو دە شلینگی پێدەدرێ.

## یەکەمین کۆچەرنشین

کۆمپانیای ڤێرجینیای لەندەن کە کۆمەڵێك خاوەن سەرمایە دایانمەزراندبوو، یەکەمین کۆچڕەونشینی ئینگلیزی بەردەوامی لەساڵی ١٦٠٧ لەجیمس تاونی ڤێرجینیا دامەزراند. ئەم خاوەن سەرمایانە سێ ئامانجی سەرەکییان هەبوو: لەباکووری رۆژئاواوە رێگایەك بەرەو سامانی ئاسیا بدۆزنەوە، سوود لەزێڕوزیوی ئەمریکا وەربگرن و ناوچەی گونجاو بۆ بەرهەم هێنانی بەروبوومی نایابی وەك ئاوریشم یان داوودەرمان، پەیدا بکەن.



ئاوارەکان پێش ئەوەی لە کەشتی دابەزن
(پەیماننامەی مەی فلاوەر)یان مۆرکرد،
ئەو رێککەوتننامەیەی بۆ ژیان لەسەر بنچینەی
کۆمەڵێ یاسای عورفی

کۆچەرنشینی ڤێرجینیا زۆر بەردەوام نەبوو. زۆربەی ئەو کۆچەرانە ئەندامانی چینی دەوڵەمەندو ئەو ئانارشستانە بوون کە کاری سەختیان پێنەدەکرا. ئەوان بەدوای سامانێکی ئاسان دەستکەوتووی وەك زێڕوزیوو دا دەگەڕان، نەك کشتوکاڵو پەیداکردنی خواردن. نەخۆشیو برسێتی زیانێکی





زۆری داو تەنیا ٣٨ کەس لەکۆی ١٤٤ کۆچەری رەوی یەکەم، یەکەمین زستانیان بوارد. کاپیتان **جۆن سمیس** کە رێبەری کۆچەرەکان بوو، سیاسەتێکی بەدیسپلینوسەختی گرتەبەر، سستمی خۆپارێزی بەهێز کردو بەم ئاگادارکردنەوەیە، بانگی بۆ کاری کشتوکاڵی رادێرا: ((ئەو کەسەی کار ناکا، خواردنی بەرناکەوێ)).[٣] لەساڵی ١٦٠٩ کاتێ سمیس ڤێرجینیای بەجێهێشت، ئەم کۆچڕەونشینەی بە ((کارەسات، وێرانە، مەرگ، جەهەننەم))[٤] لەقەڵەم دا.

کۆمپانیای ڤێرجینیا ئەوەی دەرککرد کە سەرکەوتنی تەواوی کارەکەی پەیوەندی بەوەوە هەیە بتوانێ پیشەگەران، کرێکاران، ماسیگرانو جووتیاران بۆ ناو کۆچەرنشینەکە راکێشێ. کۆمپانیا بۆ بەکێش کردنی کۆچەری نوێ دەستی کرد بەدانی زەوی، ئەو شتەی لەدنیای نوێدا فراوان بوو. زەوی بووە ئامرازێکی بە رەونەق بۆ راکێشانی ئەو کەسانەی بۆ سەرکەوتنی کۆمەڵەکەیان، پەرۆشتربوون. بەپێچەوانەی دانیشتوانە سەرەتاکانی جیمس تاون، کۆچەرانی دواتر بۆ ئەوە نەهاتن بەخێرایی دەرامەتێکی زۆریان دەست کەوێو پاشان بگەڕێنەوە بەریتانیا. ئەوان بۆ ئەوە هاتبوون لە (دنیای نوێ)دا نیشتەجێ بن.

## پەیمانی مەی فلاوەر

لەناو ئەو کۆچەرە تازانەی کۆمپانیای ڤێرجینیا رازی کردبوون بێنە دنیای نوێ، گرووپێکیان کۆچەری ئینگلیزی دانیشتووی هۆڵەندا بوون. ئەمانە ئاوارەی (**پیلگریمز**) بوون کەلەگەڵ دانیشتوانی جیمس تاون دا زۆر جیاواز بوون. ئەوان بەدوای سامان دا نەدەگەڕان، بەڵکو بەدوای ((شارێك لەسەر گردێك)) دا دەگەڕان، واتە کۆمەڵگەیەکی نموونەیی کەتەواوی دنیا وەسفی بکەن. ئەوان دەیانویست لەجێگایەك دا بژین رۆڵەکانیان نەکەونە بەر کاریگەری هێزە دەرەکییەکان، لەجێگایەك دا بتوانن بەپێی یاساو رێوشوێنی ئایینی پیوریتانیی خۆیان، بژین.

لەساڵی ١٦٢٠، ٣٥ ئاوارەی ژن‌وپیاوو منداڵ گەشتی خۆیان بەکەشتی مەی فلاوەر لەناو ئۆقیانوسی ئەتڵەس دەست پێکرد. شەست کەسی دیکەش سواری کەشتی بوون کەپیشەگەر، سەرباز، خزمەتگوزاری کەشتی بوون‌و بەدوای ژیانێکی تازەی نێو دنیای نوێدا دەگەڕان. ئاوارەکان ئەوانیان بە (بێگانە) ناو دەبرد.

ئاوارەکان خۆیان بەرەو ڤێرجینیا دەچوون، بەڵام تەوژمی با ئەوانی لەرەوتی خۆیان دوورخستەوە. کاتێ ئامادەبوون لەپلیموت لەکەنداوی ماساچوست دابەزن، هەندێ رێبوار



دامەزرانی ئەمریکاو دەستوورەکەی

رایانگەیاند کەئەو رێککەوتننامەیەی بڕیار بوو لەڤێرجینیا حوکمیان بەسەردا بکا، لەم وڵاتە بێگانەیەی باکووردا، بێ بایەخە. **ویلیام برادفورد**، یەکێك لەرێبەرانی ئاوارەکان، پاشان وەبیری هێناوە کە رێبواران هەڕەشەیان کرد کاتێ ((دەگەنە کەنار، ئازاد دەبن، چونکە کەس دەستەڵاتی بەسەریاندا نییە)).[٥]

برادوفۆردو هاوڕێکانی لەم گۆڕانی بارودۆخە نیگەران بوون. ئەوان دەیانزانی مانەوەیان وەك کۆمەڵێك پێویستی بەرەفتارێکی گونجاو هەیە. لەم رووەوە، رازیبوون پەیوەندی بەو پەیماننامەوە بکەن کەزۆر لەو پەیماننامەیە دەچوو کە حوکمی کلێساکانی دەکرد. کاتێ لەنزیك کەنار لەنگەریان گرت، ئەو پەیمانەیان مۆرکرد کە بە (پەیمانی مەی فلاوەر) ناوی دەرکرد. ئەوانەی پەیمانەکەیان مۆر کرد، رازیبوون کە ((بۆ رێکخستن‌و باشتر پاراستنی خۆیان، لەکۆمەڵگەیەکی سیاسیدا ئاوێتەی یەکتربن‌و پێوەی مولتەزیم بن))و ((یاسا، رێوشوێن‌و حوکم‌و سستمی حوکم بەو شێوەیەی کەگومان دەکرێ بۆ بەرژەوەندی گشتی کۆچەروەنشین شایستەترین‌و گونجاوترینە)) دانێن‌و دڵسۆزی بن.[٦] لەراستیدا، ((پەیمانی مەی فلاوەر)) ئەنجامێکی شۆڕشگێڕانە بوو کە حکومەتێکی لەسەر بنەمای تەوافوقی خەڵك، دادەمەزراند.

پەیمانی مەی فلاوەر یەکەمین پەیمانی ئەو پەیماننامە

زۆرانەبوو کە لەکاتی کۆچی خەڵکی بۆ دنیای نوێ بەپێی پێویستی، داڕێژرا. بیرۆکەی ئەوەی کە دەستەڵاتی حکومەتەکان لەتەوافوقی خەڵکەوە سەرچاوە دەگرێ، لەزەینی ئەمریکاییەکاندا رەگی داکوتا. لەساڵی ١٦٨٢ کاتێ **ویلیام پین** دەستووری کۆچڕەونشینی خۆی خستەروو، روونی کردەوە: ((هەر حکومەتێك (بەهەر پێکهاتەیەك) لەخەڵکەکەی خۆی جودایە، لەبارێکدا یاساکان حوکم دەگێڕن و خەڵکی پەیوەندییان بەو یاسایانەوە هەیە...چونکە ئازادی بەبێ گوێڕایەڵی ئاژاوەو گوێ رایەڵیش بەبێ ئازادی کۆیلەییە)).[٧]

**هۆگ بروگان-ی مێژونووس، لەمەڕ نموونەی پەیمانی مەی فلاوەر دەنووسێ:**

*لەنیو ئینگلاند لەسەدەی حەڤدە، لەکۆنتاکی لەسەدەی هەژدە، لەسەدەی نۆزدە لەهەموو جێگایەك-لەتەکساس. کالیفۆرنیا، ئایوەواو ئورگۆن-ناهۆشیارانە، بەڵام بەوردی پێڕەوی لێکرا. ئەم پەیماننامەیە بووەهۆی ئەوەی نەوەکانی کۆچەرەکان هەست بکەن ژیان، دارایی و ئایندەیان لەسێبەری یاسادا پارێزراوە...هەموو ئەمانە رێگای بۆ گەورەترین پەیمان، واتە دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خۆشکرد.*[٨]

ئەوانەی دەستووریان مۆرکرد، وەك دانەرانی پەیمانی مەی فلاوەر لەدەوروبەری دووسەد ساڵ پێشتر، بەنوێنەرایەتی (ئێمە، خەڵکی) قبوڵیان کرد کە بۆ هەڵومەرجەکانی، بەوەفابن.






## دیدێکی ویلیام برادفۆرد

*ئاوارەکان، لەپێناوی کۆمەڵێکی باشتر رووبەرووی شوێنێکی نەناسراوبوونەوەو پشتیان بەخوا بەست کە بیانپارێزێ. ویلیام برادفۆرد لەکاتی ئەم گەشتە دەریاییەداو ساڵانی سەرەتای نیشتەجێبوونی ئاوارەکان لەپلیموت لەرابەرەکان بوو. ئەم باسەی کە لەکتێبی (دەربارەی کێڵگەی پلیمۆت) وەرگیراوە، برادفۆرد چۆنیەتی خۆئامادەکردنی ئاوارەیەك بۆ دابەزین لەکەشتی مەی فلاوەر دەگێڕێتەوە:*

*((لێرەدا چارەیەکی دیکەم نییەو هەردەبێ خۆ بخاڵفێنم و سەرم سووڕ بمێنێ، ولەوباوەڕەدام خوێنەریش بەوێناکردنی ئەم خەڵکە بێچارەیەو باری ئێستایان، هەر ئەو هەستەی هەبێ. چونکە ئەوان نەپەناگایان بۆ جەستە هەتاو بردووەکەیان هەبوو، نە خانووێك، ئەوە باسی شار هەر مەکە کەرووی تێبکەن و داوای یارمەتی لێبکەن. لەبەرئەوەی زستان بوو، ئەوان دەیانزانی زستانی ئەو وڵاتە (نیو ئینگلاند) چ جۆرە زستانێکەو چەند سارد و سەختەو زریانی توونەو ترسناکە بۆ سەفەری دوورو، ترسناکترە بۆ دۆزینەوەی کەنارێکی نەناسراو. سەربار، ئەوان جگە لەدەشتێکی ترسناك و چۆل، پڕ لەئاژەڵ و مرۆڤی درندە، چیتریان دەبینی- دەبوو کێ لێرە بێ کەئەوان نەیاندەزانی. ناوچەیەکی سرنج راکێشتریان نەدەبینی کە مەشخەڵی ئومێدیان*

*لەدڵ دا هەڵبکا، چونکە بۆ هەر لایەکیان دەڕوانی (بێجگە لەئاسمان) دیمەنی جوان و دڵگیریان کەمتر دەبینی. لەگەڵ کۆتایی هاتنی هاوین، هەموو شتێك بەسیمایەکی هەتاو بردوو لەبەرانبەریاندا دەردەکەوت و گشت ئەو وڵاتە پڕ لەدارستان و بنچکە ڕەنگێکی تووند و ناحەزی بەخۆوە دەگرت... ئەگەر ئاوڕیان دەداوە، زەریایەکی تووندوتۆڵیان دەبینی کە لێی پەڕیبوونەوەو ئێستا ئەو تەگەرە ئاو و کەنداوە لەدنیای شارستانی جودای دەکردنەوە... ئێستا بێجگە لەگیانی خوداو خێروبەرەکەتی ئەو، چ شتێ دەیتوانی ئەوان بپارێزێ؟)).*



ولیام برادفۆرد و ڕێبەرانی تر لەناو ئاوارەکاندا، پەیماننامەی (مەی فلاوەر)یان ئامادەکرد






## پەیدابوونی سێزدە کۆچەرنشین

سێزدە کۆچڕەونشینی ئینگلیزی بەپێی پرۆژەیەکی گەورە پەیدانەبوون. بەپێچەوانەی ڤێرجینیا، زۆربەی کۆچڕەونشینەکانی سەرەتا لەلایەن کۆمپانیا گشتییەکانەوە دامەزران. بۆ نموونە نیویۆرك لەلایەن کۆمپانیایەکی هۆڵەندایی هیندی ڕۆژئاوا لەساڵی ١٦٢٤ دامەزرا. (نیویۆرك لەسەرەتاوە سەر بەهۆڵەندا بوو، وپێی دەگوترا نیو ئەمستردام).

لەبەرئەوەی کۆچڕەونشینی کەنداوی ماساچوست لەو پیوریتنانە (پاکدین) پێك هاتبوو کە لەدەست ڕاوەدوونان و ئازار ڕایانکردبوو، بووە ناوەندی کاروکاسبی کردن. ڕود ئایلەند و کونکیتکۆت لەو کۆچڕەونشینانەوە پەیدابوون کە لەسەرەتادا لە کۆچڕەونشینی کەنداوی ماساچوستەوە هاتبوون.

ماساچوست تەنیا کۆچڕەونشنێك نەبوو وەك پەناگایەك بۆ دوورکەوتنەوە لەڕاوەدوونان و ئازار، پێك هاتبێ. لەساڵی ١٦٣٢ **لۆرد بالیتیمۆر**، مریلەندی وەك پەناگایەك بۆ کاسولیکە ڕۆماییەکان دامەزراند. لەساڵی ١٦٨١ ویلیام پین، کواکرەکانی (ئەندامانی گرووپی دۆستان) بۆ پەنسلڤانیا ڕێنوێنی کرد. بیرۆکەی خولقاندنی ژیانێکی باشتر لەئەمریکا، هەر تەنیا هی ئەو کەسانە نەبوو کە کەوتبوونە بەر کاریگەری گوشارو ئازاری ئایینی. سەدەیەك دواتر، دوای ئەوەی پیوریتانەکان گەیشتنە

ماساچوست، جۆرج ئوگیلتۆرپ، جۆرجیای وەك مەکۆیەك دامەزراند تا ئەوانەی بەهۆی قەرزەوە گیرابوون و تاوانبارانیش بتوانن ژیانێکی تازەی تێدا دەست پێبکەن.




**سێزدە کۆچەرنشین**
و مێژووی دامەزراندنی یەکەمین کۆچەرنشینە

## حکومەتی کۆچەرنشینەکان

هەموو ئەم کۆچڕەونشینانە، وێڕای پێگە جیاوازەکانیان، لەشتێکدا هاوبەش بوون: پێویستیان بەشێوازێکی بڕیاردان بۆ کۆمەڵ هەبوو. لەسەرانسەری کۆچڕەونشینەکان، ئەنجوومەنی نوێنەران بۆ پێویستی پێکهاتن. یەکەمین کۆمەڵەی هەڵبژێردراو، کۆمەڵەی شارنشینانی ڤێرجینیا





بوو کە یەکەمین کۆبوونەوەی لەساڵی ١٦١٩ کرا. لەبڵاوکراوەکەیدا، لێپرسراوێتی بەکۆمپانیای ڤێرجینیا سپێردرابوو کە بەدامەزراندنی فەرمانداران و کارمەندانی دیکە، کۆچڕەونشینەکانی خۆی لە ڤێرجینیا بەڕێوەببا.

بەشدارانی کۆمپانیای ڤێرجینیا، خۆیان بۆ ئەم کۆمەڵگا نوێیە بەپەرلەمان دەزانی، بەڵام لەسەرەتادا نیگەرانی ئەمەبوون چۆن کۆچەرەکان رازیبکەن کە بەچ شێوەیەك بژین و حەزیان لێنەبوو ((بەبێ رەزامەندیی ئەوان)) باجیان لێوەربگرن.[9] ئەوان دەیانزانی ئەگەر کۆچڕەونشینەکان بەبڕیارەکانیان رازینەبن، هیچ دەستەڵاتێکیان نابێ. لەم رووەوە، کۆمپانیای ڤێرجینیا کۆچەرەکانی بەمەبەستی یارمەتیدانی بڕیارەکان، بۆ پێکهێنانی کۆمەڵەیەك رێنوێنی کرد.

لەکۆچڕەونشینەکان، یەك لەدوای یەك، ئەنجوومەنی نوێنەران بەهۆی پێویستیی بۆ رێکخستن، پەیدابوون. کاتێ ئەم ئەنجوومەنانە جێگیربوون، لەبەرچاونەگرتن یان لادانیان نەکردەبوو. لەساڵی ١٦٢٤ کاتێ ڤێرجینیا بووە کۆلۆنییەکی پاشایەتی و فەرمانڕەوایەکی لەلایەن شای ئینگلستانەوە بۆ دانرا، ((کۆمەڵەی شارنشینان)) لەسەر ئەوە سووربوو کە فەرمانڕەوا، بەبێ رەزامەندی ئەنجوومەنی گشتی و بەشێوەیەك کەخودی ئەنجوومەن رێوشوێن و چۆنیەتی وەرگرتنەکەی دەست

نیشان کردبێ، ((نابێ هیچ باجێك یان سەرانەیەك بخاتە سەر دانیشتوان، یان زەوی یان کەلوپەلەکانیان)).[10]

## بڕیارەکانی ساڵی ١٦٣٩ی کۆنکیتکۆت

کاتێ خەڵکی لەگوندو شارەکان کۆبوونەوە، پێویستیان بەشێوازێك هەبوو بۆ چاوەدێری رەفتارەکانی خۆیان. کۆنکیتکۆت لەبڕیارنامەکانی ساڵی ١٦٣٩ی خۆیدا، هێڵە سەرەکییەکانی چەند بابەتێکی وەك چۆنیەتی هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجوومەنە هەڵبژێردراوەکان و کۆبوونەوەی، داڕشت. ئەمەی خوارەوە، هەڵبژاردەیەکە لە ((دەستووری فیدرال و ویلایەتەکان، پەیماننامەی کۆچەرنشینەکان، ویاسا بنچینەییەکانیتری ویلایەتەکان، ناوچە کەم دانیشتوانەکان و کۆچڕەونشینەکان لەباری ئێستا یان پێش ئەوەی ببنە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا)) کە **فرانسیس نیوتۆن تۆرپ**، کۆیکردۆتەوەو ئامادەی کردووە.

*((لەبەرئەوەی رەزامەندیی خودا لەرێکخستن وریك وپێکی کاروبارەکان دایە، ئێمە دانیشتوانی ویندسەر، هارتفورت ودرزفیلد ئێستا لەخوار رووباری کۆنکتیکوت و ئەو ناوچانەی کە لەمە بەدوا پێوەی دەلکێن، لەتەك دا دەژین و زۆرباش دەزانین ئەو جێگایەی خەڵکی بەیەکەوە دەژین، وتەی خودا پێویستی دەکا بۆ ئارامی و یەکێتیی ئەم خەڵکانە، بوونی*





*حکومەتێکی کاراوشایستە کەبەپێی (وتەکانی) خودا دامەزرابێ، پێویستە بۆ راپەڕاندنی کاروبارەکانی خەڵکی و رێکخستنی کاروبارەکانیان بەو شێوەیەی پێویست بێ، لەبەرهەندێیە وەك ویلایەتێکی میللی یان کۆمەڵەیەکی هاوبەش یەك دەگرین و لەپێناوی خۆمان و رۆڵەکانمان و ئەو کەسانەی کەلەمە بەدواو هەر کاتێك پەیوەندیمان پێوە دەکەن، یەکێتییەك دروست دەکەین تا ئازادی و خلوسی ئینجیلی سەرورمان عیسای مەسیح کەئێمە باوەڕی خۆمان بەو رادەگەیەنین و هەروەها بڕیارەکانی کلێسا کەئێستا لەسەر بنەمای راستی ئەو ئینجیلە حوکممان دەکا، بپارێزین و هەروەها لەبەڕێوەبردنی کاروباری غەیرە شەرعی خۆمان دا بەپێی ئەو یاسا و بڕیارو فەرمانانەی دادەنرێن و دەردەچن رێنوێنی بکرێین و بەڕێوە ببرێین)).*

تاسەرەتای سەدەی هەژدەهەم، هەر سێزدە کۆچڕەونشینەکان بوونە ماخۆی ئەنجوومەنی نوێنەران کەدەسەڵاتی بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵ، دانانی باج، وتەرخان کردنی بودجەیان هەبوو. هەر کۆچڕەونشینێکیش فەرمانڕەوایەکی هەبوو کەوەك نوێنەری ئەسلی بەریتانیا خزمەتی دەکرد. لەزۆربەی کۆچڕەونشینەکان، فەرمانڕەواکان لەلایەن خودی شاوە دادەمەزران و فەرمانڕەوا بەشێوەیەکی

ئاسایی بەریتانیایان بەولاتی خۆیان دەزانی، وەك کۆچڕەونشینەکان.

پەیماننامەی کۆچڕەونشینەکان دەستەلاتێکی فراوانیان دەدا بەفەرمانڕەواکان. ئەوان دەیانتوانی ئەنجوومەن هەڵبژێرن یان لەکاری بخەن، یاساکانیان ڤیتۆ بکەن و کارمەندان دامەزرێنن، لەزۆربەی کۆچڕەونشینەکان، فەرمانڕەواکان ئەنجوومەنێکیان دادەمەزراند کە نەتەنیا وەك ئەنجوومەنێکی یاسادانانی بالا، بەڵکو وەك بەرزترین دادگای کۆچڕەونشین کاری دەکرد. لەگەڵ هەندێش، دەستەلاتی فەرمانڕەواکان لەسەر کاغەز زۆر لەواقیع، فراوانتر بوو. لەبەرئەوەی فەرمانڕەواکانی کۆچڕەونشینەکان لەرووی بودجەوە، کەمتر جورئەتی ئەوەیان هەبوو دوژمنایەتی کۆچەرەکان بوروژێنن.

## مافەکانی پیاوانی ئینگلیز

بەپێی پەیماننامەکانی پێڕەوکراو لە کۆچڕەونشینەکانی ئینگلیزی، هەر ئەو ماف وئازادییانە بۆ دانیشتوانەکان دابین کرابوون کەبۆ کەسانی دانیشتووی بەریتانیا هەبوون. هەندێ لەم مافانە، لە ماگناکارتا (فەرمانی گەورە)دا لەساڵی ١٢١٥دا نووسرابوو باسکرابوون. ئەم (فەرمانە گەورەیە) ئەو مافانەی نووسیبوو کەخاوەن موڵك و رێبەرانی کلێسا لەشای بەریتانیایان داوا دەکرد. لەساڵی ١٦٨٩ پەرلەمانی (ئینگلستان) چەند

ئازادییەکی دیکەشی لە (راگەیەنراوی مافەکان) دا نووسی. ئەم راگەیەنراوە تەئکیدی لەئازادی رادەربڕین و مافی دادگاییکردن بەئامادەبوونی دەستەی (دادوەران)، دەکردەوە. هەروەها ئەوەشی دابین دەکرد کە ناکرێ بەرەزامەندییان واتە بەهۆی نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانیان لەپەرلەمان، باج لەهیچ هاوولاتییەکی بەریتانی وەربگیرێ. ئەم راگەیەنراوە زەمینەی بۆ هاواری بەناوبانگی داوای یارمەتیکردن لەخەباتی کۆچڕەونشینەکانی ئەمریکا بۆ ئازادی، خۆش کرد: ((هیچ باجێك بەبێ ئامادەبوونی نوێنەران، دانانرێ!)).


جۆن لەکلەند، شای ئینگلستان لەکاتی مۆرکردنی (ماگناکارتا – پەیمانی گەورە)

سەربار، لە کۆچڕەونشینەکان، یەك لەدوای یەك، پەیماننامەی مافەکان لەدەستوورو یاساکانیان دا، نووسراون. ((کۆمەڵەی ئازادییەکان))ی ساڵی ١٦٤١ی ماساچوست کە ئازادی رادەربرین، مافی داواکردنی دادپەروەری لەحکومەتی کۆچڕەونشین و دادگایی بەئامادەبوونی





دەستەی (دادوەران)ی دابین دەکرد، بۆ یاسادانانەکانیتری کۆچڕەونشینەکانیتر، وەك نموونە چاوی لێکرا. ((یاسای ئازادییەکانی خەڵك)) لەمریلەند رایدەگەیاند کە ((هەموو دانیشتوانی ئەم ویلایەتە کە مەسیحین (جگە لەبەندەکان) دەبێ هەموو ئەو ماف وئازادیو پاراستن و ئیمتیازو بەخشینە گومرگییەیان هەبێ)) کە هاوولاتیانی ئینگلیزی هەیانە.[11] پارێزگاری لەم ((مافانە کە ناکرێ چاویان لێ بپۆشرێ)) یەکێك لەبەڵگە سەرەکییەکانی بزووتنەوەی سەربەخۆیخوازی بوو لە کۆچڕەونشینەکانی ئەمریکا. ئەم پەیماننامە جۆراوجۆرانەی مافەکان، بوونە بناغەی پەیماننامەی مافەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانیش کە (١٠) ماددەی یەکەم، تەواوکەری دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێکدەهێنن.

## مامەڵەکردن

لەبەرئەوەی کۆچڕەونشینەکان توانا وهێزی خۆیان بۆ کاروباری ناوخۆ تەرخان دەکرد. ئینگلستان پەیوەندییەکی بازرگانی لەگەڵ کۆچڕەونشینەکان دروست کرد کە بەمامەڵەی (مرکانتیلیزم) ناوی دەرکرد. ئینگلستان لەباتی هێنانی کەرەستەی خاو لە کۆچڕەونشینەکانی، کەل‌وپەلی پێویستی ئەمریکاییەکانی بۆ دەناردن. ئەم رژێمە بازرگانییە لەسەر تیۆرییەك بنیات نرابوو کە ئینگلستان بەرێکخستنی بازرگانی

لەبەرژەوەندی پیشەسازی بەریتانیا، دەتوانێ بەهێزبێ.

کۆچڕەونشینەکان، لەسەرەتای دامەزراندنیاندا، لەگەڵ هەندێ لایەنی بازرگانی-هۆڵەندا، فەرەنسەوئیسپانیا هەروەها کۆچڕەونشینەکانیش خەریکی مامەڵەو بازرگانیبوون، بەڵام زۆری پێنەچوو ئینگلستان چەند یاسایەکی دەرکرد کەمافی بازرگانی ئازادی کۆچڕەونشینەکانی کۆتوبەند دەکرد. یاسا سەرەتاییەکان تەنیا چەند کەرەستەیەکیان دەگرتەوە کەدەبوایە راستەوخۆ لەئینگلستانەوە بێن، بەڵام رۆژ لەدوای رۆژ لیستەکە درێژتر بۆوە. سەختترین رەگەزی سیاسەتی مامەڵەکردن ((**یاسای ناوکۆیی**)) بوو کە لەبنچینەدا هاندەری سوودوەرگرتن لەو کەشتییانەبوو کەهاوولاتیانی ئینگلیزی یان کۆچڕەونشینەکان خاوەنی بوون یان کاریان تێدا دەکرد. لەساڵی ١٦١٩، ((یاسای کەشتیرانی)) کەرۆژ لەدوای رۆژ سەختگیرتر دەبوو، پێویستی دەکرد گشت کەلوپەلەکانی ئەوروپایی بۆ کۆچڕەونشینەکان دەبوایە لەبەریتانیا یان لەرێگای بەندەرێکی بەریتانیاوە، بێ. سەربار، کۆچڕەونشینەکان ملکەچی ئەوەبوون لەمەڕ زۆربەی کەلوپەلەکان تەنیا لەگەڵ بەریتانیادا بکەونە مامەڵەو گشت مامەڵەکان لەنێوان کۆچڕەونشینەکانو ئینگلیزەکان دەبوایە بەو کەشتییانە جێبەجێ بکرێن کە هی هاوولاتیانی بەریتانیابوون، یان کۆچەرە بەریتانییەکان یان ئەوان تیایاندا کەشتییەوان



دامەزرانی ئەمریکاو دەستوورەکەی

بوون. بەگشتی، هەم بەریتانیا و هەم کۆچڕەونشینەکانی، سوودیان لەو رژێمە بازرگانییە وەردەگرت. بازرگانی لەگەڵ بەریتانیا بۆ کۆچڕەونشینەکان، هاوبەشێکی بازرگانی بەردەوامو دەرامەتێکی بەردەوامی هەبوو. لەگەڵ هەندێش، زۆربەی جار، کۆچڕەونشینەکان بەزۆری (یاسای کەشتیرانی) یان بەمایەی دەردەسەر دەزانی. لەبەرئەوەی ئەم یاسایانە زەقو سەختگیرانەبوون، وبەئاسانی جێبەجێ نەدەکران. زەحمەتترین ئەم یاسایانە بەتەگەرەکانی بازرگانی لەگەڵ دوورگەکانی هیندی رۆژئاوای فەرانسەوە پەیوەست بوو-یاسایەك کە کۆچڕەونشینەکان فێربوون بە قاچاخ بە دەوریدا بسووڕێنەوە.

## تۆوی سەربەخۆیی

گەرچی کۆچڕەونشینەکان لەبنچینەوە لەپەیوەندییەکانیان دا لەگەڵ بەریتانیا رازیبوون، تۆوی سەربەخۆیی لەخاکی ئەمریکا وەشابوو. دوورایی جوگرافیو عاتیفی نێوان کۆچڕەونشینەکانو ولاتی دایك لەخولقاندنی گیانی پشت بەخۆبەستنو سەربەخۆیخوازیدا یارمەتی دەدان. لەسەرەتای سەدەی هەژدەدا، کۆچڕەونشینەکان بۆ وەدەست خستنی مافەکانیان، بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی کۆمەڵ بەبێ خۆتێگەیاندنی دەرەکی، دەستەویەخەی ململانێیەکی توونـدبوون. رۆژبەرۆژ، کەمتر شتێك ئەوانی بەیادی

پەیوەندییەکانیان بە بەریتانیاوە دەخستەوە. بێجگە لەفەرمانڕەواکانی سەر بەشا، تەنیا کارمەندانی حکومەتی بەریتانیا کەخۆیان لەکاروباری کۆچڕەونشینەکان هەڵدەقورتاند، کەسانێك هەبوون ئەرکی جێبەجێکردنی (یاسای کەشتیرانی)یان بەئەستۆوە بوو، بەڵام کۆچڕەونشینەکان فێرببوون کەچۆن لەگەڵ زۆربەی یاساکانی (کەشتیرانی)دا خۆیان بگونجێنن و خۆ لەیاسا بەدەردەسەرەکان بدزنەوە. لەم رووەوە، لەوانەبوو کۆچەرێکی ئاسایی بۆ چەندان ساڵ، یان بەدرێژایی تەمەنیشی لەگەڵ کارمەندێکی بەریتانیدا نەتوانێ مامەڵە بکا.

ماوەی ئاسایی نێوان ئینگلستان و کۆچڕەونشینەکانی، فەرمانڕەوایی کردنیانی زەحمەت دەکرد. بەریتانیا بۆ وەدەست خستنی هەواڵ لەمەڕ کۆچڕەونشینەکانی، پشتی بەپۆستە بەستبوو، بەڵام خزمەتگوزاری پۆست لەسەرخۆو نادڵنیابوو. نامەنووسین لەنێوان یەك بەیەکی کۆچڕەونشینەکان و وڵاتی دایك هەندێجار چەندان مانگ-یان چەندانساڵیشی-پێدەچوو. سەرەنجام لەساڵی ١٧٥٥ هێڵێکی کەشتیرانی پۆستەی رێكوپێکی مانگانە لەنێوان بەریتانیا وئەمریکا، دامەزرا.

مێژوونووس **دانێل بورستین** دەنووسێ:


((ئەودەم، ئیدی وەدرەنگ کەوتبوو. لە کۆچڕەونشینەکانی ئەمریکا تا ئەودەم سێزدە ناوەندی حکومەتیی جودا دروست





ببوون. ئۆتۆنۆمی لەپێویستیی هەلومەرج- لەناچاری دووری ٤٥٠٠ کیلۆمەتر-هەڵقوڵابوو، ولەئەنجام دا مایەوە. ئەگەر ئەمریکاییەکان دەیانویست حکومەتێکی شایستەیان هەبێ، دەبوایە خۆیان حوکمی خۆیان بکەن)).[١٢]

## هەمەڕەنگیی کۆچەرەکان




گروپە نەتەوەییەکانی ناو ئەمریکای کۆچەرنشین

لەنێوان ساڵانی ١٧٠٠و١٧٦٠، رووبەری سێزدە کۆچڕەونشینەکە شەش ئەوەندەی جارانی لێهات. هەرچەندە، هەموو کۆچەرەکان لەژێر فەرمانڕەوایی بەریتانیادابوون، بەڵام ژمارەی ئەو کەسانەی کە لەئەمریکا لەدایك ببوون و گەورەببوون، ساڵ بەساڵ زۆرتر دەبوو. نموونەی کۆچ لەگۆڕان دابوو، ژمارەی ئەوانەی لەوڵاتانیتر، بێجگە لەئینگلستان دەهاتن،

تادەهات زۆرتر دەبوو. لەناوەڕاستی سەدەی هەژدەوە، نزیکەی چواریەکی دانیشتوان، ئەلمان وسکوتلەندیو ئێرلەندایییەکان بوون.

هەر کۆچەرێك ڕێورەسمو ئاکارو مەزهەبو بەرژەوەندیی ئابوورییەکی جودای هەبوو. بەتایبەت جیاوازی نێوان کۆچڕەونشینەکانی باکوور کە پشتیان بەکاری کۆیلەکان لەکێڵگەکانی توتن وبرنج بەستبوو، ئاشکرا بوو. هەروەها، کاتێ کۆچڕەونشینەکان کۆچەرێکی زۆرتریان لەولاتانی جۆراوجۆرەوە قبوڵ دەکرد، لەنەتەوەو مەزهەب دا هەمەڕەنگییەکی زیاتر پەیدا دەبوو. لەنیوەی دووەمی سەدەی هەژدە، ماساچوست، رود ئایلەندو کۆنکیتکۆت تەنیا ویلایەت بوون کە دانیبشتوانەکانیان هێشتا بەشێوەیەکی سەرەکی یادگاری ئینگلستان بوون.

کۆچڕەوەکان لەساڵی ١٧٦٠ زۆر لەنەوەکانی پێشووتر، زیاتر ڕێی تێدەچوو لە کۆچڕەونشینی خۆیاندا بەهاوولاتی پلە یەك و ئینجا لەئینگلستان خۆیان بەهاوولاتی بزانن. هەمەڕەنگیی رۆژبەرۆژ زیاتری نەتەوەیی، کولتووریو مەزهەبی بەمانای ئەوەبوو کەژمارەی ئەو کۆچەرانەی وەفاداریی خۆیان بۆ شای بەریتانیا رادەگەیاند، هەتا دەهات کەم دەبۆوە. سەربار، کۆچەرانی سکوتلەندی-ئێرلەندی پێش ئەوەی بگەنە ئەمریکا، ئەزموونێکی تاڵیان لەحوکمی بەریتانیادا هەبوو. شێوازی





کۆیلەیی، ئەوەندەی دیکە ئەمریکای لەبەریتانیا جودا دەکردەوە. لەساڵی ١٧٥٠ نزیکەی هەشتیەکی کۆچەرەکان، بریتیبوون لەکۆیلەکانی ئەفریقیا.

ئەزموونی کۆچ لەوانەیە لەرێگایەکی دیکەش کاری کردبێتە سەر شۆڕشی ئەمریکا. هەندێ کەس لەو باوەڕەدان کە گیانی پشت بەخۆبەستن و سەربەخۆیخوازی کۆچەرەکان، بەری ئەو ئەزموونەی کۆچە بوو. **ئارتور یۆنگ** کە لە کۆچڕەونشینەکان دا دەژیا، گوتی ((ئەو پیاوانەی کۆچ دەکەن، لەبەر پێگەکەیان چالاکترین، سەختترین، بێباکترین، جەسوورترین، ورەنگە خراپترین کەس بن)).[١٣] ئەم گیانە سەر سەختانەیە رۆڵی لەزیادکردنی تووڕەییو نەفرەت لەبەرانبەر شێوازی مامەڵەی ولاتی دایك لەگەڵ کۆچەرەکاندا هەبوو.

هەرچەندە کۆچەرەکان پێیان خۆش بوو تا ئەودەمەی یاساکانی ئینگلستان لەقازانجیان دابێ، قبوڵیان بکەن، بەلام زۆری نەخایاند، ئەوان بەجورئەتەوە دژی ئەو بڕیارانە وەستان کە راستەوخۆ (وەك ئەمریکایی) دژی بەرژەوەندییەکانیان بوون.

## (٢)

## گیانی ئەمریکایی

شۆڕشی ئەمریکا لە شەڕێك زیاتربوو- شۆڕشێك بوو لەبیردا کە ماوەیەکی زۆر، پێش ئەوەی گوللەیەك بتەقێنرێ، دەستی پێکرد. **جۆن ئادامز**، بە ئاوڕدانەوەیەك لە رابردوو ئەزمونی شۆڕش، لەساڵی ١٨١٥ پرسی:

((مەبەستمان لە شۆڕش چییە؟ شەڕ؟ ئەمە بەشێك نەبوو لەشۆڕش، بەڵکو تەنیا ئەنجامێك و ئاکامەکەی بوو. شۆڕش لەزەینی خەڵکیدا بوو، ئەمە لەماوەی پازدە ساڵدا، لە ساڵی ١٧٦٠ تا ١٧٧٥ بەردەوام بوو، پێش ئەوەی دڵۆپە خوێنێك لە لکسینگتۆن بڕژێ))[14].

ئەم شۆڕشە لە زەینەکاندا، بەردی بناغەی دەستوری ویلایەتە یەکگرتووەکانی پێك دێنا. لەساڵی ١٧٦٠ تا ساڵی ١٧٧٥، ئەمریکاییەکان وازیان لەوە هێنا خۆیان بە رەعیەتی ئینگلستان بزانن و لەلایەن شا و پەرلەمانێك کە زیاتر لە شەش هەزار کیلۆمەتر لێیانەوە دووربوو، بەڕێوە ببرێن. کاتێ دەنگی ناڕەزایی خۆیان لەبەرانبەر بەریتانیا بەرزکردەوە، هۆشیارییەکی خودی تازە لەسەرخۆ دەرکەوت - شێوەی بیرکردنەوەیەکی تایبەتی

ئەمریکایی. مافی خۆبەڕێوەبردن و ڕێگەگرتن لە زوڵم و دیکتاتۆری پرەنسیپی بنچینەیی ئەم هۆشیارییە زاتییە بوو. کۆچەرەکان گەیشتبوونە ئەم ئەنجامەی کە باشترین ڕێگە بۆ ڕێگەگرتن لە دیکتاتۆری، دانانی دەستورێکی نووسراوە.

## رکابەریی کۆچەرنشینەکان

پێش ساڵی ١٧٥٠، کۆچڕەونشینەکان بەتەواوی لێك جودا بوون. هیچ دەزگایەکی ئیداری یان سیاسی کە نەخشەی سیاسی بۆ کۆچڕەونشینەکان داڕێژێ، نەبوو. ئەم جۆرە گرووپە ناوخۆییانە تەنیا وەك کاردانەوەی ڕووداوە گەورەکانی دەیەکانی دواتر –شەڕی فەرەنسی و ئینگلیزەکان و پاشان خەبات لەپێناوی سەربەخۆیی– پەیدابوون.

کۆچڕەونشینەکان لەسەر سنوور و تخوبی نێوانیان دوژمنایەتی یەکتریان دەکرد. لەسەر پارەی بەکارهێنراو، بازرگانی، مەزهەبیش کەوتبونە رکابەری. ئەوان هەتا لەبەرانبەر هەڵمەتی سوورپێستەکانیشدا، یارمەتی یەکتریان نەدەدا.

لەناو خودی کۆچڕەونشینەکانیشدا رکابەرییەکی توند هەبوو، دانیشتوانی گوندەکان بەزۆری لە شارنشینەکان بەگومان بوون. **جیمس ئۆتیس**، پارێزەرێکی ماساچوستی بووە ڕێبەرێکی خەبات لەدژی بەریتانیا، لەساڵی ١٧٦٥ پێشبینی کرد کە ((ئەگەر کاروباری کۆچڕەونشینەکان، هەر سبەینێ بەخۆیان بسپێردرێ، ئەمریکا توشی شەڕوشۆڕ دەبێ))[١٥].



دامەزرانی ئەمریکاو دەستوورەکەی

## ئەمریکاییەکی تازە دەرکەوتوو

لەناوەڕاستی سەدەی هەژدە، ژمارەیەکی زۆری ئەمریکاییەکان ئیدی هیچ پەیوەندییەکیان بە بەریتانیاوە نەبوو، یان وەفاداری شا نەبوون. کەسایەتی تایبەتی ئەمریکایی بەرەبەرە پێکدەهات. ئەم ئەمریکاییە چ تایبەتمەندیەکی هەبوو؟ **میشیل گیوم جان دو کیڕوکو**، کۆچەرێکی فەرانسە (نامەکانی جوتیارێکی ئەمریکایی) نووسی کە وێنەیەکی ئایدیالی ژیانی کۆچەری دەیەی ١٧٦٠ی دەردەبڕێ.

ئەم نووسینەی خوارەوە، لەکتێبی **پیج سمیس** بەناوی (ئێستا سەردەمێکی نوێ دەست پێدەکا)، کیروکو بەرگری لەم دیدو بۆچوونە دەکا کە ئەمریکایی لە هاوتا ئینگلیزەکانی، جودایە.

((*ئەی ئەمریکایی، ئەم پیاوە تازە پەیدابووە، کێیە؟*

*ئەو ئەمریکاییە کە هەموو حوکم و ئاکاری رابردووی خۆی وەلادەنێ، ڕێوڕەسمی نوێی ژیان کە ڕووبەڕووی بۆتەوە، قبوڵ دەکا، پێڕەوی لە حکومەتی نوێ دەکا، پێگەیەکی نوێ بەدەست دەهێنێ. ئەو لەباوەشی کراوەی خوێندنگە گەورەکەمان پێشوازی لێدەکرێ و بەم هۆیەوە دەبێتە ئەمریکایی. لێرە، کەسەکان لە هەموو میللەتان دەبنە ڕەگەزێکی تازەی مرۆڤەکان کە کارو هەوڵ و نەوەکانی ئایندەیان ڕۆژێك دادێ دەبێتەهۆی گۆڕانکارییەکی گەورە لەدنیادا ... ئەمریکایی مرۆڤێکی تازە*

*دەرکەوتووە و بەپێی پرەنسیپی تازە کاردەکا و لەم رووەوە دەبێ بیروڕای تازە وەربگرێ و بیری تازە فۆرمۆڵە بکا. ئەو، بێکاری سەپێنراو، وابەستەیی خزمەتکارانە، هەژاری و زەحمەتی بێبەری بواردووە و بەشێوەیەکی زۆر جیاواز رووی کردۆتە کار و هەوڵدان کە کرانەوە و خۆشگوزەرانی ژیان، بەرەکەیەتی. ئەمریکاییەك بەم شێوەیەیە.*

*کۆمەڵی ئەمریکایی وەك ئەوروپا دەوڵەمەندی گەورەی وای نییە کە هەموو شتێکیان هەیە و رەشەخەڵکیش هیچیان نەبێ ... دەوڵەمەند و هەژار بەو شێوەیەی لە ئەوروپا رەواجی هەیە، زۆر جیاواز نین ... ئێمە جوتیارین و لەسەر خاکێکی بەرفراواندا پەرش و بڵاو بووینەتەوە ... داوەکانی ئاوریشمی حکومەتێکی مامناوەندی بەیەکمان دەبەستێتەوە. هەموومان رێزی یاساکان دەگرین، بەبێ ئەوەی لە دەسەڵاتەکەی بترسین، چونکە ئەم یاسایانە لەسەر بنچینەی داد و ویژدان بنیات نراون.))*

دەیەیەك پێش راگەیاندنی سەربەخۆیی، یەکێتیی نێوان کۆچڕەونشینەکان ئەگەر نەکردە نەبوبێ، ئەگەری جێبەجێکردنی کەم بوو. جۆن دیکینسۆنی جوتیار و پارێزەر و سیاسەتمەداری پەنسلڤانیایی، لە نامەیەکدا لەساڵی ١٧٦٥ نووسی: ((ئێمە قەت ناتوانین ببینە خەڵکێکی سەربەخۆ، مەگەر خودی بەریتانیای مەزن ئەوکارە بکا و تەنیا رێگەی ئەم کارەش لەلایەن ئەوەوە، ئەمەیە کە پاشەکەوتکار، بێ ریا و یەککگرتوو، نارازیمان بکا))[١٦].





## تێزی یەکێتیی ئالبانی

ئینگلستان و فەرەنسە لە دنیای نوێدا دوو رکابەری سەرسەخت بوون. هەریەکێکیان بەدوای ئەوەدا دەگەڕا ئیدیعای خۆی بسەلمێنێ و لە بازرگانی و مامەڵەدا ئیمتیاز بۆ خۆی بەدەست بهێنێ. لەساڵی ١٧٥٤، داواکاری هەردولا لەسەر دەربەندی ئۆهایۆ شەڕی لێکەوتەوە. فەرەنسییەکان ئیدیعای موڵکایەتی ئەم ناوچەیەیان دەکرد و پەیوەندی بازرگانییان لەگەڵ سورپێستەکان زۆر بەسوود بوو.

لە حوزێرانی ساڵی ١٧٥٤، رێك چەند هەفتەیەك پێش دەستپێکردنی شەڕ، نوێنەرانی کۆچڕەونشینەکان لەگەڵ ١٥٠ رێبەری ئیروکوا لە ئالبانی، نیۆیۆرك کۆبوونەوە و مەبەستیش ئەوەبوو لەگەڵ یەکێتییە بەهێزەکەی ئیروکوا کە لەچەند هۆزێکی رەسەنی ئەمریکایی پێکهاتبوون، یەکبگرن. نوێنەرانی کۆچڕەونشینەکان هەروەها لەو مەسەلەیەشیان کۆڵییەوە کە چۆن دەتوانن بەهاوکاری یەکتر رێگە لەوشەڕە بگرن کە خەریکە دادەگیرسێ. **بنجامین فرانکلین**، نوێنەری پەنسلڤانیا، پێشنیاریکرد کۆچڕەونشینەکان بە بەکارهێنانی ئەنجومەنێکی نوێنەرایەتی هاوبەش کە هەڵبژێدراوی ئەنجومەنەکانی کۆچڕەوەکان و فەرمانڕەوایی گشتی سەربە شا(ی ئینگلستان) یەکبگرن. ئەم ئەنجومەنە دەبوایە لێپرسراوێتیی کاروباری

ڕۆژاوای گشت کۆچڕەونشینەکان –لەمەڕ بازرگانی، سیاسەتی ناوخۆی ئەمریکا، بەرگری– بە ئەستۆوە بگرێ.


ئەنجومەنەکانی کۆچڕونشینەکان دژی ئەم تێزە بوون. ئەوان هیچ بە پێویستیان نەدەزانی سەربەخۆیی خۆیان کەم بکەنەوە یان پەیوەندییەکانیان پەرەپێبدەن. پاشان فرانکلین گوتی کە تێزەکەی ئەو یارمەتی ئینگلستان و کۆچڕەونشینەکانی دەدا خۆ لەشەڕی یەکتر بپارێزن. ئەو، هەستی دەکرد کە ئەم تێزە:

*دەیتوانی بۆ هەردولا بەسوود و پیرۆزبێ ... کۆچڕەونشینەکان ئەگەر یەکیان بگرتبا، دەستەڵاتێکی تەواویان بۆ بەرگریکردن لەخۆ بەدەست دەهێنا و لەو بارەدا پێویستی نەدەکرد سەرباز لە بەریتانیاوە بێ، بەدڵنیاییەوە، خۆ لەو بیانووەی کە بۆ سەپاندنی باج لەسەر ئەمەریکا دادەتاشرا و ململانێ خوێناوییەکەی دوایی، بەدوور دەگیرا. بەڵام هەڵەی لەم جۆرە تازە نین. مێژوو پڕە لە هەڵەی حکومەت و فەرمانڕەواکان.*[17]





## شەڕی فەرەنسی و ئینگلیزەکان



هەرچەندە پێشنیارەکانی بنجامین فرانکلین سەبارەت بە یەکێتی کۆچەرنشینەکان بۆ بەرگری لەخۆکردن لەبەرانبەر فەرەنسییەکان جێبەجێ نەکران، دیدو بۆچوونەکانی لەئاکامدا یارمەتی دەرکەوتنی ئایندەی ئەمریکای دا

مشتومڕ لە دۆڵی ئۆهایۆ بووە هۆی هەڵگیرسانی شەڕێکی حەوت ساڵە لەگەڵ فەرەنسا. کۆچڕەونشینەکانی ئەمریکا، وەك رەعیەتی بەریتانی بۆ شەڕکردن لەتەك ئینگلیزەکان بۆ خزمەتی سەربازی بانگهێشت کران. سەیر لەوەدابوو ئەم شەڕە لەباتی ئەوەی نێوان ئینگلستان و کۆچڕەوەکانی خۆشتر بکا، گرژی نێوانیانی زیاترکرد.

ئەنجومەنەکانی کۆچڕەونشینەکان دژی دابینکردنی پارە و سەربازبوون بۆ ئەو شەڕەی ئینگلستان دەستی پێکردبوو. ئەم کارە ئینگلستانی زۆر توڕە کرد. ئینگلیزەکان باوەڕیان وابوو ئەم شەڕە بۆ داکۆکیکردن لە کۆچڕەوەکان بەرانبەر دەستدرێژی فەرەنسییەکان و پاراستنی مافە بازرگانییەکانە و لەبەر ئەوە دەبێ ئەم کۆچڕەوانە بەشێکی زۆری بودجەکە بەئەستۆوە بگرن.

ئەوشتەی لەهەمووی زیاتر ئینگلستانی توڕە دەکرد، ئەمە

بوو کە کۆچڕەوەکان بەدرێژایی شەڕ، خەریکی بازرگانیکردن لەگەڵ دوورگەکانی هیندی ڕۆژاوای ئیسپانیا و فەرەنسە (کە کەوتوونەتە ئەمریکای لاتین). ئینگلستان ئەم کارەی بە هاوکاری و هاوپشتی دوژمن لەقەڵەم دەدا.

کۆچڕەونشینەکانیش ڕۆژبەڕۆژ زیاتر لە سەربازانی بەریتانی بێزار و تووڕە دەبوون. بەریتانییەکان وەک ڕەعیەت نەک وەک تاکەکەس مامەڵەیان لەگەڵ میلیشیای کۆچڕەونشین دەکرد. بەپێی بڕیارە عەسکەرییەکان، ئەفسەرانی بەریتانیا فەرمانیان بەسەر سەربازانی کۆچەرنشین دەکرد، بەڵام ئەفسەرانی کۆچڕەونشیندا نەیاندەتوانی سەربازانی ئینگلیزی بخەنەژێر فەرماندەیی خۆیانەوە.

ئەنجومەنەکانی کۆچڕەونشینەکان لەسەر کۆنترۆڵکردنی میلیشیای کۆچڕەونشین لەگەڵ ئینگلستان کەوتنە بێنەوبەردەوە. میلیشیاکانیش بە بوونی سەربازی بەریتانی لەناوچەکانیان تووڕە ببوون.







شەڕی نێوان فەرەنسیەکان و ئینگلیزەکان، گرژی نێوان بەریتانیا و کۆچەرنشینەکانی زیاتر کرد

## ئاکامەکانی شەڕ

دوای شەڕێکی درێژخایەنی حەفت ساڵە، فەرانسە خۆی بەدەستەوەدا. بەپێی پەیماننامەی ئاشتی، فەرانسە ئەو ناوچەیەی ئێستا کەنەدایە و ئیسپانیای هاوپەیمانی فەرانسەش فلۆریدای ئێستای دابە ئینگلستان.

شەڕ کاریگەرییەکی قووڵی بەسەر پەیوەندی بەریتانیا و کۆچڕەنشینەکانی جێهێشت. دوای چەندان ساڵی پشتگوێ خستنی ئەو یاسایانەی بەهۆیەوە ئینگلستان مۆڵەتی بە کۆچڕەونشینەکانی ئەمریکا دابوو، خۆیان فەرمانڕەوایی خۆیان بن، بەریتانیا گەیشتبووە ئەو ئەنجامە کە کۆنترۆڵێکی توندتری

پێویستە. دوو یاسا بەزویی بڕیاریان لێدرا. ئینگلستان، نیشتەجێبوونی ئەوروپاییانی لە ڕۆژئاوای شاخەکانی ئاپالاچی قەدەغەکرد، بەو ئومێدەی خۆ لە بودجەی شەڕ لەگەڵ سوورپێستەکان دووربخاتەوە و ئەنجومەنی کۆچڕەونشینەکانیش لە بەکارهێنانی زیاتری پارەی کاغەز بۆ دانەوەی قەرزەکان، قەدەغەکرد. ئەوان دەبوایە لەباتی ئەوە، زێڕ بەکاربهێنن. مەبەست لەم یاسایە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هەڵاوسانە بەرزە بوو کە بەهۆی ئەو کۆچەرانەی لەدانەوەی قەرزی شەڕ زۆرتر پارەی کاغەزیان بەکاردێنا، دروست ببوو.

شەڕ کۆتایی هاتبوو، ئینگلستان، بە رووکەش بۆ پاراستنی کۆچڕەونشینەکانی لەبەرانبەر دەستدرێژییەکی تری دوژمنانی سەردەمی شەڕ، چەندان ئۆردووی سەربازی لە ئەمریکا هێشتەوە. بەڵام کۆچڕەنشینەکان گومانیان لەم کارە هەبوو. ئەوان لەوباوەڕەدابوون کە ئینگلستان مەبەستیەتی ئەو سەربازانە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەوان بەکاربهێنێ. تووڕەیی ئەوان کاتێ تەقییەوە کە بینیان، ئینگلستان دەیەوێ بودجەی مانەوەو ژیانی ئەو سەربازانە بخاتە ئەستۆی کۆچڕەنشینەکان.





## پەرلەمان باج بۆ کۆچڕەونشینەکان دادەنێ

شەڕی فەرەنسی و ئینگلیزەکان بودجەیەکی زۆری تێچوو. پەرلەمانی (ئینگلستان) بەدوای ڕێگەگەلێکدا دەگەڕا بتوانێ پارە بۆ کۆچڕەونشینەکانی ئەمریکا دابین بکا تا بۆ قەرزدانەوەی ئەوەی جۆرج گرنویل سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا ناوی نا (بودجەیەك کە لەخۆیانەوە سەرچاوەی گرتووە[18]) بەکاربهێنرێ. لەساڵی ١٧٦٤، پەرلەمان یاسای شەکری بڕیاردا کە باجی لەسەر هێنانی دادەنا. کۆچڕەونشینەکان ئاگایان لە توانای باجدان هەبوو. مافی بێ ئەملاولای پەرلەمان لە دانانی باج –مافێك کە لە شا وەرگیرابوو– زامنێکی گرنگی پاراستنی ماف بوو لەیاسای ئینگلستان. هەندێ کۆچڕەونشین داخوازی ئەوەبوون کە رەتکردنەوەی زووبەزووی دەستەڵاتی پەرلەمان لە دانانی باج بۆ ئەوان رابگەیەنرێ. ئەنجومەنی نیویۆرك داواکارییەکی نارد کە ناوەرۆکەکەی بەم شێوەیە، پوختە کردبۆوە:

*بەخشین لەباری باجی نەخوازراو و ناچاری، دەبێ ببێتە پرەنسیپی هەر حکومەتێکی ئازاد. بەبێ سپاردنی مافێکی لەم شێوەیە بۆخۆیان، بێجگە لە مافەکانی دیکە، نە ئازادی، نە خۆشبەختی نە ئاسایش بەرقەرار دەبێ، ئەمە لەخودی بیرۆکەی موڵکایەتی جودانابێتەوە، چونکە کێ دەتوانێ شتێك بەهی خۆی بزانێ کە بکرێ بەحەزی یەکێکی دیکە لێی زەوت بکرێ؟*[19]

بەڵام یاسای شەکر هەر بەتەنیا جۆرە باجێك نەبوو. ئەم یاسایە، لیستی ئەو بەرهەمانەی زیاتر دەکرد کە کۆچەرەونشینەکان دەیانتوانی بۆ بەریتانیای بنێرن و قاچاغی کەلوپەلەکانی زەحمەتتر دەکرد. سەربار، ئەم یاسایە مافی دادگاییکردنی بە ئامادەبوونی دەستەی دادوەران لەقاچاغی زەوت دەکرد و دەستەڵاتی بە قازییەکانی سەربە بەریتانیا دەدا، لەتەواوی فایلەکانی پەیوەست بە نەدانی باج بکۆڵنەوەو دادگاییان بکەن.

پەرلەمان گوێی بەکاردانەوەی کۆچەرەوەکان نەدا و رێك دوای ساڵێك یاسای پولی بڕیاردا. ئەم یاسایە کۆچەرەونشینەکانی مولزەم دەکرد پولی باج بکڕن و لە بەڵگەی یاسایی، رۆژنامە، بڵاوکراوە و کاغەزی گەمەکردن و شتی لەم جۆرەی بدەن. ئەم یاسایەش ئاستی مشتومڕی لەناو کۆچەرەونشینە ئەمریکاییەکاندا بەرزکردەوە. **جۆن ئادامز** لە یاداشتی رۆژانەی خۆیدا نووسیویەتیکە ئەم یاسایە:

*لەسەرانسەری کیشوەردا گیانێکی وروژاندووە و پەرەی پێداوە کە بۆ گشت نەوەکانی ئاییندە بەشانازی ئێمە دەنوسرێ. خەڵکی، هەتا لەخوارترین ئاستیشدا، بایەخێکی زۆرتر بە ئازادی خۆیان دەدەن و لەداکۆکی لێکردنیشی توندتر بووینە، بەشێوەیەکە لە رابردوودا وێنەی نەبووە. چاپەمەنییەکانی ئێمە*






*خەریکی گلەیی‌کردنن، پیاوە ئایینییەکانمان کەوتونەتە جۆش و خرۆشەوە، ئەنجومەنە یاسادانەرەکانمان قۆڵومەچەکیان لێهەڵماڵیوە، شارەکانمان رای خۆیان راگەیاندووە.* [20]

## کۆنگرەی یاسای پول

لە حوزێرانی ساڵی ١٧٦٥، کۆچەرەونشینانی ماساچوست کۆچەرەونشینەکانی دیکەیان بۆ کۆبوونەوەیەك بانگ کرد تا پێکەوە لە تەگەرەکانی بەردەم باجەکان بکۆڵنەوە. لە تشرینی یەکەم، کۆچەرەونشینەکان وەرامی ئەم بانگهێشتەیان دایەوە و یەکەمین کۆبوونەوەی نێوان کۆچەرەونشینەکان کە بە کۆنگرەی یاسای پول ناوی دەرکرد، لە نیویۆرك بەڕێوەچوو. نوێنەرانی نۆ کۆچەرەونشین لە کۆنگرە ئامادەبوون. چوار کۆچەرەنشینەکەی تریش پەیامیان بۆ کۆنگرە نارد کە




کۆچەرنشینەکان مولزەم بوون پولی باج لە تەواوی کەلوپەلەکان بدەن، ئەمەش نیشانەی ئەو باجە بوو کە دەدرایە بەریتانیا

ئەو کۆنگرەیە هەر بڕیارێ بدا، ئەوان پێی رازی دەبن.

لەکۆنگرەی یاسای پول، نوێنەرانی کۆچڕەونشینەکان بڕیاریان دا:

*پێویستی بێ ئەملاولای ئازادی خەڵك و مافی مسۆگەری تاکەکانی ئینگلیزە کە بەبێ رەزامەندی خۆیان یان نوێنەرانیان هیچ باجێك بەسەریان نەسەپێنرێ. لەبەرئەوەی خەڵکی ئەم کۆچڕەونشینانە لە ئەنجومەنی گشتی بەریتانیای گەورەدا نوێنەریان نییە و بەهۆی هەلومەرجی ناوخۆشیان ناتوانن هەیانبێ، تەنیا نوێنەرانی خەڵکی ئەم کۆچڕەونشینانە کەسانێکن خۆیان لێرە، ئەوان هەڵدەبژێرن و بێگومان هیچ باجێك ناتوانێ بۆ ئەوان دابنرێ، مەگەر لەلایەن ئەنجومەنەکانی نوێنەرەکانی خۆیانەوە بێ.*[21]

کۆنگرە، سەربار، تەئکیدی کردەوە کە یاسای پولی بەریتانیا مافە بنچینەییەکانی کۆچڕەونشینەکانی وەك تاکی ئینگلیزی، لەوانە مافی شکایەت لە شا و دادگاییکردن بە ئامادەبوونی دەستەی دادوەران، پێشێلکردووە. لەدواییدا رایگەیاند کە باجەکان ((گران و لەتوانابەدەر(ن))، ... و دانیان بەکردەوە، نەکردەیە))[22]

کۆچڕەونشینەکان گەیشتنە ئەو رایە کە یاسای پول قەدەغە بکەن. ئەوان خۆیان لە بەکارهێنانی پول بەدوورگرت و رۆژنامە و





بڵاوکراوەی بێپولیان خستە بازاڕەوە. لەچەندان شاردا، کاتێ کۆچڕەونشینەکان لەگەڵ کارمەندانی کۆکەرەوەی پول دەستەویەخە دەبوون، توندوتیژی و ئاژاوەی لێدەکەوتەوە. پەرلەمان، سێ مانگ دوای بڕیاردان لە یاسای پول، یاساکەی هەڵوەشاندەوە.

## ناسازگاری لە پەرەنسیپدا

ئاهەنگ گێڕان و شادی کۆچڕەونشینەکان زووبوو. ئەم هەڵویستەی کۆچڕەونشینەکانی ئەمریکا لەمەڕ ئەوەی ئینگلستان مافی ئەوەی نییە باجیان لەسەر دانێ، بەفیڕۆچوو. پەرلەمان، یەکسەر دوای هەڵوەشاندنەوەی یاسای پول، یاسایەکی ئاشکرای پەسەندکرد کە تەئکیدی دەکرد پەرلەمان ((دەسەڵات و توانایەکی تەواوی هەیە




کاریکاتۆرێکی سیاسی کۆن، خەڵکی بۆستۆن نیشان دەدا کە خەریکی سزادانی کارمەندێکی کۆکەرەوەی باجن

یاسا و ڕێوشوێنەکان لە متمانە و توانای پێویست بۆ ناچارکردنی کۆچڕەونشینەکان و خەڵکی ئەمریکا بە پێڕەوکردنی لەهەموو کاتێکدا، دەستبەکاربێ))[٢٣]، کێشمەکێش لەنێوان ئینگلستان و کۆچڕەنشینەکانی، جیاوازی بیروڕای بنچینەیی لەمەڕ حکومەتی هەڵبژێردراو بوو. سستمی حکومەتی ئینگلستان لەسەر ئەو باوەڕە دامەزرابوو کە پەرلەمان نوێنەری تەواوی هاووڵاتیانی ئیمپراتۆری بەریتانیا لە هەموو کۆلۆنییەکاندا (کۆچڕەونشینانەکانی) لەهەموو دنیایە. بەڵام کۆچڕەونشینانی ئەمریکا ڕێوشوێنی ئەنجومەنی هەڵبژێردراوی خەڵکیان لەلایەن خەڵکەوە خولقاندبوو کە بەوپێیە هەر ویلایەتێك نوێنەرانی خۆی هەڵدەبژارد تا پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی ناوچەیەکی تایبەتی بکەن. لە دیدی کۆچڕەونشینەکانەوە، ئەوان لەپەرلەمان هیچ (نوێنەرێکی واقیعی)یان نەبوو.

ئینگلستان لەو باوەڕەدا بوو کە دژایەتی لەگەڵ یاسای پول لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە پەرلەمان مافی دانانی باجی ناوخۆی نییە، بەڵام مافی دانانی باجی دەرەکی بە بەریتانیاییەکان دەدا. ئەمە تێگەیشتنێکی نادروست بوولە ویستی نەگۆڕی ئەمریکاییەکان بوو لەدژی هەموو یاساکانی باج کە بەبێ ڕەزامەندی ئەوان، بڕیاریان لێدەدرا.





## یاساکانی تاونیشیند

چارلس تاونیشیند، وەزیری دارایی بەریتانیا لەو باوەڕەدابوو کە هەڵوەشاندنەوەی یاسای پول لەترسان بووە و تەسلیم بوونی پەرلەمان گیانی فیتنەچێتی کۆچڕەونشینەکان، کارێکی ئاقڵانە نەبووە. ئەو لەساڵی ١٧٦٧ زنجیرە یاسایەکی پێشنیارکرد کە دەسەڵاتی شاهانەی لە کۆچڕەونشینەکاندا بەهێز دەکرد و پێداویستی ئامادەبوونی بەریتانیای لەوێ زیاتر دەکرد. یەکەمین یاسای ئەم زنجیرە یاسایانە، داخوازی هەڵپەساردنی چالاکی ئەنجومەنی نیویۆرك بوو بەهۆی ئەوەی پێڕەویان لەیاسای دابینکردنی ماڵ نەکردووە، ئەو یاسایە نیویۆرکییەکانی بە دانی بودجەی مانەوەی سەربازانی بەریتانی لەو کۆچڕەونشینانە مولزەم دەکرد. یاسای دووەم، یاسای دەرامەت، چەند باجێکی لەسەر هێنانی شوشە، قوڕقوشم، ڕەنگ، کاغەز و چای دادەنا-کە هەموو ئەم کەلوپەلانە بەپێی یاسای (کەشتیرانی) کە هێشتا کاری پێدەکرا، دەبوایە تەنیا لە ئینگلستان بکڕدرێن. یاسای دەرامەت، بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی، دەستەڵاتی فراوانتری بە دەستەیەکی تازەی کارمەندانی گومرگ دەدا و مۆڵەتە گشتییەکانی چاوەدێری دەکردە یاسایی.

کاردانەوەی کۆچڕەونشینەکان دژی یاساکانی تاونیشیند دەستبەجێ دەستی پێکرد. شەپۆلێك لە سەرگوتاری

ڕۆژنامەکان، بڵاوکراوە و بەڵگەی دیکە رایانگەیاند کە پەرلەمان مافەکانی کۆچڕەونشینەکان پێشێل دەکا. لەناو ئەم بەڵگەنامانە (نامەکانی جوتیارێکی پەنسلڤانیایی) هەبوو کە نووسەرەکەی جۆن دیکینسۆن بوو، لە دەسەڵاتەکانی پەرلەمان و چوارچێوەی ئەم دەسەڵاتانەی دەکۆڵیەوە و لە نامەیەکدا نووسی:

*پەرلەمان بێ هیچ دوودڵییەك ماخۆی دەسەڵاتی یاسایی ڕێکخستن و بازرگانی بەریتانیای مەزن و هەموو کۆچڕەوەکانیەتی ... دەسەڵاتێکی وا ... بۆ بەرژەوەندی هاوبەشی هەمووان پێویستە. (بەڵام) ئەگەر جارێك دانت پێدانا کە بەریتانیای مەزن دەتوانێ باج لەسەر هەناردەکانی بۆ ئێمە دابنێ، بەمەبەستی پارە وەرگرتن لە ئێمە، کارێکی دیکەی نییە ئەوە نەبێ باج لەسەر ئەو کەلوپەلانە دابنێ کە ڕێگە نادا خۆمان بەرهەمی بهێنین-تراژیدیای ئازادی ئەمریکایی کۆتایی دێ.*[٢٤]

کۆچڕەونشینەکان لەو باوەڕەدابوون کە گوشاری ئابووری باشترین چەکی ئەوانە و ڕێککەوتن لەسەرئەوەی کە هەموو ئەو کەلوپەلانە قەدەغە بکەن کە باجیان لەسەر دانرابوو. تا سەرەتای ساڵی ١٧٦٩، هەر سێزدە کۆچڕەونشین لەمەڕ نەهێنانی شتومەك گەیشتبوونە ڕێککەوتنێکی باش.






## نامەکانی جوتیارێکی پەنسلڤانیایی

جۆن دیکینسۆن، کە دواتر ڕەشنووسی پرەنسیپەکانی کۆنفیدارسیۆنی ئامادەکرد و لە ئەنجومەنی دەستووردا وەك نوێنەر ئامادەبوو، زنجیرە نامەیەکی نووسی تیایدا شکایەتی کۆچڕەونشینەکانی لەمەڕ ئیختیاری پەرلەمان، جێگیرکرد. دیکینسۆن لە دوازدەهەمین و دوا نامەدا بۆ ئینگلستان لەبارەی گوشاری لەرادە بەدەر بۆسەر کۆچڕەونشینەکان، ئاگاداری کردەوە. لێرەدا، بەشێك لەم نامەیە لەکتێبی (ئێستا سەردەمێکی نوێ دەست پێدەکا) نووسینی پیج سمیس، دەنووسینەوە:

*((لێگەڕێ ئەم ڕاستیانە لە زەینماندا نەخش بن و لەبیر نەچنەوە -کە ئێمە بێ ئەوەی ئازادبین ناتوانین خۆشبەخت بین- ئێمە بەبێ دابینکردنی ئاسایشی داراییمان ناتوانین ئازادبین- کە ئێمە ناتوانین لە ئاست دابینکردنی ئاسایشی داراییمان دڵنیابین ئەگەر کەسانی دیکە مۆڵەت بەخۆیان بدەن بەبێ ڕەزامەندی ئێمە، لێمان زەوت بکەن- کە بەهۆی باجی سەپێنراوی پەرلەمانەوە لێمان بسێنن- ئەو باجەی تەنیا بە مەبەستی پارە پەیداکردن دادەنرێ، هەر باجە- کە بەو هەوڵانەی بۆ جێگیرکردنی باجی وا دەکرێن، دەبێ دەستبەجێ و بەتوندی لەدژی ڕاوەستی- کە ئەم نارەزاییە هەرگیز ناتوانێ کاریگەربێ، ئەگەر لەهەوڵی یەکگرتوویی ئەم ویلایەتانەوە هەڵنەقوڵێ- لەبەر هەندێ، گیانی*



جۆن دیکینسۆن، کاریگەرانە دەربارەی بایەخی ئازادی قسەی دەکرد

*چاکەخوازی دەرهەق بەیەکتر و یەکێتی بیروبۆچوونی ئەنجومەنەکان بۆ خۆشگوزەرانی گشتی، رۆڵێکی سەرەکی هەیە- سەرەنجام، بەم بەڵگەیەوە، هەرکەس لەناو ئێمە کە بەهەر شێوەیەك هاندەری کێشمەکێش، جیاوازی، یان هەقمچییەی نێوان کۆچڕەونشینەکان بێ، دوژمنی خۆی و وڵاتەکەی خۆیەتی)).*

کۆچڕەونشینەکان تادەهات رێکخستنێکی باشتریان پەیدادەکرد. ئەنجومەنی ماساچوست، بە پێشنیاری **سامویل ئادامزی** نیشتمانپەروەری بوستونی، کۆمیتەیەکی رەسمی کردە لێپرسراوی دانانی زانیاری پەیوەست بە هەڵمەتەکانی بەریتانیا بۆسەر ئازادییەکانی کۆچڕەونشینەکان. ئەنجومەنەکانی تری کۆچڕەونشینەکانیش هەرزوو ئەم شێوازەیان پێڕەوکرد. ئەم کۆمیتانە هاوئاهەنگییان لەو نیشتمانپەروەرانە پێکهێنا کە ئامادەبوون بۆ تۆمارکردنی پێشێلکاری زیاتری مافی کۆچڕەونشینەکان، هاوکاری یەکتر بکەن.

یاساکانی تاونیشیند ئەو شتەی جێبەجێکرد کە شەڕی






فەرەنسە و ئینگلیز وەدینەهێنابوو، واتە بووە هۆکاری خولقاندنی یەکێتی نێوان کۆچڕەونشینەکان. پەیوەندی و هاوکاری نێوان کۆچڕەونشینەکان بووە کلیلی سەرکەوتنی ئەوان لەخەباتی داهاتوویان لەدژی ئینگلستان.

یاساکانی تاونیشیند، چەندە نەخوازراو بوون، ئەوەندەش بێئەنجام بوون. باجی هەناردەی بەریتانیا لەسەر کۆچڕەونشینەکان، کاریگەرییەکی ئیجابی لەسەر بازرگانی ئینگلستانەوە نەبوو، دەرامەتێکی زۆری نەبوو. پەرلەمان هەڵوەشاندنەوەی ئەم یاسایانەی خستە بەرنامەوە، بەڵام نەیدەویست ئەم هەنگاوە، بە پاشەکشێیەك لەبەرانبەر بەرەنگاریی ئەمریکاییەکان لەقەڵەم بدرێ. لەساڵی ١٧٧٠، رێبەرانی بەریتانیا گەیشتنە ئەم ئەنجامە کە باشترین رێگەچارە، هەڵوەشاندنەوەی هەموو یاساکانە، بێجگە لەیەکێك، باجی چای.

## تی پارتی (رووداوی چای)ی بۆستۆن

بە هەڵوەشاندنەوەی یاساکانی تاونیشیند، کۆچڕەونشینەکان کەوتنە بارێکی تا رادەیەك جێگیرەوە. بەڵام کەرستەی کەڵەکەبووی چای جارێکی دیکە گیانی شۆڕشگێڕی لە ئەمریکادا بەرزکردەوە. گرفت ئەودەمە دەستی پێکرد کە پەرلەمان لە ئایاری ١٧٧٣دا یاسای چای بڕیاردا. هەرچەندە ئەم مادە یاساییە باجی لەسەر چای کەم دەکردەوە، بەڵام مۆڵەتیشی

بە کۆمپانیای هیندی رۆژهەڵات دەدا، بەدزی بازرگانانی کۆچڕەونشین، راستەوخۆ لەناو وردە بازرگانەکاندا دابەش بکا.بەمشێوەیە، کۆمپانیای هیندی رۆژهەڵات دەیتوانی چای بەنرخی کەمتر لە چای هۆڵەندی کە بەقاچاغ دەهاتە ناو کۆچڕەونشینەکان، بفرۆشێ.



کۆچەرەکان لەدەستەی سوورپێستەکانی موهاوک، وەك نارەزاییەك لەبەرانبەر توندوتیژییەکانی بەریتانیا بۆ کۆنترۆڵکردنیان، لەبەرندەری بۆستۆن چای دەڕێژنە ناو دەریا

کۆچڕەونشینان یاسای چایان بە شێوازێك بۆ فێڵکردن لەدانی باجی چای، لەقەڵەمدا. ئەوان چای کۆمپانیای هیندی رۆژهەڵاتیان، چەندەش هەرزان با، نەدەویست. نیویۆرك و فیلادیلفیا چەند کەشتییەکی پڕی لە چایان گێڕایەوە





ئینگلستان، بەڵام فەرمانڕەوای ئینگلیزیی ماساچوست مۆڵەتی نەدا کەشتییە چا هەڵگرەکان بەندەری بۆستۆن بەجێبهێڵن. کۆچڕەونشینەکان سووربوون لەسەر ئەوەی مۆڵەتی فرۆشتنی چای لە ئەمریکا نەدەن. لە ١٦ی کانونی یەکەم، کۆمەڵێ پیاو کە ببونە دەستەی سوورپێستەکانی موهاك، بەنهێنی چوونە ناو کەشتییەکان و چلوپێنج تەن چایان رشتە ناو دەریاوە.

بەپێچەوانەی جولانەوەی خەباتگێرانی رابردوو، رووداوی چای بۆستۆن وەك یاخیبوونێکی بە بەرنامە و باش داڕێژرابوو. هەروەك (پیج سمیس)ی مێژوونووس باسی دەکا:

*رێبەرانی نیشتمانپەروەر چاوەدێرییەکی وردیان دامەزراندبوو. لەناو موهاو کە بەوردی فێرکراوەکان، ئاژاوەگێرانێکی کە لە بەندەری بۆستۆن چای بڕژێننە ناو دەریاوە، نەبوون. ئەوان، لەوانەیە ئەندامانی کۆمەڵەیەك بووبن کە لەوانەبوو جارێکی تر تفەنگیش هەڵبگرن. بەڵام ئەگەر ئەوان کارێکی وایان کردبێ، دژی ئەو رێوشوێنانە بووە، نە دەربڕی هەستی لەناکاوی رەشەخەڵکێك.*[25]

## پەرلەمان بودجە زیاد دەکا

ئینگلستان خۆی لە پاشەکشێ یان ئاشتبوونەوە، لادا. لەباتی ئەوە، پەرلەمان چەند پرۆژەیەکی بڕیار لێدا کە مەبەست گۆشەگیرکردنی کەسانی توندڕەو لە ماساچوست و ترساندنی

كۆچڕەونشینە میانڕۆكان و ناچاركردنیان بە ملكەچكردن بوو.

پەرلەمان داواكاری قەرەبووكردنەوەی ئەو چایە بوو كە فەوتابوو، بۆ ئەم مەبەستەش بەندەری بۆستۆنی تا دانی پارەكە داخست. پاشان یاسایەكی بڕیارلێدا كە دەستەڵاتەكانی ئەنجومەنی نوێنەرانی كۆچڕەونشینەكانی بەرتەسك دەكردەوە و دەستەڵاتی تازە و فراوانی بە فەرمانڕەوای ئینگلیزی دەدا و ئەنجومەنی نوێنەرانی لە مافی هەڵبژاردنی شورای فەرمانڕەوایی بێبەش دەكرد. كاربەدەستانی حكومەتی ماساچوست ئەگەر بە ئەنجامدانی تاوانێك تۆمەتبار كرابان، لە ئینگلستان دادگایی دەكران.

كۆچڕەونشینان لەو تێزانەی مۆری (یاسای بەرگەنەگر)یان لێدابوون، تووڕە بوون. خەڵكی لەكۆچەرنشینانیتر، وە ئەوەی بەریتانیا بەئومێد بوو وازیان لە ماساچوست نەهێنا. بەپێچەوانەوە، گفتیاندا لە بەرگریكردن لەماساچوست و هەر كۆچڕەونشینێكی تر كە لەمافەكانی بێبەش دەكرێ، یەكبگرن و هاوكاری یەكتر بكەن.

## یەكەمین كۆنگرەی كۆچەرنشینان

لە ئەیلولی ١٧٧٤، پەنجاوپێنج نوێنەر لە دوازدە كۆچڕەونشین لە یەكەمین كۆنگرەی گشتی لە فیلادیلفیا، كۆبوونەوە. ئەوان (یاسا بەرگەنەگرەكانیان) بە نایاسایی ڕاگەیاند و تەئكیدیان





كردەوە كە پەرلەمان بەبێ ڕەزامەندی كۆچڕەونشینان مافی دانانی باجی بەسەر ئەوانەوە نییە. ئەوان بڕیاریاندا تەواوی بازرگانی لەگەڵ ئینگلستان –چ هاوردە و چ هەناردە– بایكۆت بكەن. ئەم بایكۆتە تا ئەوكاتەی ئینگلستان كۆتایی بە هەموو نادادپەروەرییەكانی دەهێنا، بەردەوام دەبوو. كۆچڕەونشینان، بەمەبەستی هاوكاری ئەم مەسەلەیە، (كۆمەڵەیەكی كۆچڕەونشینانیان) دروستكرد كە هەموو (كۆمیتەكانی هاوئاهەنگی)ی سەرەتایی دەگرتەخۆ.

ئەو باسانەی لەنێو یەكەمین كۆنگرەی كۆچڕەونشینان كران، نیشانی دەدا كە كۆچڕەونشینەكان تا كوێ هەنگاویان نابوو. یەكەمینجار بوو كۆچڕەونشینەكان بەرژەوەندییە هاوبەشەكانیان خستبووە سەرووی جیاوازییەكانیان. **پاتریك هێنری**، لە گوتارێكدا لەكۆنگرە گوتی: ((لەنێوان ڤێرجینیایی و پەنسلڤانیایی و نیویۆركی و نیوئینگلەندییەكان لەمەبەدوا جیاوازییەك نییە. من ڤێرجینیایی نیم، بەڵكو ئەمریكاییم))[٢٦]
كۆچڕەونشینان خەریكبوون ناسنامەیەكی نیشتمانیان دروست دەكرد، ناسنامەیەك كە بەرەنگاربوونەوەیەكی سەختی لەبەرانبەر دیكتاتۆریەتی بەریتانییەكان پەروەردە دەكرد.

## گوللەیەك كە لە هەموو دنیادا دەنگی دایەوە

کۆچڕەونـشینان ئامـادەبوون پـێ لەسـەر قـسەکانی خۆیـان دابگـرن. یەکـەی میلیـشیای ناوخۆیـان پێکهێنـاو کەوتنـە کۆکردنەوەی چەك و تەقەمەنی. لە ماساچوست کە ببووە بنکەی نارەزاییەکان دانیشتوان فێر دەکران و داوایان لێدەکرا تەیار و ئامادەبن و هەر لەبەر هەندێش ئەوان بەکەسانی ئامادەی خزمەت ناسران.

لە نیسانی ١٧٧٥ کە سەربازانی بەریتانی بەرەو کۆنکۆرد لە ماساچوست نێردران بۆ کۆکردنەوەی چەکی کۆچڕەونشینەکان، کەسانی ئامادەی خزمەت ئامادەبوون. کاتێ سەربازانی بەریتانی چوونە ناو لکسینتۆن، نزیکەی حەفتاکەس لەدەوروبەری شار کۆبوونەوە کە **پۆل ریڤەر** لەپێشەوە دەڕۆیشت و بەڵام ژمارەیان لە بەریتانییەکان زۆر کەمتر بوو. ڕێك لەو دەمەی ئەوان دەیانویست بڵاوەی لێبکەن، گوللەیەك تەقێنرا. هەرگیز نەزانرا کێ ئەو (گوللەیەی تەقاند کە لەسەرانسەری دنیادا دەنگی دایەوە)، بەڵام دوای ئەوە ڕێژنەی گوللە داباری. لەماوەی چەند دەقیقەیەکدا، هەشت ئەمریکایی کوژران و دەکەسی دیکەش بریندار بوون. ئەمانە یەکەمین قوربانی شۆڕشی ئەمریکا بوون.

بەریتانییەکان لە چوونە کۆنکۆرد بەردەوام بوون. بەڵام کۆچڕەونشینە ئەمریکاییەکان ئامادە نەبوون مۆڵەت بدەن ئەوان







پردی ریویر، بزاوە بەناوبانگەکەی ئەنجام دەدا

بە ئاسانی بگەنە ئەوێ. بەردەوام هەڵمەتیان دەکردە سەریان و لەپشت دار و خانووەکان تەقەیان لێدەکردن. کاتێ بەریتانییەکان گەیشتنە کۆنکۆرد، کۆچڕەونشینەکان یەکیان گرتەوە و دەستەیەکی نوێیان پێکهێنا و ناچاریان کردن پاشەکشێ بکەن. بەدرێژایی ڕێگەی گەڕانەوە بۆ بۆستۆن هەڵمەتەکانیان بۆسەر سەربازانی بەریتانی درێژە پێدا. کاتێ شەڕ کۆتایی هات، ژمارەی کوژراو و برینداری بەریتانی گەیشتە زیاتر لە ٢٧٠کەس، لەبارێکدا زیانی ئەمریکاییەکان لە ١٠٠ کەس کەمتربوو. کۆچەرنشینەکان ئەم شەڕیان بەسەرکەوتن زانی. بۆ هەردولا سەلما کە میلیشیای کۆچڕەونشین هەم حەزی لەشەڕە و هەم دەشتوانێ شەڕ بکا.

## ورەی شۆڕشگێڕانە

لە دەیەی ١٧٧٠دا، رۆژنامەكان بە ئاشكرا لەچاكەكانی سەربەخۆیی دەدوان. ئەم شیعرەی **فلیپ فیرنۆ** كە لەكتێبی پیج سمیس دا بەناوی (ئێستا سەردەمێكی نوێ دەست پێدەكا) چاپكراوەتەوە، نمونەیەكە لەو ورە شۆڕشگێڕییەی كە كۆچڕەو نشینەكانی پڕ كردبوو.

*ماوەیەكی زۆرە وڵاتە بەسەبرەكەی ئێمە زنجیر كراوە*

*ماوەیەكی زۆرە سامانەكەمان، لەلایەن دەستە چاوچنۆكەكانی بەریتانیا بەتاڵان دەبرێ:*

*بۆچی دەبێ هێشتاش دیلی ئەو وڵاتە دوورە بین؟*

*بۆچی دەبێ هێشتاش ملكەچی فەرمانەكانیان بین؟*

*دەستەویەخەی سەردەمێكی بە بەڵاین و ئەوان گاڵتە بە داواكارییەكانمان دەكەن:*

*ئەمە هەوڵەكانی خۆمانە كەدەبێ ئازادمان بكەن ...*

*لەدەستی لۆرد نورسی هیچ‌وپوچ كە دیلی كردوین،*

*لەدەستی شایەكی گێل كە بەبێ مێشك لەدایكبووە،*

*لەدەستی دوورگەیەك كە هەڕەشە دەكا، خۆی گیڤ دەكاتەوە و جوێن دەدا،*

*ئارەزوو، نزاكانم بۆ ئاسمان دەنێرم*

*كە ئێمە، پەرش و بڵاوەكان، لەوانەیە ببینە پیاوی ئازادی*


*و بەریتانیا بەڕێگەی خۆیدا بڕوا — و ئەگەر دەیەوێ، بۆ جەهەنەم.*





## هەستی هاوبەش

كاتێك یەكەمین گوللەی شەڕی سەربەخۆیی ئالوگۆڕكرا، لە دڵ و زەینەكانیش شۆڕشێك رویدا. كۆچڕەونشینەكان بە زوویی قەناعەتیان كرد كە دابڕان لە بەریتانیا تەنیا رێگەی هەڵاتن لەباجی كەمەرشكێن و هەڕەشەكانی پەرلەمانە. سەرگوتاری رۆژنامەكان، بڵاوكراوەكان و راگەیەنراوەكان كەوتنە هێرش بۆسەر ئینگلیزەكان و داواكاری سەربەخۆییان دەكرد.



COMMON SENSE;

ADDRESSED TO THE

INHABITANTS

OF

AMERICA,

On the following interesting

SUBJECTS.

I. Of the Origin and Design of Government in general, with concise Remarks on the English Constitution.

II. Of Monarchy and Hereditary Succession.

III. Thoughts on the present State of American Affairs.

IV. Of the present Ability of America, with some miscellaneous Reflections.

Man knows no Master save creating HEAVEN,
Or those whom choice and common good ordain.
THOMSON.

PHILADELPHIA;
Printed, and Sold, by R. BELL, in Third-Street.
MDCCLXXVI.

**هەستی هاوبەش، نووسراوێك كە تۆماس پین نووسیبووی، كۆچەرەكانی بۆ دابڕین لە بەریتانیا و پێكهێنانی میللەتێكی سەربەخۆ هان دا**

لەناو خۆشەویستترین بڵاوکراوەی ئەم سەردەمە، بڵاوکراوەیەکی پەنجا لاپەڕەیی بەناوی (**هەستی هاوبەش**) هەبوو نووسەرەکەی **تۆماس پین** بوو. بەپێچەوانەی گەلێ کتێبی سیاسی کە بنەماکەیان ئایدیۆلۆژیای شۆڕشگێڕی بوو، (هەستی هاوبەش) بۆ کەسانی ئاسایی نووسرابوو. دەرخەری ناخۆشییەکانی کۆچڕەونشینانی ئەمریکا بوو، هێرشی دەکردەسەر شا جۆرجی سێیەم و پیاوماقوڵانی بەریتانیا. (هەستی هاوبەش) لەرەخنە لە حکومەتی بەریتانی تێدەپەڕاند و کۆچەرنشینەکانی بۆ دەستبەکاربوون، هان دەدا. پین بەڵگەی دێناوە کە کۆچڕەونشینەکانی ئەمریکا ئیلتیزامێکی ئاکارییان هەیە ببنە میللەتێکی سەربەخۆ و دەستەڵاتی فەرمانڕەوایی لەدەستی هاووڵاتیانی و نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانی ئەواندابێ:

هەرکەسێك هەق و ماقوڵە، داکۆکیکاری جیابوونەوەیە. خوێنی کوژراوان، دەنگی لاواندنەوەی سروشت بانگ دەکا کە ئێستە سەردەمی جودابوونەوەیە. هەتا ئەو ماوەیەی خودا خستوویەتییە نێوان ئینگلستان و ئەمریکا، شایەدێکی بەهێزو سروشتی ئەوەیە کە هەژموونی یەکێك بەسەر یەکێکی تردا هەرگیز تێز و تەگبیری خودا نەبووە ... ئەمەی کە راپۆرتێك یان داواکارییەك هەمیشە دەبێ سێ چوار هەزار میل ببڕێ و چوارپێنج مانگ چاوەڕوانی وەڵامێك بێ، کاتێکیش هاتەوە، پێنج شەش مانگی دیکەیشی پێویستە تا هۆیەکەی روون بێتەوە، تا





چەند ساڵێکی تر گێل و نەفام دێتە بەرچاو. سەردەمێ ئەم شێوازە راست بوو، ئێستا رێك ئەو سەردەمەیە کە دەبێ وازی لێبهێنرێ.[٢٧]

هەستی هاوبەش بەخێرایی رەواجی پەیداکرد و بووە کتێبی هەمووان. ١٥٠ هەزار دانەی تەنیا لەماوەی شەش مانگدا فرۆشراو هەر دانەیەکی دەست بەدەست دەگەڕا، بەشێوەیەك زیاتر لە ملیۆنێك ئەمریکایی –واتە نزیکەی نیوەی دانیشتوان– خوێندیانەوە. مێژوونووس **پیج سمیس** دەڵێ (ئەگەر بگوترێ ئەم کتێبە سەرکەوتووترین بڵاوکراوەی سیاسی بووە لە مێژوودا، لەوانەیە مافی بابەتەکە نەدرابێ. هەستی هاوبەش شتێکی دەگمەنە)[٢٨]

هەروەك خۆشەویستیی هەستی هاوبەش نیشانی دەدا، بیری ئۆتۆنۆمی زەینی کۆچڕەونشینەکانی داگیرکردبوو. کۆچڕەونشینەکان حکومەتێکیان دەویست وەڵامدەرەوەی داخوازی و بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان بێ. ئەوان دەیانویست لە بڕیارەکانی حکومەتدا مافی راگەیاندنی بیروبۆچوونی خۆیان هەبێ. ئەوان ئارەزووی رزگاربوون لە دیکتاتۆری و گفتی بێبناغەیان دەکرد. ئارەزووەکانی ئەوان لە (راگەیەنراوی سەربەخۆیی)دا رەنگی دایەوە. دواتر، ئەم ئارەزووە، ئامانجانە بوونە پرەنسیپی دەستووری نوێ.

## هەستی هاوبەش

لە هەراو زەنای شۆڕشدا، **تۆماس پین** کە کۆچڕەوێکی تازە هاتووی ئینگلستان بوو، بڵاوکراوەیەکی پەنجا لاپەڕەیی بڵاوکردەوە و دڵ و گیانی هاووڵاتیانی داگیرکرد. هەستی هاوبەش تەئکیدی دەکرد کە کۆچڕەونشینەکانی ئەمریکا لەلایەن بەریتانیای مەزنەوە دەچەوسێنرێنەوە و پاراستنی پەیوەندی لەگەڵ شای ئینگلستان هیچ قازانجێکی بۆ ئەوان نییە. لەم چەند پەرەگرافەی خوارەوەدا کە لە کۆبەرهەمەکانی پین وەرگیراوە، داوا لە هاورەگەزە ئەمریکاییەکانی خۆی دەکا کۆڵ نەدەن و شەڕبکەن.

((هەرکەسێك هەق و ماقولە، داکۆکیکاری جودابوونەوەیە. خوێنی کوژراوان، دەنگی لاواندنەوەی سروشت بانگ دەکا کە ئێستە سەردەمی جودابوونەوەیە. هەتا ئەو ماوەیەی خودا خستوویەتییە نێوان ئینگلستان و ئەمریکا، شایەدێکی بەهێزو سروشتی ئەوەیە کە هەژموونی یەکێك بەسەر یەکێکی تردا هەگیز تێز و تەگبیری خودا نەبووە ... بەڵگە داتاشین بۆ ئەوەی سیستمی گشتی شتەکان، تەواوی نمونەکانی سەردەمانی زوو، بۆ قبوڵکردنی ئەوەی کە ئەم کیشوەرە دەتوانێ بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ سەربە هەر دەسەڵاتێکی دەرەکی بمێنێتەوە، بێزراوە ... ئەوپەڕی کۆششی ئاوەزی مرۆڤ ناتوانێ لەم سەردەمەدا بەبێ






جودایی، لە تێزێك کە بتوانێ هەتا ئاسایشی یەك ساڵی ئەم کیشوەرە دابین بکا، بگا...

ئەمەی کە راپۆرتێك یان داواکارییەك هەمیشە دەبێ سێ چوار هەزار میل ببڕێ و چوارپێنج مانگ چاوەڕوانی وەڵامێك بێ، کاتێکیش هاتەوە، پێنج شەش مانگی دیکەیشی پێویستە تا هۆیەکەی روون بێتەوە، تا چەند ساڵێکی تر گێل و نەفام دێتە بەرچاو. سەردەمێ ئەم شێوازە راست بوو، ئێستا رێك ئەو سەردەمەیە کە دەبێ وازی لێبهێنرێ.

حکومەتێك کە هی خۆمان بێ، مافێکی سروشتی خۆمانە: کاتێ مرۆڤ لەمەڕ ناجێگیری کاروباری مرۆیی بەجدی بیردەکاتەوە، دەگاتە ئەو قەناعەتە کە گەلێ ئاقڵانە و دڵنیاترە کاتێ لە توانامانداییە، دەستووری خۆمان بەشێوازێکی ئارام و بەتەگبیر بخولقێنین، تا کارێکی گرنگی لەم جۆرە بە زەمان و شانس بسپێرین.

ئێستا دوا داوی پەیوەندی پچڕاوە



تۆماس پین، (هەستی هاوبەش)ی نووسی کە زۆربەی خەڵکی دەیانخوێندەوە

... هەندێ برین هەن سروشت ناتوانێ ساڕێژیان بکا ... تۆ کە مرۆڤایەتیت خۆش دەوێ! تۆ کە جورئەت دەکەی

*لە بەرانبەر تەنیا دیکتاتۆری، بەڵکو زالم راوەستی، بۆ پێشەوە هەنگاوبنێ ! گشت ناوچەکانی دنیای کۆن زوڵم و ستەم دایپۆشیوە. ئازادی لەسەرانسەری دنیادا کەوتۆتە بەرتاڵان ... باوەش بۆ ئاوارەکان بکەرەوە و لەکاتی خۆیدا جێگەیەکی لەباروگونجاو بۆ مرۆڤایەتی ئامادە بکە)).*

## کۆنگرەی کۆچڕەونشینان دەنگ بۆ سەربەخۆیی دەدا

بەهۆی گەرمتربوونی جۆش و خرۆشی هەستی گشتی بەقازانجی سەربەخۆیی، ئەنجومەنەکانی کۆچەرنشینەکان زۆر بەجدی لەبارەی سەربەخۆییەوە دەدوان. لە حوزێرانی ١٧٧٦ **ریچارد هینری لی**، جوتیاری ناودار و نوێنەری ڤێرجینیا، راگەیەنراوێکی لە بەرانبەر کۆنگرەی کۆچڕەونشینان خوێندەوە:

بڕیار دەدرێ: کە ئەم کۆچڕەونشینە یەکگرتووانە ویلایەتی ئازاد و سەربەخۆن و بەراستیش دەبێ سەربەخۆبن و ئەوان هیچ جۆرە وەفادارییەکیان بۆ شای بەریتانی نییە و هەرجۆرە پەیوەندییەکی سیاسی لەنێوان ئەوان و حکومەتی بەریتانیای گەورە بەتەواوی هەڵدەوەشێتەوە و دەبێ هەڵوەشێتەوە.[٢٩]

دوای گفتوگۆیەکی زۆر، دوازدە کۆچڕەونشین دەنگیان بۆ راگەیەنراوەکەی لی دا. ((نیویۆرک، کە خاوەنی دانیشتوانێکی زۆری لویا لیست بوو، ئەوان لایەنگری پاراستنی پەیوەندی لەگەڵ ئینگلستان بوون، بەشداری دەنگدانی نەکرد)). کۆنگرە،






کۆمیتەیەکی بۆ ئامادەکردنی بەڵگەنامەیەك بۆ بەرقەراری ئازادی و روونکردنەوەی بەڵگەکانی پچڕاندنی پەیوەندی لەگەڵ ئینگلستان راسپارد. **تۆماس جیفرسۆن**، یاساناسێکی لاوی خەڵکی ڤێرجینیا، بۆ ئامادەکردنی رەشنووسەکە هەڵبژێردرا، بەگوتەی جیفرسۆن، ئامانجی ئەم بەڵگەنامەیە ئەمەبوو کە ((دەرکێکی هاوبەش لەبارەی بابەتەکە بخاتە بەردەمی مرۆڤایەتی، بەشێوەیەکی وا روون و یەکلاکەرەوە کە ببێتە مایەی رەزامەندی ئەوان)).

جیفرسۆن، لە (راگەیەنراوی سەربەخۆیی)دا تەئکیدی کرد کە ئامانجی سەرەکی حکومەت پاراستنی مافی (ژیان، ئازادی و داواکاری خۆشگوزەرانی)یە. هەموو مرۆڤەکان ماخۆی مافی بێ ئەملاوئەولان کە هیچ حکومەتێك ناتوانێ لێیان بستێنێ. سەربار، دەسەڵاتی حکومەت لە رەزامەندی هاووڵاتییەکانییەوە سەرچاوە دەگرێ. لەبەر ئەوەی ئینگلستان بەپێی ویژدان و دادپەروەری حوکمی نەگێڕابوو، خەڵکی ئیدی رازی نەبوون ئینگلستان حوکمیان بکا. لەم رووەوە، راگەیەنراوی سەربەخۆیی مافی کۆچەرنشینەکانی لە وەدەستخستنی سەربەخۆیی دا، بەرەسمی دەناسی.

ئەو دیدو بۆچوونانەی لە راگەیەنراوی سەربەخۆییدا خراونەتەڕوو، ئەمڕۆ بەئاسانیی دێنە بەرچاو، بەڵام لە سەدەی

هەژدەدا تووندڕەو بوون. هەروەك مێژوونووسێك ڕوونی دەکاتەوە، ((لەساڵی ١٧٧٦، ئەو پرەنسیپەی کە دەڵێ هەموو مرۆڤەکان بەیەکسانی خولقاون، ئەوەی کە حکومەتەکان دەستەڵاتی خۆیان لە ڕەزامەندی خەڵکییەوە وەدەست دەهێنن، یان ئەوەی کە هۆی بوونی حکومەتە باشەکان، پاراستنی مافە خوداییەکانە، شتێکی سادە نەبوون.))[٣٠]



ئەندامانی دوەمین کۆنگرەی کۆچەرنشینان بۆ مۆرکردنی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کۆبوونەتەوە



دامەزرانی ئەمریکاو دەستوورەکەی

## پێویستیی حکومەتێکی نوێ

لە چواری تەموزی ١٧٧٦، نوێنەرانی دووەمین کۆنگرەی کۆچەرنشینان ڕاگەیەنراوی سەربەخۆییان مۆرکرد. بەقەڵەمێك، کۆچڕەونشینەکان پێیان لەسەر مافی خۆیان لە ئازادبوون، داگرت. بەڵام ڕاگەیەنراوی سەربەخۆیی، لە ڕوونکردنەوەی ئەوەی ویلایەتە نوێکان چۆن حوکمی خۆیان دەگێڕن، کەموکورتی هەبوو. ئەوان دەبوو بەچ شێوەیەك هاوکاری یەکتریان کردبا؟ کێ دەبوایە بڕیاربدا کە کاریگەری بەسەر هەمووانەوە هەبوو؟ ڕێبەران دەبوو بەچ شێوەیەك هەڵبژێردرێن؟.

دامەزرێنەرانی ویلایەتە یەکگرتووەکان تێگەیشتن کە سیستمێکی نوێی حوکم پێویستە. ئەوان هەروەها هەستیانکرد پێویستیان بە خولقاندنی یەکێتیەکە بۆ زاڵبوون بەسەر ئینگلستاندا. بەم مەبەستە، بڕیاریاندا ((کاریگەرترین هەنگاو بەمەبەستی پێکهێنانی ئەم یەکێتییە، بنێن)) و ((تێزی یەکێتییان ئامادەکرد و بۆ لێکۆڵینەوە و بڕیار لێدانی بۆ کۆچڕەونشینەکانیان نارد)).[٣١] ئەم پرەنسیپانەی کۆنفیدراسیۆن (یەکێتی) یەکەمین هەوڵی میللەت بۆ ئۆتۆنۆمی بوو.

## دیدی شا جۆرج لەبارەی راگەیەنراوی سەربەخۆیی

شا جۆرجی سێیەم، راگەیەنراوی سەربەخۆیی بەکارێکی جەسوورانەی چەند رێبەرێکی یاخیبوو دەزانی کە نە تەنیا ئاسایشی کۆچڕەونشینەکانی، بەڵکو رژێمی بازرگانی دەخستە مەترسییەوە. ئەو لە ٣١ی تشرینی یەکەمی ١٧٧٦ لە ئەنجومەنی ئەعیان ئەم گوتارەی دا، کە پوختەیەکی لەکتێبی دەمە مێژووییەکان: لێکدانەوە جیاوازەکانی رابردووی ئەمریکا، نووسینی **جیم ئار مەککلان**، وەرگیراوە:



شا جۆرجی سێیەم دەربارەی بڕیاری زۆربەی کۆچەرەکان بۆ دابڕان لە بەریتانیا، حوکمێکی زۆر هەڵە و بێوژدانانەی دا

((ئەو رێبەرانەی حکومەت و دەسەڵات هەمیشە هۆی نارەزاییان بووە، ئەوەندە جەسوور و سەرکەشن کە ئێستا بەئاشکرا وەفاداری بۆ شا بەتەواوی رەتدەکەنەوە: ئەوان جورئەتیان بەخۆیان داوە یەکێتییە یاخیبووەکانی خۆیان بۆ ویلایەتە سەربەخۆکان دروست بکەن. ئەگەر خیانەتی ئەوان پێبگرێ، کارەساتێکی گەورەی لێدەکەوێتەوە و توشی ئاسایشی کۆچڕەونشینە






وەفادارەکانی من، بازرگانی قەڵەمڕەوی من و لەواقیعدا، سیستمی ئێستای تەواوی ئەوروپا دەبێ و تەشەنە دەکا. بەڵام ئیمتیازێکی گەورە لەو نارەزاییەی یاخیبووەکان دەکەوێتەوە کە بەئاشکرا دەگوترێ و بەڕوونی دەرك دەکرێ، ئێمە لە نیشتمانەکەماندا یەك هەڵوێستمان هەیە، کە ئەویش بنچینەکەی باوەڕی گشتی بە دادپەروەری و پێویستیی هەنگاوەکانمانە)).

## (٣)

## هەوڵدان بۆ ئۆتۆنۆمی

**لە ٤ی تەموزی ١٧٧٦ كە راگەیەنراوی سەربەخۆیی مۆركرا، سێزدە كۆچەرنشین رایانگەیاند ئیدی ئینگلستان حوكمیان ناگێڕێ. ئێستا ئەوان پێویستیان بە خولقاندنی سیستمێكی فەرمانڕەوایی نوێ هەبوو. بەم شێوەیە، یەكێك لە گەورەترین ئەزمونەكانی مێژووی سیاسی دەستی پێكرد.**

**لێپرسراوە نوێكانی ئەمریكا تێگەیشتن كە بوارێكی بێهاوتایان لەبەردەمدایە بۆ ئەوەی حكومەتێك لەسەر بنەمای پرەنسیپەكانی خۆیان دامەزرێنن. جۆن جی، یاسانასی بەرێزی نیویۆركی كە پاشان بووە یەكێك لە داكۆكیكارە بەرجەستەكانی دەستوور، لەساڵی ١٧٧٧دا نووسی:**



**یاساناس جۆن جی لەو باوەڕەدابوو كە سەربەخۆیی لە بەریتانیا، بوارێكی بێهاوتای بۆ كۆچەران رەخساندووە تا حكومەتێك لەسەر بنچینەی بەرزترین ئامانجەكانی خۆیان دابڕێژن**

***ئەمریكاییەكان یەكەمین***

***خەڵکن خودا گەورەی کردوون، هەڵی لێکۆڵینەوە و هەڵبژاردنی شێوە حکومەتێکی بۆ رەخساندون کە ئەوان لەسایەیدا دەژین. گشت دەستوورەکانی دیکە، بوونی خۆیان لە هەلومەرجی توندوتیژی یان چاوەڕوان نەکراو وەرگرتووە و لەم رووەوە لەوانەیە زۆریان مابێ تەواو گەشەی خۆیان بکەن، ئەگەرچی لەبەردەستی ئێمەدانییە، بەڵام بە رێنوێنی ئەقڵ و ئەزموون، نزیکبوونەوە لێی مومکینە.***[32]

کاتێ دامەزرێنەران پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ ئینگلستاندا پچڕاند، ئەو سیستمەیان وێرانکرد کە بەهۆیەوە حوکمیان دەکرا. پەیماننامەی کۆچەرنشینەکان ئیدی جێگەی متمانە نەبوون. نیشتمانپەروەری ئەمریکایی بە دەرککردنی پێویستیی جێگۆڕکێی سیستمی حوکمی کۆچڕەنشینی، خەریکی ئامادەکردنی رەشنووسی دەستوورێکی نوێ بوون کە تیایدا پرۆژەیەکی گشتی حوکمیان لەئاستی ویلایەتەکان دەستنیشان دەکرد.

دامەزرێنەران تێگەیشتن کە ئەوان، بەمەبەستی زاڵبوون بەسەر بەریتانیاییەکاندا، پێویستیان بە شێوەیەك لە حکومەتی نیشتمانییە، بەڵام هەندێ لە ویلایەتەکان دژی ئەوەبوون دەستەڵاتی خۆیان بە حکومەتێکی نیشتمانی بسپێرن. لەم رووەوە، یەکەمین ئەزموون –پرەنسیپەکانی کۆنفیدراسیۆن– وەك





پرۆژەیەك بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی نیشتمانی بە نیوەچڵی مایەوە. بەڵام هەم دەستووری ویلایەت و هەم پرەنسیپەکانی کۆنفیدراسیۆن، بوونە پێشەکییەکی گرنگ بۆ دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

## ویلایەتەکان داوای ئۆتۆنۆمی دەکەن

لەنێوان ساڵانی ١٧٧٥ و ١٧٨٠دا، هەر سێزدە ویلایەت سیستمێکی نوێی ئۆتۆنۆمییان خولقاند. بەپێی نووسینەکانی **پیج سمیس**، ((*ئەم گەرماوگەرمەی خولقاندنی دەستوور یەکێك لە دیارترین رووداوی سیاسی مێژوو بوو، پێش هەر شتێکی دیکە پلەیەکی ئەزمونی نیشان دەدا کە کۆچەرنشینەکانی ئەمریکایی لە ساڵانی قەیرانی پێش تەقینەوەی دوژمنایەتییەکان، وەدەستیان کەوتبوو*))[33]

ڤێرجینیا یەکەمین ویلایەت بوو کە قۆڵ و مەچەکی نووسینی دەستووری لێهەڵکرد. دەستووری ڤێرجینیا بە پێشەکییەك دەستی پێدەکرد و تەئکیدی دەکرد کە هەموو دەستەڵاتێك هی خەڵکە. ویلایەتەکانی دیکە بەخێرایی چاویان لە ڤێرجینیا کرد و سیاسەتی ئەویان پێڕەوکرد. رود ئایلەند، کونکیتکوت، بە زیادکردنی پێشەکی و لابردنی گشت ئاماژەکان بۆ شای ئینگلستان، پەیماننامەکانی خۆیان دەستکاری کرد. یازدە ویلایەتەکەی تر دەستوورێکی نوێیان نووسی. تا ساڵی ١٧٨٠،

هەر سێزدە ویلایەت، حکومەتێکی تازەیان بەپێی بەڵگەنامەیەکی نووسراو هەبوو.

کۆچەرنشینان، لە نووسینی دەستووری ویلایەتەکان، پشتیان بە ئەزموونەکانی خۆیان لەسەردەمی فەرمانڕەوایی بەریتانییەکان –چ پێش و دوای دروستبوونی شەڕوپێکدادان لەگەڵ بەریتانییەکان– دەبەست. هەروەك مێژوونووسێك، باسی دەکا:

*کۆچەرنشینانی پێشوو ... هێشتا دەستووری بەریتانیایان پەسەند دەکرد کە دوا ئەزموونەکەیان تەنیا کەمێکی لە ڕەونەقەکەی کەم کردبۆوە ... مەسەلەی داڕشتنی حکومەتێك بوو کە گشت چاکەکانی دەستووری بەریتانیا بگرێتەخۆ، بەڵام بۆ ڕێگەگرتن لەو جۆرە رووکردنە گەندەڵییە کە خۆیان لەم دواییانەدا بینیبوویان، چەند (تەزمینی)ێکیان دەخرێتە سەر.* [٣٤]

## دەستووری ویلایەت

دەستووری ویلایەتەکان لەسەر ئەم گریمانەیە بنیات نرابوون کە ئەوان رەوایی خۆیان لە رەزامەندی هاووڵاتیانەوە وەدەست دێنن. زۆربەیان دوو ئەنجومەنی یاسادانانیان بە دەستەڵاتێکی فراوان و فەرمانڕەواییەکی هەڵبژێردراو هەبوو. بەهۆی ئەوەی ئەزموونی کۆچەرنشینان لەمەڕ فەرمانڕەواکانی پاشایەتی، ئەوانی لە دانی دەستەڵاتێکی زۆر بەکەسێك بەپارێز کردبوو،



دامەزرانی ئەمریکاو دەستوورەکەی

دەستوورەکانی ویلایەتەکان تەنیا دەستەڵاتێکی کەمیان دەخستە ئەستۆی سەرۆکی هێزی بەڕێوەبردن.

دەستووری پەنسلڤانیا مافی دەنگدانی بە هەموو پیاوە باڵغە سپی پێستەکان دەدا، بەڵام زۆر ویلایەتی دیکە هەروەها بوونی موڵکایەتی و داراییان بەمەرجی مافی دەنگدان دەزانی.

### جۆن ئادامز پرۆژەی ئۆتۆنۆمی دادەڕێژێ

هەتا پێش ((راگەیەنراوی سەربەخۆیی))، جۆن ئادامز خەریکی داڕشتنی حکومەتێکی نوێ بوو. ئەو لە هاندانی ویلایەتەکان بۆ ئامادەکردنی دەستوور لە ساڵانی نێوان ١٧٧٦ و ١٧٨٠ رۆڵێکی کاریگەری هەبوو. لەم بەشەی نامەیەك کە لەکانونی دووەمی ١٧٧٦دا نووسراوە و لەکتێبی (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) نووسینی (وینتروپ دی. جوردن و لیون ئۆف. لیتواك)، هەستی خۆشحاڵییەکەی ئاشکرایە:



جۆن ئادامز بە بیری خولقاندنی حکومەتێك کە تیایدا خەڵکی مافی بڕیاردانیان هەبێ، خۆشحاڵ بوو

*((لەبەر ئەوەی سیاسەت هونەری دابینکردنی خۆشبەختی مرۆڤە و بەختیاری کۆمەڵەکانیش بەو سیستەمەی حوکم پەیوەستە کە لەسایەیدا دەژین، بۆ*

*بیریارێکی چاکەخواز کارێکی دڵگیرتر لە لێکۆڵینەوەی باشترین جۆری حکومەت، ناکرێ هەبێ.*

*ئەمە خواستی خودا بووە ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین کە گەورەترین فەیلەسوف و یاساناسانی سەردەمی کۆن دەبوایە ئارەزووی ژیانیان تێدا بکردایە. سەردەمێك لەباربوونی هەلومەرجی دەگمەن بۆ سێزدە کۆچەرنشین هاوکات بوارێکی رەخساندووە کە حکومەتێك لەبناغەوە نوێ دەست پێبکەن و بەو شێوەیەی پەسەندی دەکەن، دروستی بکەن. بۆ مرۆڤ بەدەگمەن هەلێکی وا رەخساوە کە سیستمێکی حکومەتی بۆ خۆیان و رۆڵەکانیان هەڵبژێرن. بەدەگمەن رێککەوتووە مرۆڤ لەجۆری حکومەتەکەی زیاتر لە هەلومەرجە هەرێمایەتیەکانی، مافی هەڵبژاردنی هەبێ.*

*ئێستا ئەم کۆچەرنشینانە مافی هەڵبژاردنێکی لەم جۆرەیان هەیە و دەبێ بەئومێدبین کە وای لێنەیێ گوایە هەلێکی گرانبەها کەوتۆتە دەستی پیاوێك کە جورئەتی قۆستنەوەی نییە))*

دەستووره نوێکان تەواونەبوون، بەڵام زیاتر لەهەر بەڵگەنامەیەکی تری حکومەتی پێشوو، ئازادییەکانی تاکەکەسیان دەپاراست. زۆربەیان، بەمەبەستی پارێزگاری لە هاووڵاتیان لەبەرانبەر ئەو بێدادییانەی لەسەردەمی فەرمانڕەوایی بەریتانییەکاندا بەسەریاندا سەپابوو، بەندی تایبەتیان تێدابوو





که مافه سیاسی و ئاساییەکانی ناو ئینگلستانیان دابین دەکرد و هەندێك لەم مافانەیان لە راگەیەنراوی مافەکاندا، بەجودا لێك دەدایەوە. ئەو مافانەی کە بەشێوەیەکی گشتی پارێزگاری لێوەدەکران، بریتیبوون لە ئازادی ئایین، دادگاییکردن بە ئامادەبوونی دەستەی دادوەران و ئازادی چاپەمەنی کە هەموویان لە راگەیانراوی مافەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٧٨٩دا جێیان کرایەوە. ئەم بەڵگەنامانە، بەهاکانی رۆشنگەری سەدەی هەژدەیان کە ئازادی ئایینیان دەگرتەوە، تێدابوو.

دەستوورەکانی ویلایەتەکان نەتەنیا بە بەڵگەنامەیەکی حوکمی خۆیی گرنگ لەقەڵەم دەدران، بەڵکو لە داڕشتنی دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکانیشدا رۆڵێکی گرنگیان هەبوو. **جۆن ئادامز** لەساڵی ١٧٨٨ رایگەیاند: ((دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکان هەر دەستووری ماساچوست، نیویۆرك و مریلەندە! هیچ خاڵێکی تێدانییە کە نەتوانرێ لەیەکێك لەو دەستوورانەدا بدۆزرێتەوە))[٣٥] (ئیستسنایەکی گرنگ، دیوانی باڵایە).

## یەکێتییەکی نەگونجاو

دوابەدوای دەرچوونی راگەیەنراوی سەربەخۆیی لەساڵی ١٧٧٦، ویلایەتەکان بەویستی لەکۆنگرەی کۆچەرنشینەکان

یەکیانگرت. کۆنگرە بووە هۆی گفتوگۆی نێوان ویلایەتەکان، لەشکری کۆچەرنشینەکانی خولقاند و خەرجیشی بەئەستۆوەگرت و لەگەڵ فەرانسە بووە هاوپەیمان. بەڵام ئەمە حکومەتێکی کاتی و بەبێ دەستەڵاتی ڕێگەپێدراوبوو. نوێنەران پێویستیان بەوە هەبوو دەستەڵاتەکانیان وردتر دەستنیشان بکرێ.

هاووڵاتیانی ویلایەتە یەککگرتووەکانی تازە دامەزراو، ڕقیان لە حکومەتێکی ناوەندی بەهێز دەبۆوە و دەیانویست ویلایەتەکان سەربەخۆبن. دەیانویست ڕێوڕەسم و ئاکار، ئایین و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابووری گونجاو لەگەڵ ویلایەتەکەی خۆیان بپارێزن. دەستووری ویلایەتەکان پارێزگارییان لە ڕۆڵی هاووڵاتیان لە خۆبەڕێوەبردندا دەکرد –ڕۆڵێك کە ئەوان لە سپاردنی دوودڵ بوون. لەبەرئەوەی ئەوان بۆ ڕزگاربوون لە حکومەتێکی بەهێز گیانی خۆیان خستبووە مەترسییەوە، دوودڵی ئەوان لە خولقاندنی حکومەتێکی بەدەستەڵاتی دیکە، مایەی دەرك کردن بوو.

بەڵام ئەمریکاییەکان سرنجی ئەوەشیان دەدا کە ئینگلستان دوژمنێکی سەرسەختە. ئینگلستان سەربازی بەئەزموونتر و پڕچەکتریان لە میلیشیای ئەمریکی هەبوو. ویلایەتەکان تێگەیشتن کە بۆ زاڵبوون بەسەر ئینگلستان پێویستیان بە





هاوکاری یەکتر هەیە.

ڕێبەرانی کۆنگرەی کۆچڕەونشینەکان لەمەڕ پرەنسیپەکانی کۆنفیدراسیۆن گەیشتنە چارەسەرێکی مامناوەندی. ئەم پرەنسیپانە کە ڕەشنووسەکەی **جۆن دیکینسۆن** لە پەنسلڤانیا ئامادەی کردبوو، ویلایەتەکانی لە ((یەکێتییەکی هەمیشەیی)) و ((پەیماننامەیەکی پتەوی دۆستایەتی))دا کۆدەکردەوە و پێکهێنانی کۆنگرەیەکی بەپێویست دەزانی کە نوێنەرەکانی ساڵانە لەلایەن ویلایەتەکانەوە هەڵدەبژێردران. دەستەڵاتی ڕاگەیاندنی شەڕی دژی بەریتانییەکان، گەشەپێدانی کاروباری دەرەوە، قەرزکردن یان چاپکردنی پارە و داخوازی بودجە لە ویلایەتەکان خرایە ئەستۆی کۆنگرە. ویلایەتەکان مووچەی نوێنەرانی خۆیان دەداو بەرێژەی دارایی ناوچەکەیان بڕەپارەیەکیان خستە خەزێنەی گشتییەوە. هەر ویلایەتێك، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ژمارەی دانیشتوانی، لەسەر ئەو مەسەلانەی لە کۆنگرەدا باسیان لێوەدەکرا، یەك دەنگیان هەبوو. ئەمە، کۆنگرەی والێدەکرد بودجەی شەڕ دابین بکا و کاروباری شەڕ بەباشی هەڵسوڕێنێ. پرانسیپەکانی کۆنفیدراسیۆن، لەبەرچاوگرتنی نیگەرانی ئەو کەسانەی لە حکومەتێکی بەهێز دەترسان، مافی ویلایەتەکانیان لە بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆیان، وەك خۆی دەهێشتەوە. هەر ویلایەتێك هەروەها

یاساکانی خۆی دادەڕشت، سکەی خۆی لێدەداو ڕێبەرانی خۆیشی هەڵدەبژارد.

## کاردانەوە بەرانبەر پرەنسپە پێشنیارکراوەکان

هەمووان لەسەر ئەوە کۆك نەبوون کە ئەم یەکێتییە نەگونجاوەی ویلایەتەکان باشترین ڕێگەی فەرمانڕەوایی بێ. هەندێك، رایان وابوو پەیوەندگەلێکی پتەوتر پێویستە تا ویلایەتەکان لە میللەتێکی سەربەخۆدا یەکبخا. پتەویەك توانای وەستانی لەبەرانبەر میللەتانی دیکەدا هەبێ. جۆن ئادامز یەکێك لەو کەسانە بوو کە باوەڕییان وابوو کۆنفیدراسیۆن توانایەکی وای نابێ فەرمانڕەوایەکی کارای هەبێ. ئەودەمەی دواخاڵی بۆ پرەنسیپەکانی کۆنفیدراسیۆن زیاد دەکرا، نووسی: ((*تا دەساڵی تر ئەم کۆنفیدراسیۆنە، بۆ مەبەستی ئێمە ناتەواو دەبێ و لەبەریەك هەڵدەوەشێتەوە. خودابکا، هۆش و ئەزموون، ڕێگە لەوشتە بگرێ کە ئێمە لەهەمووان زیاتر ترسمان لێیەتی*)).[٣٦]

کۆنگرە لەتشرینی دووەمی ١٧٧٧ بڕیاری لە پرەنسیپەکانی کۆنفیدراسیۆن دا، بەڵام ژمارەیەك لە ئەنجومەنە یاسادانەرەکانی ویلایەتەکان، مۆریان نەکرد. ئەوان لە سپاردنی دەستەڵات بە دەستەڵاتێکی سیاسی ناوەندی ترسابوون. چەندان ساڵی دوای باسکردنی پرەنسیپەکانی کۆنفیدراسیۆن، کۆنگرەی کۆچەرنشینان بەبێ دەستەڵاتێکی کارا و ڕەسمی مایەوە.



دامەزرانی ئەمریکاو دەستوورەکەی

لەساڵی ١٧٨٠، ژەنەراڵ **جۆرج واشنگتۆن** بە سووربوونەوە داوای لە ویلایەتەکان کرد ئەو پرەنسیپانە مۆربکەن: ((*هەلومەرجی تازە پێویستی بە مۆرکردنی دەسبەجێی ئەو پرۆژەیە توانایەکی زۆرتر بە حکومەت دەبەخشێ، نیشان دەدا ... بەبێ ئەوە، بارودۆخ مایەی نیگەرانییە*)).[٣٧] لەساڵی ١٧٨١، دوا ویلایەت، مریلەند، دەنگی بۆ پرەنسیپی کۆنفیدراسیۆن داو پرەنسیپەکان پێڕەوکران.

## هەوڵەکانی شەڕ



جۆرج واشنتۆن فەرماندەی لەشکری کۆچەرنشینان بەئەستۆوە دەگرێ

لەم ماوەیەدا، شەڕی شۆڕشگێڕانە فراوان بوو، کۆنگرەی کۆچەرنشینان بەبێ هەبوونی دەستەڵاتی تەواو بەزەحمەت کارەکانی رادەپەڕاند. حکومەتی نیشتمانی دەستەڵاتی دانانی باجی نەبوو، وا دەهاتە بەرچاو، گەیشتنی ئەو پارەیەی ویلایەتەکان خستبوویانە ئەستۆی خۆیان، ڕووبەڕووی

تەگەرەی گەورە ببۆوە.

لەساڵی ١٧٧٥ کاتێ جۆرج واشنگتۆن لێپرسراوێتی لەشکری بەئەستۆوەگرت، لەشکر تەنیا بریتی بوو لەو میلیشیایانەی کە بەچەك و تفاقی خۆیان ئامادەبوون. واشنگتۆن لەشکرێکی لەم جۆرەی بە ((کۆمەڵێك کەسی جۆراوجۆر ... بە کەمترین دیسپلین، رێکوپێکی یان سەرکردایەتی)) ناوبرد.[٣٨]

هەرچەندە واشنگتۆن توانی لەشکر لەژێر فەرمانڕەوایی خۆیدا کۆبکاتەوە، بەڵام ئەوە ئاشکرابوو کە ئامادەییەکەی وەك میلیشیایەکی مۆدێرن، لەتوانای ئەو زیاترە. ویلایەتەکان لێپرسراوی وەرگرتنی سەرباز بوون بۆ لەشکر و هەمیشە وەك ئەوەی واشنگتۆن دەیویست لەم رووەوە، پشتیوانیان نەدەکرد. لەشکری واشنگتۆن قەت لە ٢٤ هەزار سەربازی ئامادەی خزمەت زۆرتر نەبوو، هەرچەندە کۆنگرە گفتیدابوو کە هێزێکی بەلایەنی کەمەوە سێ ئەوەندە ئامادە بکا. ئەو، لەساڵی ١٧٧٩ لە راگەیەنراوێکدا بۆ حکومەتی ویلایەتەکان، نووسی: ((بارودۆخی کارمان لەم کاتەدا، زۆر بەتەنگژە دێتەبەرچاو. بەتایبەتی باری لەشکر لە چ رووێکەوە مایەی نیگەرانییە، و ژمارەی ئەوان یەکێك لەو شتانەیە)).[٣٩]

زۆربەی سەربازە نوێکان ئەزموونی شەڕیان نەبوو، زۆریان زۆر لاو و بێ تفاق و بێ ئەزموون و گەلێکیان بۆ وەرگرتنی



دامەزرانی ئەمریکاو دەستوورەکەی

پارەیەکی زۆرتر و یان بەگفتی وەرگرتنی زەوی لە ئایندەدا، هاتبوونە ناو لەشکرەوە. ئەوان بەزۆری، بێ دیسپلین بوون و مووچەی کەم و پێداویستی کەم، ئەگەری یاخیبوون و وازهێنانیان زۆرتر دەکرد.

جۆرج واشنگتۆن نامەیەکی تووڕەی نووسی و بۆ بارودخە نالەبارەکەی سەربازەکانی بەداخەوە بوو، داوای لە کۆنگرەی کۆچەرنشینان کرد پارە بۆ تفاق و خواردن و جلوبەرگی سەربازەکانی ئامادە بکەن. لە ٢٧ی ئابی ١٧٨٠ پەیامێکی بەپەلەی نارد:

*لەشکر بەهۆی کەمی تفاق و پێداویستی، لەوپەڕی تەنگ و چەڵەمەدایە. بەشێکی گەورەی لە (٢١ تا ٢٦)ی مانگ بەبێ گۆشت بووە ... هێشتا بەتەواوی ئاردەکەمان نەبڕاوە، بەڵام ئەمڕۆ لە ئۆردوگا تەنیا بۆ یەك رۆژ ئازووخەمان هەیە ... لەشکر لەوانەیە نەتوانێ بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام بێ، ئەگەر ویلایەتەکان بە هەنگاوی گورجوگۆڵ و دەستبەجێ، داواکارییەکانمان جێبەجێ نەکەن و پێداویستییەکان جێبەجێ نەکەن ... بەبێ گۆڕینی بەپەلەی هەلومەرج یان دەبێ لەشکر هەڵوەشێتەوە، یان لەوەخراپتر، بەپێی توانا، بۆ بژێوی خۆی دەست بە تاڵانی خەڵك بکا.*[٤٠]

## دوو لایەن نیشانە دەگرن

لە ساڵی ١٧٧٥ كە شەڕ دەستی پێكرد، حكومەتی بەریتانیا باوەڕی وابوو تێكشكاندنی یاخیبوونی كۆچەرنشینان بەهۆی كاری سەربازی، كارێكی ئاسانە. بەریتانیا خاوەنی لەشكرێكی رێكوپێك و گەورە، توانای دارایی پێویست بۆ گرتنی سەربازانی زۆرتر و بەهێزترین هێزی دەریایی دنیا بوو.


لەلایەكی تر، كۆچەرنشینان خاوەنی لەشكرێكی بێ ئەزموون و بێ تفاق و پێداویستی بوون. بەڵام ئەم لەشكرە تایبەتمەندییەكی گەورەی هەبوو: شەڕ لەخاكی ئەمریكا و لەناو دانیشتوانێكی لایەنگر و لەسەر خاكێكی ئاشنا بەڕێوە دەچوو. كۆچەرنشینانی ئەمریكایی هەروەها توانیان لەگەڵ فەرانسە، ئیسپانیا و هەندێ هۆز و میللەتی رەسەنی ئەمریكایی پەیمان ببەستن.

لەیەكەمین پێكدادان لەسەر نیویۆرك، بەریتانییەكان سەركەوتنێكی چارەنووسسازیان بەدەستهێنا و سەربازانی هسی (ئەڵمانی) بەكرێگیراو كە بەریتانییەكان بەكاریان دێنان، واشنگتۆن و سەربازانی بۆ ئەودیوی نیوجێرسیو رووباری دیلاویر پاشەكشە پێكرد. واشنگتۆن، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی لەرووی سەربازییەوە، توانای بەرگری نەبوو، سوودی لەچەكی غافڵگیركردن وەرگرت. لە ٢٥ی كانوونی یەكەمی ١٧٧٦، بە





خۆی و ٢٥٠٠سەرباز لە دیلاویر پەڕییەوە و هێرشی كردەسەر ئەو سەربازە ئەڵمانیانەی لەخەودابوون و زیاتر لە ١٠٠كەسی كوشت و بریندارکرد و هەزار كەسیشی بەدیل گرت. لەم شەڕەدا، هەتا یەك ئەمریكاییش نەكوژرا.



جۆرج واشنتۆن سەربازەكانی بۆ هەڵمەتێكی كتوپڕ لەرووباری دیلاویر دەپەڕێنێتەوە
كە بووە هۆی شكستی لەشكرە زۆتر و پڕچەكترەكەی بەریتانیا لە نیویۆرك

لە پێكدادانە گەورەكانی دواتر، لە شەڕی ساراتوگا لەساڵی ١٧٧٧، كۆچەرنشینان سەركەوتن. ژەنەراڵی بەریتانی جون بورگوین تەواوی لەشكرە (٥٧٠٠) كەسەكەی خۆی بەدەستەوەدا. شەڕی ساراتوگا بووە خاڵی وەرچەرخانێكی جدی لەشەڕدا. ورەی سەربازانی ئەمریكایی بەهێزكرد و نیشانیدا كە ئەوان دەتوانن لەبەرانبەر بەریتانییەكاندا سەركەون. هەروەها

زەمینەی بۆ بنجامین فرانکلین خۆشکرد کە فەرانسە رازی بکا بۆ پشتگیری کۆچەرنشینان بێتەناو شەڕەوە. لە کانونی یەکەمی ١٧٧٧کە هەواڵی بەدیلگیرانی بورگوین گەیشتە پاریس، فەرانسە پێشنیاری دروستکردنی هاوپەیمانییەکی بازرگانی و عەسکەری دایە ئەمریکاییەکان.

## شەڕ بەرەوخواریٚ دەکشیٚ

بەریتانییەکان ستراتیژێکی عەسکەری تازەیان داڕشت. ئەوان بە خڕکردنەوەی سەربازەکانیان لە ئۆردوگاکانی باکور یان لەنیویۆرك سیتی و نیوپۆرت لە رودئایلەند، ئەوێیان قایم کرد. لەساڵی داهاتوودا، ئەمریکاییەکان تەنیا توانییان چەند قەڵایەکی دوورەدەست لە ستوونی پوینت لە نیویۆرك، پولوس هوك لە نیوجێرسی بگرن.



شەڕە گەورەکانی شەڕی سەربەخۆیی

ئەمە مۆڵەتی بە بەریتانییەکاندا هەوڵەکانیان لە کۆنترۆڵکردنی خوارو، چڕبکەنەوە. نەخشەی ئەوان ئەمەبوو کە بەسوودوەرگرتن لە





سەربازانی نیزامی ناوچەکە بگرن و پاشان بۆ پاراستنی، پشت بە هێزە ناوخۆییە وەفادارەکانیان ببەستن. لەسەرەتادا، سەرکەوتنێکی بەرچاویان بەدەستهێنا. لەشکرە (٣٥٠٠) سەربازییەکەی بەریتانیا، لە جۆرجیا لەکۆتایی کانوونی یەکەمی ١٧٧٨دا ساڤانای گرت و لەماوەی ساڵێکدا، تەواوی ویلایەتی جۆرجیای کۆنترۆڵکرد. لە ئایاری ١٧٨٠ سەربازانی ژێر فەرماندەیی ژەنەراڵ (کلینتۆن چارلستۆن)یان گرت و زیاتر لە (٥٠٠٠) سەربازی ئەمریکاییان بەدیل گرت.

بەڵام بەخێرایی ستراتیژەکەی بەریتانیا لەخوارو سست بوو. کۆچەرنشینان درێژەیان بە هەڵمەتی پارتیزانی بۆسەر سەربازانی بەریتانی و هێزە لایەنگرەکانیان لە جۆرجیا و کارۆلینای خوارودا، پێ بەپێ هێڵی پێداویستییەکانی بەریتانیەکانیان بڕی. هاوکات، سەربازان و میلیشیای ئەمریکایی لەژێر فەرماندەیی ناتانائیل گرین و های لی (تیژڕەو) زیانێکی زۆریان لە لەشکری بەریتانیا دا. هەتا ئەوکاتەی سەربازە نیزامییەکانی بەریتانی و هێزە وەفادارەکانیان لەمەیدانی شەڕدا سەردەکەوتن، بەهۆی توانای ئەمریکاییەکان لەگوندەکانی دەوروبەر، ئەوان ناچاردەبوون پاشەکشێ بکەن.

## تەسلیم بوون لە یورك تاون

ژەنەراڵ کورنڤالیس بۆ ڤێرجینیا پاشەکشێی کرد و لەوێ ستراتیژی بەریتانییەکان، لەکارکەوت. سەربازەکانی، دەستیانکرد بە دروستکردنی پێگەیەکی قایم لە یورك تاون لە ڤێرجینیا. لە تەموزی ١٧٨٠، لەشکرێکی نزیکەی (٥٠٠٠) کەسی فەرانسی بەریتانیەکانیان لە نیوپۆرت دەرکرد و پێگەکانیان لە نیویۆرك سیتی خستەبەر هەڕەشە. یارمەتی فەرانسە بۆ واشنگتۆن توانایەکی عەسکەری پێویستی بۆ دەستپێکردنی هەڵمەتێکی کتوپڕ بۆسەر کورنڤالیس، دابینکرد. هێزی دەریایی فەرانسە لەبەردەمی رووباری چساپیك سەنگەری گرت تا رێگە لە هاتوچۆ یان گواستنەوەی لەشکری کورنڤالیس بگرێ. لەم میانەدا، واشنگتۆن سەربازەکانی خۆی بە نهێنی بۆ ڤێرجینیا گواستەوە، لەوێ خۆیان بە لەشکرێکی ئەمریکایی کە بەفەرماندەیی **مارکی دولافیت** کە یەکێك بوو لە خۆبەخشە فەرانسەییەکان و سێ هەزار سەربازی فەرانسی بناسێنن. ئەم هێزە، لەکۆدا، خۆی لە شازدە هەزار کەس دەدا. کورنڤالیس، کە زانیبووی لەرووی ژمارەی سەربازەوە کەوتۆتە تەنگژەوە، لە ١٩ی تشرینی یەکەمی ١٧٨١ خۆی دابەدەستەوە.

سەرکەوتنی ئەمریکایی و فەرانسییەکان لە یۆرك تاون بۆ مەبەستی بەریتانیا لە سەرکەوتنی پێشووی ئەمریکاییەکان لە





ساراتوگا، خراپتر بوو. دوای چەندان ساڵ شەڕو پێکدادان، پەرلەمانی بەریتانیا ئیدی توانای درێژەپێدانی نەما. هەرچەندە لێرەو لەوێ پێکدادان هەر هەبوو، ئینگلستان مەیلی بۆ گفتوگۆ بەمەبەستی مۆرکردنی پەیمانی ئاشتی، هەبوو.

## کۆتایی شۆڕش

دوای حەوت ساڵ شۆڕش، شۆڕشی ئەمریکا بە پەیمانی پاریس کۆتاییهات. نوێنەرانی ئەمریکا لەم دانوسانەدا **بنجامین فرانکلین** لە پاریس، **جۆن ئادامز** لە هۆڵەندا و **جۆن گەی** بوون کە ئەوەی دواییان وەك وەزیری کاروباری دەرەوە خزمەتی دەکرد. پەیمانی ئاشتی لەسێی ئەیلولی ١٧٨٣ مۆرکراو لە کانونی دووەمی ١٧٨٤ بڕیاری لێدرا و پەسەند کرا.

لەم پەیمانەدا، ئینگلستان دەبوو ئیلتیزام بکا سەربازەکانی خۆی بکێشێتەوە و گشت ناوچەکانی نێوان شاخەکانی ئالگانی و رووباری میسیسیپی بداتەوە ویلایەتە یەکگرتووەکان. سنووری باکور گەیشتە پێنج دەریاچەکە و سنووری خوارووش، لەنێوان فلۆریدای ئیسپانیا و جۆرجیا لەپانی جوگرافی ٣١ پلەی باکور راگەیەنرا. لەبەرانبەردا، ویلایەتە یەکگرتووەکان ئیلتیزامی دا کە گشت قەرزەکانی خۆی بداتەوە ئینگلستان و گفتیدا ئەو کەسانەش سزا و ئازار نەدا کە هێشتا وەفاداری ئینگلستان بوون.

به پەیمانی پاریس، ویلایەتە یەکگرتووەکان ئامادەبوو وەك ولاتێکی ئازاد و سەربەخۆ بجولێتەوە. **ئەلیکساندەر هیملتۆن** یاساناسانی نیویۆرکی کە وەك یاریدەدەرێکی جۆرج واشنگتۆن کاری کردبوو، بۆ جۆن لۆرانسی دۆستی نووسی: ((*ئاشتی، ئەی دۆستە خۆشەویستەکەم، ئاسۆیەکی تازەی کردۆتەوە. مەبەست ئەوەیە سوود لە سەربەخۆییەکەمان وەربگرین. بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارە دەبێ یەکێتیەکەمان لەسەر بناغەیەکی پتەو داڕێژین ... ئەم کارە پێویستی بە هەموو توانا و پسپۆرییەکانی ولاتەکەمان هەیە*)).[41] ئەمریکاییە نوێکان قەدری ئەم پەیامەی خۆیان دەزانی. **جۆن راتلج**، فەرمانڕەوایی کارۆلینای خواروو، رایگەیاند: ((*چاوەکانی ئەوروپا، نیگای دنیا لە ئەمریکایە*)).[42]




ویلایەتە یەکگرتووەکان ساڵی ١٧٨٣

## نەگونجان و بێنەوبەردەکانی ناوخۆ

کاتێ ئەمریکا سەربەخۆییەکەی بەدەستهێنا و رووەو ئایندە روانی، پرەنسیپەکانی کۆنفیدراسیۆن یارمەتی ویلایەتەکانی دا بۆ ئەوەی هەنگاوی گەورەتر بنێن.





بەو سیستمی حوکمە نەگونجاوە، نە تەنیا سەرکەوتن لەشەڕدا بەدەست هاتبوو، بەڵکو ویلایەتەکان لە هەلومەرجی پەیمانی ئاشتیش خۆشحاڵ بوون. یەکێتی ویلایەتەکانی، ((فەرمانی باکوری رۆژئاوا))شی مۆرکردو فەزایەکی دەخولقاند کە بەو هۆیەوە ویلایەتە نوێیەکان دەیانتوانی بچنەناو یەکێتییەکەوە و داوای دەکرد گشت ناوچەکانی باکوری رووباری ئۆهایۆ بۆ هەمیشە لە کۆیلەیی ئازادبکرێ.

هەرچەندە حکومەتی بنیاتنراو لەسەر پرەنسیپەکانی کۆنفیدراسیۆن هەوڵی دەدا، بەدرێژایی شەڕ لە وەدەستهێنانی رەزامەندی ویلایەتەکان رووبەڕووی گرفت دەبۆوە و ئێستاش کە ئینگلستان وەك دوژمنێکی هاوبەش لەمەیدان دەرچووبوو، گیروگرفتەکان زۆرتر بوون. ویلایەتەکان زوری نەخایاند کەوتنە رکابەری و بێنەوبەردە. نێوان نیویۆرك و نیوهەمشایر لەسەر مەسەلەی ورمونت گرژی تێکەوت و کەوتنە شەڕەوە، مریلەند و ڤێرجینیا لەسەر مەسەلەی



ئەلیکسەندەر هەمیلتۆن داوایکرد پەیوەندیەکی نزیکتر لەنێوان ویلایەتەکاندا هەبێ بۆ دروستکردنی ولاتێکی بەهێز

کەشتیرانی لە رووباری پوتوماك، کێشەیان هەبوو.

حکومەتی نیشتمانی دەستەڵاتی دانانی باجی نەبوو، بۆ دابینکردنی بودجە دیلی دەستی ئەنجومەنەکانی یاسادانەری ویلایەتەکان بوو. بە قسەی جۆرج واشنگتۆن، داواکارییەکانی کۆنگرە، ((لە شوێنێکدا کە سێزدە ویلایەتی خاوەن ئۆتۆنۆمی، سەربەخۆ و لێکجودا)) تەنیا ئەوکاتەی کە دەیانویست پێڕەویان دەکرد، ((تەواو بێ متمانەبوو)).[٤٣] لەساڵی ١٧٨٢، نیوجێرسی تەنیا ویلایەتێك بوو کە پارەی پێویستی دەدایە خەزێنەی نیشتمانی، بەڵام هەتا ئەم ویلایەتەش تەنیا ٥٥٠٠دۆلاری لە قەرزی ٤٨٥٦٧٩دۆلاری خۆی دا.

**رۆبەرت مۆریس**، خەزنەداری کۆنگرە، گلەیی کرد کە ویلایەتەکان ((بۆ داواکاری کۆنگرە، هەراوهۆریای داواکاران لە حکومەت، داواکاری رەوای لەشکرێکی داماو، هەتا سەرزەنشتەکانی دوژمن کە بەگاڵتەوە رایدەگەیەنن خۆراك و جلوبەرگ و مووچەی لەشکری ئەمریکا لەلایەن فەرانسەوە دابین دەکرێ، گوێیان رانەدەگرت)).[٤٤]

ئەو ویلایەتانەی پارەیان دەدا خەزێنەی نیشتمانی، لەچاو ئەوانەی پارەیان نەدەدا، رۆژبەرۆژ نارەزاتر دەبوون. ڤێرجینیاییەك لەساڵی ١٧٨٧ گلەیی دەکرد: ((نیوهەمشایر لەکاتی ئاشتیدا شیلینگێکی نەداوە و بەهیچ شێوەیەك لە





ئایندەش ئامادەنییە، شتێك بدا)) دەیگوت: ((نیویۆرکییەکان، پارە دەدەن چونکە دەتوانن بە تالانکردنی نیوجێرسی و کۆنکتیکۆت ئەم کارە بکەن. جێرسی بەهۆی تۆڵەسەندنەوە و سوودخوازی خۆی تووشی دەردەسەرییەکی زۆر دەبێ)).[٤٥]

بازرگانی نێوان ویلایەتەکان بەهۆی باجی جۆراوجۆر، رووبەرووی تەگەرە ببۆوە. هەندێ ویلایەت، باجیان لەسەر هەر کەلوپەلێك دادەنا کە بەسنووریاندا تێدەپەڕی. مەدیسۆن نووسی: ((نیوجێرسی کە لەنێوان فیلادلفیا و نیویۆرك هەڵکەوتووە، پێی خۆشبوو گورز لەهەردوو ویلایەت بوەشێنێ، کارۆلینای باکور کە کەوتۆتە نێوان ڤێرجینیاو کارۆلینای خواروو، دەیویست لە هەردوولا وەربگرێ))[٤٦] هەندێ ویلایەت هێزی دەریایی خۆیان پاراست و لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا رێککەوتنامەی سەربەخۆی بازرگانیان مۆرکرد.

جیاوازییە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانیش مشتومڕی نێوان ویلایەتەکانی توندترکرد. تا ساڵی ١٧٨٣، روود ئایلەند، ماساچوست و پەنسلڤانیا کۆیلەییان بەکارێکی نایاسایی راگەیاندبوو، لە نیوجێرسی، مافی دەنگدان بە رەشەکان درا. خاوەن کۆیلەکانی خوارو، ئەم گۆڕانکارییەیان بە هەڕەشە بۆسەر بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەزانی و ئیدیعایان دەکرد کە مافی خۆیانە، ئەو کۆیلانە بگێڕنەوە کە بۆ ئەم ویلایەتانە رایاندەکرد.

لەساڵی ١٧٨٧، **جیمس ویلسۆن**، یاساناسی پەنسلڤانی کە چەند خولێك لە کۆنگرەی کۆچەرنشینان خزمەتی کردبوو، ڕووداوەکان و بەسەرهاتی ئەم یەکێتییە نوێیە، بەم شێوەیە وەسف دەکا:

لەناو ئەو دیدوبۆچوونانەی لەکۆنگرەی یەکەمدا دەرکەوتن، یەکێکیان ئەمەبوو کە ئیدی ڤێرجینیا بوونی نییە، ئیدی ماساچوست بوونی نییە، ئیدی پەنسلڤانیا بوونی نییە. ئێستا ئێمە یەك میللەتین. دەبێ گشت ئاکار و ڕێوڕەسمە ناخۆییەکان لەناو ببەین. ئەم زمانە تا ماوەیەك بەردەوام بوو. لە ئاکامدا، دنیا گۆڕا. کاتێ حکومەتی ویلایەت پێکهات، حەسوودی و هەلپەرستی ئەوان، خۆی دەرخست. هەریەکێك هەوڵی دەدا، پارچەیەك لەم نانە هاوبەشە ببڕێ و بیخاتە سەر پارووەکەی خۆی، تا ئەودەمەی سەرەنجام یەکێتی کەوتە بارودۆخێکەوە کە ئێستا تیایدا دەژین.[٤٧]

## کەموکورتییەکانی پرەنسیپەکانی کۆنفیدراسیۆن

لە ئەیلولی ١٧٨٧، **جۆن جی** نامیلکەیەکی بڵاوکردەوە تیایدا گرفتەکانی پەیوەست بە بەرتەسك بوونی دەستەڵاتەکانی کۆنگرەی دەخستە ڕوو. لەدیدی جی دا، بەپێی پرەنسیپەکانی کۆنفیدراسیۆن، ئەندامانی کۆنگرە:

*لەوانەیە شەڕ ڕابگەیەنن، بەڵام دەستەڵاتی کۆکردنەوەی سەرباز یان پارە بۆ بەڕێوەبردنیان نییە. لەوانەیە ئاشتی ڕابگەیەنن، بەڵام توانای لەلایەن خۆیانەوە پێڕکردنی هەلومەرجەکانیان نییە. لەوانەیە مامەڵەی بازرگانی بکەن، بەڵام دەستەڵاتی جێبەجێکردنیان نە لەناوخۆ و نە لەدەرەوە نییە. لەوانەیە قەرز بکەن، بەڵام ناتوانن بیدەنەوە. لەوانەیە تاڕادەیەك بازرگانی ڕێکوپێك بکەن، بەڵام دەستەڵاتی جێبەجێکردنی فەرمانەکانی خۆیانیان نییە. لەوانەیە وەزیران و کاربەدەستی بەمتمانە دابمەزرێنن، بەڵام توانای دادگایی یان سزادانیان لەکاتی سەرپێچیدا، نییە. لەوانەیە بڕیارێك بدەن، بەڵام ناتوانن بەخێرایی یان بەنهێنی جێبەجێی بکەن. پوختەی قسە ئەوەیە کە لەوانەیە ڕاوێژ و پرس بکەن، پێشنیار بکەن و چەندان داواکاریش بخەنەڕوو، کەسانێك کە حەزیان لێیە لەوانەیە سەرنجیان بدەنێ.*[٤٨]

بێتوانایی کۆنگرە لە ڕێکخستنی بازرگانی، بەڕێوەبردنی ئابووری یان خەریکبوون بە کەسادی ئابووری دوای شەڕی زەحمەت دەکرد. کۆنگرە خۆی لەڕووی بودجەوە کەوتبووە تەنگژەوە، چونکە پشتی بەیارمەتییەکانی ویلایەتەکان بۆ حکومەت بەستبوو. کۆنگرە لەساڵی ١٧٨٢ هەوڵیدابوو چارەسەرێك بۆ ئەم گرفتە پەیدابکاو چاکسازییەکیشی بۆ پرەنسیپەکانی کۆنفیدراسیۆن پێشنیارکردبوو کە هەقی بە

حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەدا باجی ٥٪ بخەنەسەر ئەو کەلوپەلانەی لەدەرەوە دەهاتن. بەڵام بڕیاردان لەسەر ئەم چاکسازییە پێویستی بەدەنگی گشت ویلایەتەکان بوو، **وروود ئایلەند** دژی بوو. ساڵی دواتر، کۆنگرە پێشنیارەکەی خۆی سەرلەنوێ خستەڕوو، لەکاتێکدا ئەم پێشنیارەی لەگەڵ کۆمەڵێ پێشنیاری تر ئاوێتە کردبوو، تا لەگەڵ خواست و داواکارییەکانی ویلایەتەکان گونجاوتر بێ. لەساڵی ١٧٨٦، گشت ویلایەتەکان، بێجگە لە نیویۆرك دەنگیان بۆ چاکسازییەکە دا، بەڵام دیسان پێویستیی یەکدەنگی، ئەم پێشنیارەی دوور خستەوە. بەم شێوەیە، لاوازییەکی دیکەی پرەنسیپەکانی کۆنفیدراسیۆن ئاشکرابوو: پێویستی رەزامەندی گشت ویلایەتەکان بۆ چاکسازییەکان، دەستوور جێبەجێکردنی چاکسازی ئاسانتر دەکرد.

بێتوانایی کۆنگرە رۆڵی لە داڕمانە توندەکەی متمانەکەی هەبوو. نوێنەران تادەهات کەمتروکەمتر لەکۆبوونەوەکانیدا ئامادە دەبوون. لەهەندێ دانیشتندا، لەبەرئەوەی ژمارەی نوێنەران رادەی یاسایی تێنەدەپەڕاند، هیچ کارێك بەڕێوە نەدەچوو.

ئەگەر کۆنگرە لاواز بوو، دەستەڵاتی جێبەجێکردن و قەزایی هەرنەبوون. لەبەرئەوەی بەشی جێبەجێکردن نەبوو، کاتی کۆنگرە بۆ راپەڕاندنی کاروباری ئیداری رۆژانە تەرخان دەکرا.





نەبوونی سیستمی قەزایی بەمانای ئەوەبوو حکومەتی نیشتمانی دەبوایە بۆ جێبەجێکردنی یاسا نیشتمانییەکان پشت بەدادگاکانی ویلایەتەکان ببەستێ. ئەمەش، توانای گۆڕینی یاسا نیشتمانییەکانی بە ویلایەتەکان دەدا. **جۆرج واشنگتۆن** لەو کەسانەبوو کە ئۆتۆنۆمی ویلایەتەکانیان بەهەڕەشەیەك دەزانی: ((*لەو باوەڕەدانیم ئێمە بتوانین وەك میللەت ماوەیەکی زۆر بەردەوام بین. ئێمە دەبێ دەستەڵات بە جێگایەك بسپێرین کە بەهەمان جیدییەت و توندی دەستەڵاتی حکومەتەکانی ویلایەتەکان باڵی بەسەر چەندان ویلایەتدا کێشاوە، بەسەر تەواوی یەکێتییەکەشدا زاڵبێ*))[٤٩]

## هەڕەشەی دەرەکی

هێزە دەرەکییەکانیش هەڕەشەیان لە کۆنفیدراسیۆنە تازەکە دەکرد. وڵاتانی ئەوروپایی ئامادە نەبوون تەگەرەکانی بەردەم بازرگانی ئازاد کەم بکەنەوە، کە دەیتوانی یارمەتی کەمکردنەوەی گرفتەکانی بازرگانی ئەمریکا بدا. ویلایەتە تازە سەربەخۆکان بەبێ هێزی دەریایی نەیاندەتوانی رێگە لەدزە دەریاییەکان بگرن. ئیسپانیا، کە ناوچەی رۆژئاوای میسی سیپی لەبەردەستدابوو، ئامادەنەبوو مافی کەشتیرانی لە رووباری میسی سیپی بە ئەمریکاییەکان بدا. جۆن جی نووسی: ((لەسایەی سەری ئەم سیستمە حکومەتییە نوێ و

سەیروسەمەرەیە ... وڵاتانی دیکە، بە سوودوەرگرتن لە گێلێتی ئەوان، خەریکن رۆژانە تەگەرەی بازرگانی بۆ ئێمە زیاد دەکەن))[٥٠]

ئینگلستان خۆی لە هەلومەرجەکانی پەیمانی پاریس دزییەوە کە بەوپێیە دەبوایە سەربازانی بەریتانی لە قەڵاکانی کۆچەرنشینانی ئەمریکا بگوازێتەوە، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو سەربازێکی زۆرتریشی بەدرێژایی سنووری باکور جێگیرکرد تا ویلایەتە یەکگرتووەکان ناچار بکا بەپێی پەیمانی پاریس قەرزەکانی بداتەوە. مەترسی شەڕێکی دیکە لەگەڵ بەریتانیا هەبوو.

تۆماس جیفرسۆن، کە وەك باڵوێز لە فەرانسە خزمەتی دەکرد و جۆن ئادامز، باڵوێز لە ئینگلستان، راپۆرتێیان دا کە کۆنفیدراسیۆن لەئەوروپا رێز و متمانەیەکی وای نییە. دیبلۆماتە ئەوروپییەکان بە تەوسەوە سەبارەت دەستەڵاتی کۆنگرە لەدانانی باڵوێزەکان پرسیاریان دەکردو دەیانپرسی ئایا ویلایەتێك دەتوانێ ئەو پەیمانانەی کە کۆنفیدراسیۆنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەستوویەتی، لاواز یان رەتیان بکاتەوە. جیفرسۆن لەنامەیەکدا بۆ نیشتمانەکەی داخی خۆی راگەیاند کە ئەو و باڵوێزانی وەك ئەو ((لەناو گشت باڵوێزەکاندا، لەهەمووان کەمتر و بێبایەختن ... ئێمە بەئاسانی ناتوانین لە ئەوروپا





رێککەوتنامەی بازرگانی مۆربکەین. حەزکردن بە متمانە بەخۆکردن لەئێمەدا هەیە))[٥١] بەگوتەی جیفرسۆن، کۆنفیدراسیۆن پێویستی بەوە هەبوو ((بازرگانی ویلایەتەکان لەدەستی ویلایەتەکان دەربهێنێ و بیخاتە ژێر چاودێری کۆنگرەوە))[٥٢]

## گرفتە ئابوورییەکان دەبنە هۆی بزواندنی یاخیبووان



یاخیبوونی شیز: پێویستی ئەمریکای بۆ حکومەتێکی نیشتمانی بەهێزتر بەرجەستەکرد

کەسادی جدی سالانی ١٧٨٥ – ١٧٨٦ گیروگرفتە ئابوورییەکانی نێوان ویلایەتەکانی زیاترکرد و بووەهۆی زیادبوونی نرخەکان. زۆربەی خەڵکی لە ویلایەتە نوێکاندا جووتیار بوون و گەلێکیان قەرزێکی زۆریان لەسەربوو. لەسەربنەمای ئەو یاسایانەی ئەو سەردەمە پێرەویان لێدەکرا، قەرزاران دەگیران و دەست بەسەر زەوییەکانیاندا دەگیرا. لە

ماساچوستی رۆژئاوا، لەوێ زۆر لە دەستەڵاتی ئەنجوومەنی یاسادانانی بەشی رۆژهەڵاتیش تووڕە بوون، **دانیل شیز**، ئەو جووتیارەی لە شۆڕشی ئەمریکادا بەپلەی نەقیب خزمەتی کردبوو، یاخیبوونێکی چەکدارانەی ١٢٠٠ کەسی ڕێبەرایەتی کرد.

یاخیبوونی شیز لەماوەی چەند رۆژێکدا سەرکوتکرا، بەڵام بووەهۆی ئەوەی لەسەرانسەری ویلایەتەکاندا هەست بە مەترسی بکرێ و بێتوانایی حکومەت نیشان بدا. ئەم یاخیبوونە تەئکیدی لەسەر ئەو هوشیارییە رووڵە گەشەیە کردەوە کە دەیگوت بۆ پاراستنی سیستم و بەڕێوەبردنی ئابووری، حکومەتێکی ناوەندی بەهێزتر پێویستە. جۆرج واشنگتۆن، لەنامەیەکدا بۆ جیمس مەدیسۆن، نووسی کە لەدیدی ئەودا ئەم یاخیبوونە پێویستیی حکومەتێکی نوێ، تەئکید دەکا:

بەبێ ئەنجامدانی ریفۆرم لە ڕێوشوێنە سیاسییەکانمان، بینایەك کە حەفت ساڵە بەنرخی قوربانیدان و خۆبەختکردنێکی زۆر، خەریکی بەرزکردنەوەین، بێگومان دادەڕووخێ. ئێمە خەریکین بەخێرایی لە ئاژاوە و گێرەشێوێنی نزیك دەبینەوە!.. چەندە بەئازارە بیرکردنەوە لەوەی لەماوەیەکی وا کەمدا، ئێمە هەنگاوی باشمان بەرەو وەدیهێنانی پێشبینی دوژمنەکانمان لەودیوی ئۆقیانووسی ئەتڵەسەوە، ناوە...((کارەکان بەخۆیان



دامەزرانی ئەمریکاو دەستوورەکەی

بسپێرە، حکومەتەکەیان زوو هەڵدەوەشێننەوە))... سێزدە حکومەتی ئۆتۆنۆم. کە لەدژی یەکتر دەستبەکارن و هەموویان سەری حکومەتی فیدرال بۆلای خۆیان رادەکێشن، زۆر زوو وێرانی و خراپە بەرهەمدێنن، لەبارێکدا یاسایەکی لیبرال و بەتوانا، کە باش پارێزگاری لێوەدەکرێ و چاوەدێرییەکی وردیش دەکرێ کە رێگا لەهەر دەستکارییەك بگیرێ، دەتوانێ ئێمە بگەڕێنێتەوە ئەو پلەیەی کەرامەت و متمانە کە بەراستی داخوازای بووین و رۆشنترین ئاسۆی سەرکەوتن))[٥٣]

**یاخیبوونی شیز نیشتمانپەروەری دەوروژێنێ**

یاخیبوونی شیز بیانوێکی بۆ ئەوانە خولقاند کە داخوازی حکومەتێکی ناوەندیی بە دەستەڵات بوون. ئەم نامەیەی خوارەوە، کە جۆن جی بۆ تۆماس جیفرسۆنی ناردووە لە ساڵێ ١٧٨٦ دا نووسراوە، دەربڕی هەستی کەسانێك بوو کە دەترسان و ئەگەر حکومەتێکی بەدەستەڵات نەیەتە سەرکار، بقەومێ. ئەم وشانە لەکتێبی وینتروپ دی. جوردن و لیون ئێف. لتیواك بەناوی (ویلایەتە یەکگرتووەکان) وەرگیراوە.

((بێکارەیی حکومەتەکەمان رۆژبەرۆژ زیاتر ئاشکرادەبێ. متمانەی دارایی و خەزێنەی ئێمە لەبارێکی خراپ دایە و ئەم ئەگەرە هەیە کە هۆش یان هەستی خەڵك ببنەهۆی گۆڕانکاری.

گیانی کەمتەرخەمی باڵێ بەسەر خەڵکی ماساچوستدا

كێشاوە، زۆر لەوە ترسناكترە لەسەرەتادا هەندێ وێنایان دەكرد. ئەوەی كە زووبەزوو نیشانەكانی نەخۆشی لەم جۆرە لەچەندان ویلایەتی تریش ببینرێ، گرفتەكان زیاتر دەكا.

ئێمە لەبارێكی زۆر ناخۆشدا دەژین. گۆڕانكاری پێوستە، بەڵام پرسیاری دژوار ئەمەیە دەبێ چ گۆڕانكارییەك بكرێن، چ دەكرێ وچۆن و لە چ كاتێ؟ من بۆ ئازادی و سەربەرزی هاووڵاتییانم تێدەكۆشم كە بەوپەڕی قوربانیدانەوە بەرگرییان لێكردووە و ئێستا لەسایەی ئەوەدا، بەوشێوە خراپە بەكاری دێنن. ئەگەر ئازادی لەم خاكەدا رەگ دانەكوتێ، بە كەمە دەرد و ئازارێك لە خاكێكیتر دەڕوێ))

واشنگتۆن نووسی: میللەت ناتوانێ بۆ ماوەیەكی زۆر بەردەوام بێ ((بەبێ ئەوەی دەستەڵاتێك بەشوێنێك بسپێرین، كە هەر بەو جدیەت و لێبڕانەی دەستەڵاتی حكومەتی ویلایەتەكان بەسەر چەندان ویلایەتدا باڵی كێشاوە، لەسەرانسەری یەكێتییەكەدا بەرقەراربێ))[٥٤]

هیچ كەس وەك جۆرج واشنگتۆن توند نەبوو. كاتێ **ئابیگیل ئادامز** پەیامی یاخیبوونی شیزی بۆ تۆماس جیفرسۆن نارد، ئەو وەڵامی دایەوە: ورەی بەرەنگاربوونەوە لەبەرانبەر حكومەت هەندێجار ئەم گیانە بۆ مەبەستی ناراست بەكاردەهێنرێ. بەڵام هێشتاش باشترە لەوەی گیانێكی لەم شێوەیە بوونی نەبێ. من





جاربەجار حەزم لە یاخیبوونێكی بچوكە، یاخیبوونێكی وا لە زریانێك دەچێ لەناو جۆگەیەكدا.[٥٥]

## هەورازترلە پرەنسیپەكانی كۆنفیدراسیۆن

بەردەوامی مشتومڕ لەنێوان ویلایەتەكان تەگەرەیەك بوو لەسەر ڕێگای بازرگانی. لە ئابی ١٧٨٦، جیمس مەدیسۆن، ئەندامە لاوەكەی كۆنگرە لە ویلایەتی ڤێرجینیا، داوایكرد كۆبوونەوەیەك بەمەبەستی یەكلاكردنەوەی مەسەلەكانی بازرگانی – بەتایبەتی مشتومڕی ئێستای نێوان ڤێرجینیا و مێریلەند لەسەر كەشتیرانی لەناو رووباری پوتوماك، بكرێ. بە سووربوونی ئەو، كۆبوونەوەیەك لە ئاناپۆلیس، لە میریلەند كرا.

ئەلكساندەر هەمیلتۆن ماوەیەكی زۆربوو لایەنگری حكومەتێكی ناوەندیی بەدەستەڵات بوو. ئەویش وەك واشنگتون باوەڕی وابوو فەرمانڕەوایی بەهۆی سێزدە ویلایەتەوە مومكین نییە. هەمیلتۆن چەندان ساڵ بوو، بۆ دامەزراندنی ئەنجومەنی دەستور هەوڵی دابوو. ئەو لەساڵی ١٧٨٠ نامەیەكی حەڤدە لاپەڕەیی بۆئەندامێكی كۆنگرەی كۆچەرنشینان ناردبوو، سیستمی بنیاتنراو لەسەر پرەنسیپەكانی كۆنفیدراسیۆنی ((نەگونجاو لەگەڵ شەڕ و نەگونجاو لەگەڵ ئاشتی)) ناوبرد و ((زێدەڕۆیی لە گیانی ئازادی كە ببووەهۆی ئەوەی هەندێ ویلایەت حەسوودی لەبەرانبەر ئەو دەستەڵاتەی لەدەستی

خۆیاندا نەبێ، نیشان بدەن))، سەرزەنشت كردبوو.[56] ئەو بۆ دەربڕینی بیروباوەڕەكانی خۆی لە زنجیرە گوتارێكی شەش بەشیدا لە رۆژنامە بەناوی خوازراوی (یەكێتی خوان) كەوتە باسكردنی پەیامەكەی خۆی و كەموكورتییەكانی پرەنسیپەكانی كۆنفیدراسیۆن و داوای پێكهاتنی ئەنجومەنێكی كرد. هەمیلتۆن لە كۆبوونەوەی ئاناپۆلیس بوارەكەی بۆ خۆی بەگونجاو زانی. بە سووربوونی ئەو، نوێنەران داوایان لە كۆنگرە كرد دانیشتنێك بۆ پێداچونەوەی پرەنسیپەكانی كۆنفیدراسیۆن تەرخان بكا.

كۆنگرە بە پەسندكردنی بەیاننامەیەك پشتگیری دانیشتنەكەی ئەم ئەنجومەنەی كردو ویلایەتەكانی بانگ كرد كە چەند نوێنەرێك بنێرن بۆ ((بایەخدان بە بارودۆخی ویلایەتە یەكگرتووەكان و دارشتنی تەگبیرێكی وا بۆ دوارۆژ كە بۆ دەستووری حكومەتی فیدرال، گونجاو لەگەڵ پێداویستییەكانی یەكێتی، بە بۆچوونی ئەوان پێویستە)). بریاردرا ((ئەنجومەنیبالاّ)) یان ((ئەنجومەنیفیدرال)) لە ئایاری ١٧٨٧ لە فیلادیلفیا پێكبێ. هەرچەندە لەو سەردەمەدا خەڵكی باوەڕیان وابوو كە ئامانجی ئەو دانیشتنە پێداچوونەوەی پرەنسیپەكانی كۆنفیدراسیۆنە، بەڵام لە واقیعدا، دەستوورێكی تازە دەركەوت. لەم رووەوە، كۆبوونەوە مێژووییەكەی فیلادیلفیا زۆرتر بەناوی ((ئەنجوومەتی دەستور)) ناسراوە.





## تەنگژەی دەستەڵات

رۆژنامەی (ئەمریكان ریكوردەر)ی چارلستۆن، ماساچۆست لەبەرانبەر یاخی بوونی شیز، لەسەرگوتاری رۆژی ١٦ی ئاداری ١٧٨٧ی خۆیدا رای خۆی دەربڕی كە رووداوەكان پێویستیان بە بوونی حكومەتێكی بەهێز هەیە. ئەم بڕگانەی خوارەوە لەكتێبی (ویلیام دادلی) بەناوی دەركەوتنی دەستوور، وەرگیراون:

((ئەم تەنگژەیەی كەلە كاروباری ئێمەدا پەیدابووە پێویستی بە تەواوی هۆش و توانای حكومەت هەیە، چونكە هەر مرۆڤێكی هۆشیار دەبێ دڵنیابێ كە نیگەرانییەكانمان زۆرتر دەرەنجامی كەمبوونی دەستەڵاتە نەك خراپ بەكارهێنانی -لە كاڵبوونەوە و تا رادەیەك لەناوچوونی حكومەتە فیدراڵییەكەمان- تایبەتمەندی بێتوانایی، بێ ڕێسا، موجامەلەكردن، وناجێگیریی ویلایەتەكەی خۆمان- لە بێسەروبەریی باری دارایمان -شێوەی ناماقول و زاڵمانەی باج وەرگرتنمان- سەرچاوەی لە ورۆژانی سەرسوورهێنەر ولادان لە پرەنسیپەكان لەناو خەڵكیەوە، گرتووە. مایەی سەرسووڕمان نییە ئەم لادان و بێسەروبەرییانە پەیدابووبن، سەیر ئەوەیە كە بەلەبەرچاوگرتنی ئەو هەلومەرجانەی ئێمە باسمان لێوەكرد، ئەم بێسەروبەرییانە زووتر دەركەوتن ودەرەنجامی وێرانكارانەتریان لێنەكەوتەوە. بەهۆی ئەوەی دەبێ باس بكرێ كە حكومەتێكی لاواز زیاتر لە

حکومەتێکی سەرکوتکەر، دەبێتە مایەی ناتەبایی، کەمبوونەوەی دەستەڵاتی تاکەکان یەکەمجار دەبێتەهۆی ئیدیعای یاساگەری و دواتر یاخیبوونێکی واقیعی دەخولقێنێ. کاتێ دایکوباوک دەستەڵاتیان نەبێ، منداڵەکان دەیانەوێ دەست لە کاروبارەکانیان وەردەن. بەردەوامبوون لەسەر ئەم رەوتە ئیدی لەتوانادانییە. لێرەدا چەند رێگایەکمان لەبەردەمدایە: یەکێکیان تووشی گێرەشێوێنیمان دەکا و ئەوەی تر دەستەڵاتی دەرەوە یان سەرکوتی ناوخۆ، بەڵام رێگایەکی دیکەش هەیە کە بەکارهێنانێکی ئاقڵانە وچالاکانەی دەستەڵاتی یاسا، دەستەڵاتێکی جێگیر و خۆشگوزەرانی گشتی لێدەکەوێتەوە. من لایەنگری سەرکوت نیم، بەڵام لەو باوەڕەدام ئەگەری دەرکەوتنی بەهۆی فەسادی حکومەتەکانمان زۆر کەمترە نەك وێڵی و خەیاڵپلاوی خەڵکی...

لەبارێکدا پێوەندەکانی یەکێتی بەم شێوەیە سستن، ئێمە ئیدی شایستەی ناوی میللەت نین، بەڵکو زۆرتر لە چەند تایەفەیەکیی بێ وڵاتی دەربەدەر دەچین. هۆشی حوکمدانی پێشوەختە کەمەکانمان، هەمیشە ئێمەی لەمەڕ ئەم بابەتە گرنگە رووبەڕووی گلەیی کردۆتەوە. ئێستا کە ئەزموون کەوتۆتە هاوکاری هۆش، وەرن باوازیان لێبهێنین. تەماشاکەن چ شتێك بێجگە لە کەمتەرخەمی ئەوان لە خوێندن و فێربوون دەبێتە رێگر





لە بەردەم زاڵ نەبوونی دەستەڵاتێکی بێگانە بەسەرماندا؟ کاتی ئەوە هاتووە رۆڵێکی گەورەتر بە حکومەتی فیدراڵی بدەین)).

## (٤)

## رێگای فیلادیلفیا

بەداوای دەستەكانی نوێنەرایەتی لە ئاناپۆلیس، كۆنگرە بەیاننامەیەكی بۆ چاوپێداگێڕانەوەی پرەنسیپەكانی كۆنفیدراسیۆن دەركرد و داوای لە سێزدە ویلایەتە نوێكە كرد نوێنەرەكانیان بۆ كۆبوونەوەی فیلادیلفیا بنێرن. دوازدە ویلایەت ئامادەبوون. وێڕای نارازی بوونی هەندێكیان لە ئەنجومەن، تەنیا رودئایلەند نوێنەری نەنارد.


داوا لە ویلایەتەكان كرابوو كە بە ویستی خۆیان نوێنەر بنێرن، لەو ٧١ كەسەی لەلایەن ئەنجومەنی ویلایەتەكانەوە كاندید كرابوون، ٥٥كەس لە ئەنجومەن ئامادەبوون. پەنسلڤانیا بە هەشت كەس گەورەترین دەستەی نوێنەرایەتی هەبوو، ڤێرجینیا حەوت نوێنەری نارد، ویلایەتە بچوكەكەی دیلاویر پێنج كەسی نارد.

ئەو ئەركەی رووبەڕووی نوێنەران ببۆوە، كارێكی ئاسان نەبوو. مانگێك پێش ئەم دانیشتنە، **جیمس مەدیسۆن** نووسی: ((پێویستی هەبوونی هاوڕایی ئەنجومەن لەمەڕ سیستمێك كە مەبەست وەدی بهێنێ، پاشان بڕیاری كۆنگرە و سەرەنجام

پشتگیری ویلایەتەکان، هەلێکی وا دەڕەخسێنێ کە هەرجارەی ئەگەر جگە لەمە هەڵبژاردنێك بکرایە، دەبووە مایەی نائومێدی)).[57] مەدیسۆن لەگەڵ لایەنگرەکانی دیکەی حکومەتی فیدراڵ هاوڕابوو کە ناکامی لە دروستکردنی حکومەتێکی نیشتمانی بەهێز دەبێتە هۆی لەناوچوونی ئەم میللەتە تازەیە.

## دژایەتی ئەنجومەن

بەڵام هەموو نیشتمانپەروەرانی میللەتی تازە لە ئەنجومەنی دەستوور ئامادە نەبوون. تۆماس جفرسۆن و جۆن ئادامس نەیاندەتوانی لە ئەنجومەن ئامادەبن چونکە وەك باڵوێز لە ئەوروپابوون. بەڵام هەردووکیان زۆر چالاکانە ئەو کارانەیان بەڕێوە دەبرد کە لەو پێناوەدا دەکرا و نامە و کتێب و راسپاردەی خۆیان بۆ هەموو لایەك دەنارد. ئەوانی دیکە بەهۆی نارەزابوونیان لە بەهێزکردنی رۆڵی حکومەتی نیشتمانی، نەهاتن بۆ کۆبوونەوە. هەروەك



ساموئیل ئادامز، لە ئەنجومەنی دەستوور ئامادە نەبوو، چونکە دژی حکومەتێکی نیشتمانی بەهێز بوو





مێژوونووس **فیردباربـاش** باسی دەکا ((لە ساڵی ١٧٨٧، تەنیا کەسانێکی کەم پەرۆشی دامەزراندنی حکومەتێکی نوێ بوون. ورەی ساڵی ١٧٧٦ لەگەڵ ساڵی ١٧٨٧ زۆر جیاواز بوو)).[58] **پاتریك هینری** یەکێك لەو کەسانە بوو کە ئامادە نەبوو، گوتی: ((بەگومانم)). هینری کە لایەنگرێکی سەرسەختی شۆڕشی ئەمریکا بوو، لەو باوەڕەدابوو کە ئەنجومەن، ویلایەتەکان لە دەسەڵاتی یاسادانان بێبەش دەکا. ئەو دواتر، لەکاتی پرۆسەی بڕیاردان لە دەستووری نوێ، لایەنگرێکی جددی زیادکردنی پاشکۆیەکی یاسایی بوو بۆ دەستوورەکە.

**ساموئێل ئادامزی** بازرگانی بۆستۆنیش کە خەباتی خەڵکی ماساچوستی لەدژی بەریتانیا بەڕێوەبردبوو، بانگێشتی بەشداریکردنی ئەنجومەنەکەی رەتکردەوە. ئادامز، لەپرۆسەی بڕیاردانی دەستووری نوێ لە ماساچوست، بەتوندی لەدژی وەستا. ئەو نووسی: ((من هەر لەسەرەتاوە گرفتم هەیە، چونکە لەباتی یەکێتییەکی فیدراڵی ویلایەتە ئۆتۆنۆمەکان، رووبەڕووی حکومەتێکی نیشتمانی دەبمەوە)).[59]

کۆنگرە کە هێشتا لە نیویۆرك خەریکی کۆبوونەوە بوو، بەزۆری لە دانوستاندنەکانی فیلادیلفیا بەگومان بوو. هەندێ نوێنەر نیگەرانی خۆیان لە ئامادەبوونی ئەندامان لە ئەنجومەن دەردەبڕی، بەتایبەتی ئەوکاتەی زانییان کارەکانی ئەنجومەن تا

هاوین درێژە دەكێشێ. **ولیام گریسۆن**، ئەندامی كۆنگرە و خەڵكی فێرجینیا، نووسی: ((لەو باوەڕەدانیم شتێكی زۆر بەكەڵكی لێوە پەیدابێ. خەڵكی ئەمریكا، بە بڕوای من ئامادەنین نوێكردنەوەی گەورە قبوڵ بكەن)).[٦٠]

چ دەقەوما ئەگەر ئەو و نارازییە جدییەكانی تری حكومەتێكی ناوەندی دەسەڵات لە كۆبوونەوەكەی فیلادیلفیا ئامادەبان؟ مێژوونووسان تەنیا دەتوانن پێشبینی بكەن، بەڵام سەبارەت بە باسكردن، لەوانەبوو، ئەنجومەن بەبێ بڕیار یەكی بكەوێ.

## ((ئەنجومەنی نیمچە خودایان))

**جۆرج واشنگتۆن** لەسەرەتادا پێشنیاری ڤێرجینیای بۆ ئامادەبوون لە ئەنجومەن قبوڵ نەكرد. ئەو دوای شەڕ، خانەنشینی و حەزی خۆی بۆ دانیشتن كێڵگە گەورەكەی لە مونت ڤرنون ڕاگەیاندبوو. بۆیە لە وەرامی بانگهێشتەكەی ڤێرجینیادا نووسی: ((هەرچەندە لەكاروباری دنیا دوورە پەرێزم، بە ڕاستگۆیی دانی پێدادەنێم كە ناتوانم خۆم بە بینەرێكی بێلایەن بزانم. بۆیە، دوای ئەوەی بە خۆشحاڵییەوە هاوكاری بە سەلامەت گەیشتنی كەشتییەكەم كردووە ... ئەركی من ئەمە نییە جارێكی دیكە خۆم بخەمە ناو دەریای گێروگرفتەكانەوە)).[٦١]

جیمس مەدیسۆن و هاوڕێكانی دوای پاشگەزبوونەوەیان





لێكرد. سەركەوتنی واشنگتۆن وەك ژەنەراڵ لەماوەی شەڕی سەربەخۆییدا ناوبانگ و ڕێزێكی زۆریان بۆ پەیداكردبوو، لایەنگرانی كۆبوونەوەكە لەو باوەڕەدابوون كە ئامادەبوونی ئەو، ئەم پەیامە بە كەسانی دیكە دەدا كە ئەم كۆبوونەوەیە، ڕووداوێكی بایەخدارە. جیمس مەدیسۆن لەو باوەڕەدابوو كە سەرنەكەوتن لە هاتنی واشنگتۆن وەك نوێنەری ڤێرجینیا ((لەوانەیە هەموو پرۆژەكە ڕووبەڕووی تێشكان بكاتەوە))،[٦٢] سەرەنجام، واشنگتۆن ڕازیبوو. ئەو نەتەنیا لە ئەنجومەن ئامادەبوو، بەڵكو بەدرێژایی كۆبوونەوەكان وەك سەرۆكی ئەنجومەن، خزمەتێكی بەنرخی پێشكەش كرد.

كەسانی دیكەش لە ئەنجومەنی دەستوور ئامادەبوون كە پێشتر بەڵگەكانی خۆیان بۆ دامەزراندنی حكومەتێكی ناوەندی بەهێز بەئاشكرا ڕاگەیاندبوو. **ئەلكساندەر هەمیلتۆن** نوێنەری نیویۆرك بوو كە پێشتر گوتبووی، چەندان ساڵ پێش ئەم ئەنجومەنە، پێكهێنانی ئەنجومەنی دەستوور پێویست بووە. **بنجامین فرانكلین** كە پێش سی ساڵ لە ئالبانی داوای یەكێتی كردبوو، یەكێك بوو لە نوێنەرانی پەنسلڤانیا. هەڵبەت جیمس مەدیسۆن یاساناس و سیاسەتمەدارە لاوەكەی ڤێرجینیا ئامادەبوو هەوڵە بەردەوامەكانی بۆ یەكێتی، نازناوی ((باوكی دەستوور))ی پێشكەش بكرێ.

نوێنــەران، کەســانی دیــار و ناســراو بــوون. جــۆرج ماســۆن، یەکێك لە نوێنەرانی ڤێرجینیا، نووسی: ((ئەمریکا بەدڵنیاییەوە لەم کاتەدا، باشترین کەسایەتییەکانی خۆی ناردۆتە پێشەوە)).[٦٣] کاتێ تۆماس جیفرسۆن لیستی ئامادەبوانی وەرگرت، بۆ جۆن ئادامزی نووسی کە ئەمە ((ئەنجومەنی نیمچە خودایانە)).

## دیدێکی ڕەشبینانە

بــەڵام هــەموویان لــەو بــاوەڕەدابوون ئەنجومــەنی فیلادیلفیــا سەرکەوتن بەدەست دێنێ. ولیام گریسۆن، نوێنەری ڤێرجینیا لە کۆنگرە، لە نامەیەکدا بۆ جێمس مۆنرۆ، ئەم باوەڕەی خۆی باسکرد کە ئەم ئەنجومەنە شتێکی لێ شین نابێ، چونکە حکومەتێکی بەدەستەڵات بە قازانجی ئابووری ویلایەتەکان نییە. ئەمەی خوارەوە، بەشێکە لە کتێبی مێژووی دووسەدساڵەی پەیدابوونی ئەمریکا لە نووسینی جین نیوینز.

((سەبارەت بەوەی کۆبوونەوەی (فیلادیلفیا) چی لێکەوتەوە، ناتوانم بە موتلەقی بیروڕای خۆم دەربڕم، بەڵام لەو باوەڕەدانیم شتێکی وا بەسوودی لێدەرچێ. خەڵکی ئەمریکا بە بڕوای من بۆ قبوڵکردنی نوێکردنەوەی گەورە ئامادەنین و وادێتە بەرچاو کە ئەوان لە ئاکامدا ناچارن بەهەرحاڵ پشتگیری بکەن یان ڕەتی بکەنەوە.

لە ماساچوست، خەڵکی باوەڕیان وایە حکومەت زیاد لەپێویست بەهێزە و ئامادەن تا بەمەبەستی دیموکراتیزەکردنی





زیاتری، جارێکی دیکەش یاخی بن. لە کونکیتوت، خەڵکی (پارەدان بۆ پشتگیری کۆنگرە)یان بەتوندی ڕەتکردەوە و ئەگەر کەسێك رایگەیاندبا دەیەوێ سەنتێك بۆ قەرزی ناوخۆ بدا، بۆ پاسەوانیش هەڵنەدەبژێردرا. رود ئایلەند نوێنەری خۆی نەناردووە ...

نیو هەمشایر لەسەردەمی ئاشتیدا یەك شلنگی نەداوە و بۆ هەمیشەش مەبەستی نەدانی هەیە –ئەگەر هەوڵ دەدرا بۆ قەرزی نیشتمانی باج لەخەڵك وەربگرن، لەماوەی دوو هەفتەدا پێنج سەد شیز سەریان بەرز دەکردەوە. لە نیویۆرك، خەڵکی بەئاسانی پارە دەدەن، چونکە بە تالانکردنی نیوجەرسی و کونکتیکوت دەتوانن کارەکە جێبەجێ بکەن. جەرسی بە ئەنگێزەی تۆڵەکردنەوە و بەرژەوەندی هەرکارێکی بیەوێ، دەیکا. پەنسلڤانیا بەمەرجێك دێتە ناوەوە کە مۆڵەت بدرێ کۆبوونەوەکانی هێزی ڕاپەڕاندنی ئەمریکا بەیەکجاری لە فیلادیلفیا بکرێن و ئیمتیازاتی بازرگانی دیکەی پێبدرێ کە قەرەبووی دەستەڵاتی ویلایەتەکەی بکاتەوە. لەمەڕ ویلایەتەکانی خوارو، قسەیەك ناکەم. بەڵام لەو باوەڕەدام کە ئەویش وەك هەر ویلایەتێکی تری یەکێتی (لەوانەیە بە ئەنگێزەی جیاواز) مەیلێکی وایان نییە بۆ ئەوەی دەست لە دەسەڵاتە کاریگەرەکەی خۆیان بکێشنەوە)).

## پەیوەندییە هاوبەشەکان

نوێنــەرە ئامادەبووەکــانی ئەنجومــەن خــاوەنی پێــشینەی جۆراوجۆربـوون، لەوانـە یاسـاناس، بازرگـان، جوتیـار، خـاوەنی کێڵگـە، پزیـشك، سیاسـەتمەدار، پـسپۆری کاروبـاری دارایـی و پسپۆری زانستی سیاسی –چەند لێپرسراوێکی باڵا– بوون.

لەکۆدا، کەسانی خاوەن بڕوانامە و ڕەنگە لەوانیش گرنگتر، بەئـەزموون بـوون. زۆربـەی زۆریـان لـە ئەنجومـەنی کۆچەرنشینان یــان ویلایەتــەکان خزمــەتیان کردبــوو، زۆربــەیان ماوەیــەك لــە کــۆنگرەی کۆچڕەونیــشاندا مابوونــەوە. هەشــت کەســیان لــەو کەسانەبوون کە ڕاگەیەنراوی سەربەخۆییان مۆرکردبوو. بەلایەنی کەمــەوە ســی کەســیان لەشــەڕی ســەربەخۆییدا بەشــداربوون. چەندان کەسیان ئـەزموونی نووسینی دەستووری ویلایەتەکەی خۆیــان، پەیماننامــەی مــاف، پرەنــسیپی کۆنفیدراســیۆن و بەڵگەنامــەکانی دیکــەی ئازادییــان هــەبوو. بــۆ نموونــە جــۆن دیکینـسۆن، نوێنـەری دیلاویـر، ڕاگەیـەنراوی مـاف و گلـەیی لـە کـۆنگرەی یاسـای پـول لەسـاڵی ١٧٦٥ و یەکـەمین ڕەشنووسـی پرەنسیپی کۆنفیدراسیۆنی ڕێکخستبوو. ئەو، ڕایدەسپارد:

((ئەزموون دەبێ تەنیا ڕێنوێنمان بێ. هۆش لەوانەیە وێڵمان بکـا))[٦٤] هـەروەك مێژوونووسـان ئۆسـکار و لـیلین هینـدلین باسـی دەکەن، ((بۆ ئـەم ئەرکـەی لەبەردەمایـە، زیرەکـی فیکـری کـەمتر لـە





پسپۆری بۆ گەیشتن بە تەوافوقی عەمەلی، بایەخداربوو))[٦٥].

ئەم ئەزموونە هاوبەشەی ئاسۆی دیدێکی فراوان و بێ هاوتای بە نوێنەران دەبەخشی. ئەوان شارەزای شێوازی ژیـانی کەسـانێك بـوون کـە لـە ویلایەتـەکان یـان ناوچەکانی دیکـە دەژیـان و زۆرتـر چاوەڕوان دەکرا خۆیـان بـە هـاووڵاتی ئەمریکایی بزانن نـەك هـی ویلایەتە سەربەخۆکانی خۆیان. ئەوان لـەکاتی هاوکاری لـە شـەڕ دژی ئینگلـستان فێربـبـوون کـە گـوێ بگـرن، گفتوگۆبکـەن، ڕێـك بکەون و بەری هاوکاری یەکتریان بۆ گەیشتن بە ئامانجی هابەش بینیبوو. مێژوونووسـێك دەنووسـێ: ((بـۆ مـاوەی چـەند سـاڵێك، خزمەتی دڵسۆزانەی ئەوان بۆ کۆنگرە، وەك برای لێکردبوون))[٦٦].

## بنچینەی فەلسەفی

بیروبــاوەڕی ئــەو کەســانەی لەســاڵی ١٧٨٧ لــە فیلادیلفیــا کۆبوونەوە، کاریگـەری ڕۆشـنگەرییان لەسـەربوو، ئەو بزاڤەی کە ڕوانگەی خۆی لەسەر بنـەمای هێـزی هـۆش‌و ڕێزگرتن لـە پێگـەی مرۆڤ چڕکردبۆوە. ڕۆشـنگەری، کـە چەندان ساڵ پێش شۆڕشـی ئــەمریکا سەرانــسەری ئــەوروپا و کۆچەرنــشینەکانی گرتبــۆوە، لەسـەر بنـچینەی بیروبـاوەڕی فەیلەسـوفە سیاسـییەکانی پێشوو، لەوانــە **تۆمـــاس هـــۆبز** و **جـــۆن لـــۆك** دامــەزرابوو. بیروبــاوەڕە گـشتییەکانی ڕۆشـنگەری بەشـێك لـەو دەرکـە گـشتییە بـوو کـە نوێنەران کردیانە بنچینەی کاری خۆیـان. ئەوان لـە بەرهەمـەکانی



فەیلەسوفی سیاسی جۆن لوك گەوهەری ڕۆشنگەری بە نووسینەکانی
کاریگەری گەورەی کردە سەر ئەوانەی پڕۆژەی دەستووری ئەمریکایان نووسی

**جۆن لۆك، شارل دومونتسکیو، جان جاك ڕۆسۆ** و ئەوانی دیکەیان دەکۆڵییەوە تا لەمەڕ ئەوەی حکومەتەکان چۆن بەرانبەر ویست و خواستەکانی خەڵکی بەرپرسیاربن و چۆن ڕێگە لە حکومەتەکان بگیرێ دەستدرێژی نەکەنە سەر ماف و ئازادییە مەدەنییەکانی خەڵك، ڕێنوێنی پەیدا بکەن.

بیروباوەڕی جۆن لۆك-ی فەیلەسوفی ئینگلیزی بەتایبەتی بەدرێژایی سەدەی هەژدە کاریگەر بوو. ئەو لە (دوو نامە لەبارەی حکومەت) کە لەساڵی ١٩٦٠دا نووسیبووی، وای بەڵگە هێنایەوە کە فەرمانڕەوایی هی دەوڵەت نییە، بەڵکو هی خەڵکەو، ئەو باوەڕەی ڕەتکردەوە کە دەیگوت پاشاکان دەسەڵاتی خۆیان لە هەقی خودایی وەردەگرن. ڕوونی کردەوە کە خەڵکی هەر لەخۆوە بەشێك لە ئازادییەکانی خۆیان وەلادەنێن تا یاسایەکی ڕوون و دادوەرییەکی ڕاستیان دەستکەوێ.

حکومەت تەنیا تا ئەوکاتە مافی فەرمانڕەوایی هەیە کە مافە





(سروشتییەکانی) تاکەکان لەبەرچاوبگرێ. لۆك لایەنگری شۆڕش بوو، ئیدیعای دەکرد شۆڕش نەتەنیا مافێکە، بەڵکو زۆربەی جارەکانیش ناچارییە، هەروەها داکۆکی لە ئازادی تایینی و جودایی کلێساو دەوڵەت دەکرد. گەلێك لەبیروباوەڕە سیاسییەکانی، لەوانە بیروڕای لەسەر مافە سروشتییەکان، مافی مۆڵکایەتی، ئەرکی حکومەت لە پاراستنی ئەم مافانە و حکومەتی زۆرینە لە دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکاندا جێگیر کران.

**شارل دومونتسکیو**، نووسەر و یاساناسی فەرەنسی، چەندان ساڵ کاتی خۆی بۆ لێکۆڵینەوە لە سیستەمی حوکمی بەریتانیا تەرخانکرد. ئەو لەساڵی ١٧٨٤ لە (گیانی یاساکان)دا باوەڕی وابوو کە دەسەڵاتەکانی حکومەت دەبێ لێکجودا و یەکسانبن تا ماف و ئازادییەکانی تاکەکەس دابین بکرێن. ئەو لەو باوەڕەدابوو کە دەسەڵات لە سیستەمی بەریتانیادا بەباشی لەنێوان پاشا و ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی لۆردان دابەشکراوە. مونتیسکیو ڕوانگەی وابوو کە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات، کۆیلەداری و بێدادی سەرچاوەی خراپەن. ئەو، لەو باوەڕەدابوو کە حکومەت بە لێك جوداکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەنێوان ڕاپەڕاندن و یاسادانان و دادوەریدا، بە فەرمانڕەواییەکی شەریفانە لەباتی ترس و تۆقاندن و بە پشتیوانی لە شان و

شەوكەتی مرۆڤ دەتوانێ لەو خراپانە بەدووربێ. **جیمس مەدیسۆن** دەیگوت كە مۆنتسكیو ئیلهامبەخشی سەرەكی تیۆری لێك جوداكردنەوەی دەسەڵاتەكان بوو كە لە دەستووری ویلایەتە یەكگرتووەكاندا رەنگی دایەوە.

**جان جاك رۆسۆ**، مۆسیقازان، نووسەر، فەیلەسوف و تیۆریسۆنی سیاسی سەدەی هەژدە، رۆڵێكی گرنگی لە بزووتنەوەی ئازادی تاكەكەس لە ئەورووپای رۆژئاوادا هەبوو. ئەو لە ساڵی ١٧٦٢، لە كتێبی (پەیماننامەی كۆمەڵایەتی)دا تەئكیدی كرد مەگەر خەڵكی خۆیان قبوڵی بكەن، دەنا هیچ یاسایەك مولزەم نییە، داكۆكییە سەرسەختانەكەی لە ئازادییە مەدەنییەكان و ئیرادەی گشتی لەبەرانبەر مافی خودایی، بەزۆری بە یەكێك لەو هێزە سەرەكییانە دەژمێردرا كە شۆڕشی فەرەنسا لە كۆتایی سەدەی هەژدەدا، خولقاندی.

## نوێنەرانی ئەنجومەنی دەستوور

پەنجاوپێنج نوێنەر لە سێزدە ویلایەت بەدرێژایی هاوینە گەرمەكەی ١٧٨٧ لە فیلادیلفیا كۆبوونەوە. هەریەكێك زانست و ئەزموون و بیروڕای تایبەتی خۆی هێنابوو. هەرچەندە ناوكۆی تەمەنی نوێنەران تەنیا سیوسێ ساڵ بوو، بەڵام هەریەكەی ئەزموونێكی بەنرخی هێنابوو. زۆربەی نوێنەران لە سیاسەت یان حكومەت خاوەنی ئەزموون بوون و لەژیانی خۆیاندا بازرگان،





یاساناس، جوتیار و شتی لەم جۆرە بوون. ویلایەتەكان بەو شێوەیەی كە نوێنەرەكانیان بەڵگەنامەی (دەستووریان) مۆركردووە، ریزدەكرێن. نیشانەی ئەستێرە نیشانەی ئەو نوێنەرانەیە كە لەكاتی مۆركردندا ئامادەنەبوون یان رەتیان كردەوە.

**نیوهەمشایەر**: جۆن لانگدون، نیكۆلاس گیلمن.

**ماساچوست**: ئەلبریج گری*، ناتانیل گورهام، روفوس كینگ، كالب سترانگ*.

**كونكتیكوت**: ولیام ساموئیل جونسون، روجەر شەرمن، ئەلیوەر ئەلسۆرس*.

**نیویۆرك**: رۆبەرت یەتز*، جۆن لانسینگ-كوڕ، ئەلیكساندەر هەمیلتۆن.

**نیوجەرسی**: ولیام لیوینگستۆن، دیڤید بریرلی، ولیام چەرچیل هوستون*، ولیام پترسۆن، جوناسان دیتۆن.

**پەنسلڤانیا**: تۆماس میفیلین، روبەرت موریس، جۆرج كلیمەر، جیرد ئینگرسول، تۆماس فیتز سیمونز، جیمس ویلسۆن، گوڤرنەر موریس، بنجامین فرانكلین، فرانسیس هاپكیسۆن.

**دیلاویر**: جۆرج رید، جۆن دیكینسۆن، گونینگ بدفورد-كوڕ، ریچارد باست، جاكوب بروم.

**مریلەند**: جیمس مەك هینری، دانێڵ ئۆسان تۆماس جنێفەر،

دانێڵ کارول، جۆن فرانسیس مرسر*، لۆسەر مارتین*.
**ڤێرجینیا**: جورج واشنگتۆن، ئەدموندز راندولف*، جۆن بلیر*، جیمس مەدیسۆن، جۆرج ماسۆن*، جۆرج وایت*،جیمس مەك کلرگ.
**کارۆلینای باکور**: ولیام بلانت، ئەلیکساندەر مارتین*، ولیام ریچارد سۆن دیڤر، ریچارد دۆبز سپایت، هوۆ ولیامسۆن.
**کارۆلینای خوارو**: جۆن راتج، چارلز کاتس ورس پینکنی، پیرس باتلەر.
**جۆرجیا**: ولیام فو، ئابراهام بالدوین، ولیام پیرس*، ولیام هوستون.

## ڕەزامەندی و نارازیبوون

نوێنەران لەسەر زۆربەی شتەکان یەکدەنگ بوون. ئەوان پێویستی بەڵگەنامەیەکیان دەرککرد کە ویلایەتەکان بەیەکەوە ببەستێتەوە و وەك یاسای ئەو وڵاتە بەکاربهێنرێ و بۆ ئەم مەبەستە بەدوای باشترین ڕێگەدا دەگەڕان بەبێ ئەوەی مافی هاووڵاتیان پێشێل بکرێ. لەم پرۆسەیەدا، ئەوان ڕێگەیەکیان گرتەبەر تا سیستمێکی حوکمی تازە بخولقێنن-تێزێکی گشتی سیستمی حوکمێکی نوێ داڕێژن کە بەتایبەتی بۆ وەڵامدانەوەی داواکاری و داخوازییەکانی هاووڵاتییەکانیان دروستکرابێ.

هەروەك مێژوونووس **جیمس مەك گریگۆر برنز** ڕوونیدەکاتەوە:





نوێنەران خۆیان بەتەنیا بەموڵکدار یان بازرگان یان یاساناس نەدەزانی. ئەوان خۆیان دەستەویەخەی (ئەزموونێکی) گەورە – زاراوەیەك کە زۆرجار بەکاریان دەهێنا– دەزانی کە ئاکامەکەی چارەنووسی وڵاتەکەیان بۆ ئایندە و لەئەنجامدا نەوەکانی ئایندەی خۆیان دەستنیشان دەکرد. ئەوان خۆیان بەکەسانی عەمەلی (پراگماتیس و.ك) –زاراوەیەك قەت بەکاریان نەدەهێنا– یان ئەوانە دەزانی کە لەپێناوی ئەو ئامانجەدا لەناو گیروگرفتەکاندا، ڕێگەی خۆیان دەدۆزنەوە. ئەو ئامانجە ئازادی بوو–ئازادی لەگەڵ دیسپلین، ئازادی لەگەڵ سەلامەتی و ئاسایش، ئازادی ویژدان، ئازادی موڵکایەتی، ئازادی لەگەڵ پێشدەستییەك بۆ یەکسانی، بەڵام لە هەمووان باڵاتر، ئازادی ... ئازادی ڕەمز و ئامانجی یەکێتییەك بوو کە پیاوە چالاکەکان دەیانتوانی لەدەوریدا کۆببنەوە.[٦٧]

نوێنەران هەروەها ڕێککەوتن کە ئازادی بەو شێوەیەی لەراگەیەنراوی سەربەخۆییدا وەسفکراوە، تەنیا بە پێکهێنانی حکومەتێکی کۆماری کە دەسەڵاتەکەی لە ڕەزامەندی هاووڵاتییانەوە سەرچاوەی گرتبێ، دەتوانێ دابین بکرێ. ئەزموونی ئەوان لەسەردەمی کۆچەرنشینەکان و لەسایەی پرەنسیپەکانی کۆنفیدراسیۆن نیشانیدابوون کە گەورەترین ئەرکیان دامەزراندنی حکومەتێکە دەسەڵاتێکی تەواوی هەبێ بۆ

کارکردن و هاوکات پارێزگاری مافەکانی هاووڵاتیان بێ لەبەرانبەر دیکتاتۆری. جیمس مەدیسۆن نووسی: ((لە دروستکردنی حکومەتێك کە جڵەوەکەی بکەوێتە دەست ئەوانەی حوکم دەگێڕن، گرفتی گەورە ئەوەیە سەرەتا دەبێ توانای کۆنترۆڵی هاووڵاتیانیان پێبدرێ و لەقۆناغی دواییدا ناچار بکرێ خۆی خۆی کۆنترۆڵ بکا)).[٦٨]

زۆربەی نوێنەران بە دیدوبۆچوونی خۆیان هاتنە ناو ئەنجومەنەوە –ئەو بۆچوونانەی لەئەزموونی دەگمەنەوە پەیدابیون. ئەو نوێنەرانەی لەکۆنگرەی کۆچەرنشینەکان خزمەتیان کردبوو، شایەدی بێتوانایی حکومەت بەپێی پرەنسیپی کۆنفیدراسیۆن بوون، بەشێوەیەك لەشێوەکان دەیانویست چەند گۆڕانکارییەك لە سیستمی حکومەتدا ببینن کە ڕۆڵی حکومەتی نیشتمانی بەهێز بکا.

بەڵام هەموویان لەسەر دروستکردنی حکومەتێکی نیشتمانی بەدەسەڵات هاودەنگ نەبوون، ڕۆبەرت یەتز و جۆن لاسینگ-ی کوڕ کە نوێنەری نیویۆرك بوون، دژی بەهێزکردنی حکومەتی نیشتمانی بوون و کاتێ ئاشکرابوو ئەنجومەن بۆ ئەم مەبەستە کاردەکا، وەك نارەزاییەك ئەوێیان بەجێهێشت. چەند ویلایەتێکی بچوك نیگەرانی ئەوە بوون کە ڕەنگە لەلایەن ویلایەتە گەورەکانەوە قوت بدرێن. ویلایەتی دیلاویر نوێنەرەکانی





لەگۆڕینی مادەی پێنجەم کە دەیگوت هەرویلایەتێك دەبێ یەك دەنگی هەبێ، قەدەغەکرد. بەدرێژایی چوارمانگ کۆبوونەوەی ئەنجومەن، نوێنەران چەندان جار بیروڕا جیاوازەکانیان خستەڕوو، چەندان جاریش ڕێککەوتن.

## ئامادەبوون بۆ ئەنجومەن

نوێنەران زۆر زووتر لەوەی لە فیلادیلفیا کۆببنەوە، دەربارەی ئەوەی داخوازی جێبەجێکردنی بوون، بیریان کردبۆوە. بەهیچ شێوەیەك ڕوون نەبوو کە چۆن دەست بەدامەزراندنی حکومەتێك بکرێ کەبۆ ئەم وڵاتە ڕووەو پێشکەوتنە بگونجێ، بەتایبەتی بەڕەچاوکردنی ئەوەی ئەمریکاییە نوێکان بەئاشکرا دژی پاشایەتی بوون. مێژوونووسان **ئۆسکار** و **لیلین هەندلین**، ئەو گیروگرفتانەی ڕووبەڕووی نوێنەران ببوونەوە، بەم شێوەیە لێك دەدەنەوە:

پێشینەی یەکێتییەکانی کۆن و یەکێتییە نوێکانی ئەوروپا زۆرباش نەبوو، چونکە مێژوو، تیۆری سیاسی ئەمریکاییەکانی فێردەکرد، لەبارێکدا دەوڵەتە بچوکەکانی وەك شارەکانی یۆنان یان ڕۆمی یان ڤینیسیا یان ویلایەتی (کانتۆنەکانی) سویسرا دەیانتوانی وەك کۆماری کاربکەن، لە قەڵەمڕەوێکی فراواندا تەنیا پاشا دەیتوانی بارودۆخەکە بپارێزێ ... کۆماری وەك سپارتە، ئەو دەمەی لاو و گچکە بوون، پاك و تەمیز بوون و لەگەڵ زۆرتر

بوونی رووبەر و نازونیعمەت، دەسەڵات و هەیبەتی خۆیان دۆڕاند.[٦٩]

لەکاتی مشتومڕی بڕیاردان لەسەر دەستوور، جۆرج ماسۆن، نوێنەری ڤێرجینیا، ئەم بێسەروبەرییەی بەم شێوەیە، دەربڕی:

مێژوو روونی کردۆتەوە کە قەت حکومەتێکی فەرمانڕەوای وڵاتێکی گەورە نەبووە ئازادییەکانی خەڵکی پێشێل نەکردبێ: مێژوو هەروەها بەشایەدی باشترین نووسەرەکان، نیشانمان دەدا کە لەوانەیە پاشایەك بۆ وڵاتێکی فراوان و حکومەتی دیکتاتۆری بۆ وڵاتێکی وا فراوان گونجاوبن، بەڵام حکومەتی خەڵکی تەنیا لە وڵاتی گچکەدا دەتوانن حوکم بگێڕن. ئایا لەڕووی زەوی تەنیا نمونەیەك هەیە کە پێچەوانەی ئەم بیروبۆچوونەبێ؟ ... ئایا نمونەی حکومەتێکی نیشتمانی و سەرانسەری هەبووە کە حوکمی وڵاتێکی وا فراوان و جۆراوجۆری کردبێ و خەڵکەکەی ئازادیی خۆیان پاراستبێ؟.[٧٠]



دامەزرانی ئەمریکاو دەستوورەکەی



جۆر ماسۆن، نوێنەری ئەنجومەنی دەستوور، گرفتەکانی پاراستنی یاسای لە وڵاتێکی پان وبەرین لەناو دابینکردنی ئازادییەکانی تاك،دەستنیشانکرد

هەروەها کاتی کۆبوونەوەی ئەنجومەن نزیك دەبۆوە، نوێنەران بیریان لەوە دەکردەوە چۆن ئەم مەسەلانە چارەسەر بکەن – چۆن کۆمارێك بخولقێنن بتوانێ وڵاتێکی وا فراوان و رووەو گەشەکردن بەڕێوەببا. دەستەی نوێنەرایەتی کارۆلینای باکور لەناو ئەنجومەن رایگەیاند کە ((مەیدانێکی زۆر فراوان لەبەرانبەرمان خۆی دەردەخا، بێئەوەی رێگەیەکی راست یان گونجاو کە میللەتانی تر پێشتر گرتویانەتە بەر، دیاربێ))[٧١]

هیچ کەس ئەوەندەی جیمس مەدیسۆن نوێنەری ڤێرجینیابە جدیەتێکی پشت ئەستوور بۆ ئەنجومەن کاری نەکردبوو. لەسەر داوای مەدیسۆن جیفرسۆن سەدان کتێبی –کتێب دەربارەی حوکم و تیۆری سیاسی، ئینسکلوپیدیا، مێژوو، ژیاننامە و بیرەوەری– ناردبوو. مەدیسۆن بەدرێژایی زستان خەریکی


خوێندنەوەی ئەو کتێبخانە فراوانە و نووسینەوەی یاداشت بوو.

ئەو بەوردی لە حکومەت و شارستانییە کۆنەکان و وڵاتانی مۆدێرن –لەوانە یەکێتیی ئەمریکا–ی کۆڵییەوە. ئەو لەنامەیەکدا رێك مانگێك پێش کۆبوونەوەی ئەنجومەن، کەبۆ واشنگتۆنی نووسی، گرنگترین ئەو خاڵانەی دەستنیشان کرد کە دەبوایە لێیان بکۆڵرێتەوەو بڕیاریان لێبدرێ. هەروەها شێوازێکی پێشنیار کرد کە دەیتوانی بۆ رێککەوتن لەسەر دەستووری نوێ بەکار بهێنرێ – شێوازێك بۆ بڕیاردان کەبۆ جێبەجێکردنی ئەم بەڵگەنامەیە، بەکاردەهێنرا.

### بۆ راگەیاندن

جیمس مەدیسۆن وەك هێزێکی بەتوانا و کاریگەر کاری بۆ دەستوور دەکرد. ئەو رەشنووسی تێزی ڤێرجینیای ئامادەکرد و چالاکانە لە دانوستانەکاندا بەشداریکرد. سەربار، کارە زەحمەتەکەی راگەیاندنی پوختەی دانوستاندنەکانی بەئەستۆوە گرت – زۆربەی ئەو شتانەی لەبارەی کاروبارەکانی ئەنجومەن دەیزانین، لە یاداشتەکانی ئەوەوە وەرگیراوە. مەدیسۆن پاشان گوتی کە ئەم کارە، برستی لێبڕیوە. لەم هەڵبژاردەیەدا، کە لەکتێبی (**کاترین درینکەر بوفن**) بەناوی (پەرجووی فیلادیلفیا) وەرگیراوە، مەدیسۆن ئەزموونی خۆی باس دەکا.

((کورسییەکم لەبەردەم مێزی سەرۆکایەتی ئەنجومەن دەستنیشانکرد. ئەمە جێگەیەکی گونجاو بوو بۆ بیستنی ئەو قسانەی دەکران. من بەشێوەیەك کە بخوێنرێتەوە و بەنیشانەی کورتکراوە کە خۆم شارەزای بووم ئەوەی لەلایەن سەرۆکەوە دەخوێنرایەوە یان لەلایەن ئەندامانەوە دەگوترا، دەنووسی. ماوەی حەسانەوە و نێوان دوو کۆبوونەوە، یەك دەقیقە کاتم بەفیڕۆ نەدەدا. لە کۆبوونەوەکاندا یان لەماوەی چەند رۆژێکی کۆتایی کۆبوونەوەکان، بواری ئەوەم بۆ هەڵکەوت یاداشتی رۆژانەم بەو شێوەو ئەندازەیەی کە بەختی خۆم لەفایلەکاندا تۆمار کرابوون، جارێکی دیکە بنووسمەوە ... نە رۆژێك دواکەوتم، نە دانێك، هەتا سەعاتێکیش هۆڵەکەم بەجێ نەهێشت))



جیمس مەدیسۆن بەدرێژایی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی دەستوور، یاداشتێکی وردی لەسەر بەڕێوەچوونی گفتوگۆکان نووسیوە

### کۆبوونەوە لە فیلادیلفیا

نوێنەران لە بەهاری ١٧٨٧ بەرەو فیلادیلفیا چوون، هەندێکیان هاوسەر و منداڵەکانی خۆشیان بردبوو. سەفەر بەزۆری دوورودرێژ و دژوار بوو، باران و رێگە قوڕاوییەکان

ڕێگەکەیان درێژتر دەکردەوە. هەندی نوێنەر چەند هەفتەیەك بەسواری ئەسپ، بە عارەبانە، یان بەسواری کەشتی بچوکی چارۆکەدار پێبەپێی کەنار، ئەو ڕێگەیەیان بڕی. بەدرێژایی مانگەکانی ئایار و حوزێران، نوێنەران یەك لەدوای یەك گەیشتنە فیلادیلفیا، چونکە ویلایەتەکە هەژار بوو، توانایئەوەی نەبوو بودجەی سەفەر ئامادەبکا. دوا نوێنەر، جۆن فرانسیس مرسەر، لە شەشی ئاب گەیشت.

لە چواردەی ئایار، ئەو ڕۆژەی بڕیاربوو ئەنجومەن دەست بەکارەکانی خۆی بکا، تەنیا نوێنەرانی پەنسلڤانیا و ڤێرجینیا و فیلادیلفیا ئامادەبوون. جیمس مەدیسۆن، کە یەکەمین نوێنەر بوو گەیشتبووە فیلادیلفیا، یاداشت و کاغەزی پەیوەست بە لێکۆڵینەوەکانی خۆشی هێنابوو. دواتر ئەندامانی تریش گەیشتن. ڤێرجینیاییەکان، لەو ماوەی چاوەڕوانی گەیشتنی نوێنەرانیان دەکرد، ڕۆژانە کۆدەبوونەوە ((تا یەکتر بناسن و دیدو بۆچوونەکانیان بەتەواوی یەك بخەن))[٧٢]. لەم کۆبوونەوانەدا، نوێنەرانی ڤێرجینیا ڕەشنووسی ئەو بڕیارەیان ئامادەکرد کە دواتر بە (تێزی ڤێرجینیا) ناوی دەرکرد.





## ((تکا دەکەم، پەلە بکەن))

دماوەی چەند هەفتەیەکدا نوێنەران، گەیشتنە فیلادیلفیا و بەشداری ئەو کۆبوونەوە نارەسمیانەیان دەکرد کە لەسەر بەرنامەی کاری ئەنجومەن قسەیان لێوە دەکرا. ئەوانەی زووتر گەیشتبوون، داوایان لە ئەندامانی وەفدەکان کرد ئەوانیش بەشدارییان بکەن. جۆرج ڕید نوێنەری دیلاویر بۆ ئەندامێکی درەنگ کەوتووی دەستەی نوێنەرایەتی خۆی نووسی:

خۆزگە لێرەبای. بەرای من بۆ ویلایەتە بچوکەکان بایەخدارە کە نوێنەرانیان بەوردی چاوەدێری جولانەوە و پێشنیاری ویلایەتە گەورەکان بکەن، چونکە لەوانەیە ئەوان ڕێککەون لەسەر ئەوەی بەیەکەوە ویلایەتە بچوکەکان قوت بدەن ... ئەگەر ئێوە حەزدەکەن بۆ پاراستنی خۆتان لەبەرانبەر هەوڵی لەم شێوەیە بەشداربێ، هەوڵبدە بەزوویی لێرە ئامادەبی))[٧٣]

ڕوفوس کینگ لە ماساچوست، خۆی لە کەمایەتیدا دەبینی و بۆیە بۆ ئەندامەکانی تری وەفدەکەی خۆی نووسی: ((شەرمەزارم لەوەی کە تەنیا نوێنەری نیوئینگلاند لێرەم. دواکەوتنی ئێوە لەوانەیە ببێتە هۆی بێبەشبوون. تکایە پەلەکەن))[٧٤].

## قەڵەمی بەتوانا

ئەو دیدو بۆچوونانەی لەناو نوێنەرە زووهاتووەکاندا بڵاو دەبۆوە، هەر تەنیا بە پێداچوونەوە و ڕیفۆرمی حکومەت


پەیوەست نەبوو. هەندێك پێشنیاریان دەكرد ویلایەتە یەكگرتووەكان ببێتە چوار ناوچە. هەندێكی تر گفتوگۆیان لەمەڕ لكێكی راپەڕاندن دەكرد. هەندێ نوێنەر دڵیان زۆر بە ئەنجومەن خۆش نەبوو، بەڵام ئەم هەستەی كە ئەوان لەئاستانەی بەرپاكردنی شۆڕشی دووەم دان، خەریك بوو لەناو كەسانی تردا دەردەكەوت. جۆرج ماسۆن ئەم بۆچوونەی بەم شێوەیە دەربڕی:

لە ویلایەتە یەكگرتووەكان گشت روانگەكان رووەو ئەم ئەنجومەنەیە و چاوەڕوانی ئەوان گەیشتۆتە پلەیەكی زۆر شێواو. خوا بكا ئێمە بتوانین بە دروستكردنی حكومەتێكی ئاقڵ و دادپەروەرانە ئەوان رازی بكەین ... یاخیبوون لەبەرانبەر بەریتانیای مەزن و پێكهێنانی چەند حكومەتێكی نوێی خۆماڵی لەو دەمیدا، بە بەراورد لەگەڵ ئەو ئەركە گەورەیەی ئێستا لەبەرانبەرماندایە، شتێكی وا نییە. لەو دەمیدا، پلەیەك جۆشوخرۆش هەبوو كە ئیلهامبەخش و پشتیوانی بیروهۆش بوو. بەڵام بینینی كاریگەرییەك كە دەزگای پێشنیاركراوی ئێستا كە لەوانەیە كاربكاتە سەر خۆشبەختی یان بەدبەختی ملیۆنان مرۆڤ كە هێشتا لەدایك نەبوون، بە ئامرازی ئارام و پتەوی هۆش، بابەتێكە بایەخێكی وای هەیە كە ... كاریگەرییەكانی هەستی مرۆڤ بۆماوەیەك لەكاردەخا.[٧٥]





ئەگەرچی چەكی شۆڕش یەكەمجار تفەنگی شەمخاڵ بوو، چەكی شۆڕشی دەستوور قەڵەمی بەتوانا بوو.



جۆرج رید نوێنەری دیلاویر لەوە نیگەران بوو
لە ئەنجومەنی ویلایەتە گەورەكاندا بەرژەوەندییەكانی
ویلایەتە بچوكەكان بخەنە مەترسییەوە

## (٥)

## ئەنجومەنی دەستوور

ماددەکانی دەستوور، سەرباری سەرکەوتنە بێ ئەملاوئەولکەای دواتریشی وەك بەڵگەنامەیەکی حوکم، چ لە ئەنجومەنی فیلادیلفیا و چ لە ئەنجومەنەکانی ویلایەتەکان کە بۆ بڕیاردان لەم دەستوورە بانگهێشت کران، زۆر بە گەرمی گفتوگۆی لەسەرکرا. ئەم گفتوگۆیانە، ویلایەتە گەورەکانی رووبەڕووی ویلایەتە گچکەکان کردەوە و باکوری خستە بەرانبەر باشور و لایەنگرانی حکومەتێکی بەهێزی رووبەڕووی لایەنگرانی مافی ویلایەتەکان کردەوە.

ئەنجومەنی دەستوور بووە کۆبوونەوەیەکی دووردرێژ. نوێنەران لەناو جۆشوخرۆشی ئەنجومەنی ویلایەتی پەنسلڤانیادا بەزەحمەت هەوڵیان دەدا ((یەکێتییەکی تەواوتر بخولقێنن)). لەهەندێ کاتدا وادەهاتە بەرچاو کە بیروبۆچوونەکان ئەوەندە لێك دوورە، مەترسی هەڵوەشانەوە زۆرە و دۆزینەوەی رێگەچارەیەك زۆر دوورە. هەروەك پێشتر گوتمان، گەلێ نوێنەر درەنگتر گەیشتن و هەندێك بەنۆرە گەڕانەوە ماڵەوە تا کارەکانی خۆیان راپەڕێنن یان سەردانی نەخۆشەکانیان بکەن. تا هەشتی تەموز، هەرسێ نوێنەرەکەی نیویۆرك فیلادیلفیایان بەجێ هێشتبوو، تەنیا **ئەلیکسەندەر هەمیلتۆن** گەڕایەوە. رۆبەرت یەتز و جۆن لانسینگ، وەك نارەزایی لەلایەنگری ئەنجومەن،

کشانەوە. نیویۆرک، بەهۆی هەڵبژاردنی نوێنەرانیەوە، تا رادەیەکی زۆر، لە کاریگەری هەمیلتۆنی کەمکردەوە. هەروەك جۆرج ماسۆن دوای کۆبوونەوە نووسی، ((یەتز و لانسینگ هەتا لە کۆبوونەوەیەکیش دەنگیان بۆ پێشنیارەکانی هەمیلتۆن نەدا و ئەویش ئەوەندە لەم مەسەلەیە توڕەبوو، لەداخان گەڕایەوە ماڵ))[٧٦]. لۆسەر مارتین، نوێنەری مریلەندیش بە دڵشکاوییەوە فیلادیلفیای بەجێهێشت و دوای ماوەیەك رایگەیاند: ((ئەگەر خەڵکی مریلەند بەم دەستووره رازیبوون، هەڵمواسن))[٧٧].

بەڵام زۆربەی نوێنەران ئیلتیزامیان بەم ئامانجەوە کرد. تەنیا بەهۆی ویست و ئیرادەی بەهێزی ئەم چەند کەسانەوە بوو کە دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکان خولقا. ئەم پیاوانە لەگەرمای هاوینی فیلادیلفیا حەڤدە هەفتە پێکەوە کاریانکرد تا لەسەر زنجیرە مەسەلەیەکی بنچینەیی-نوێنەرایەتی، یەکسانی و دەسەڵاتی ویلایەتەکان، شێوازی هەڵبژاردنی سەرکۆمار و نوێنەران، شێوازی ژماردنی بەندەکان بۆ نوێنەرایەتی و گەلێ مەسەلەی دیکە – رێك بکەون. لەئەنجامدا، دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکانیان هەندێجار بە (کۆمەڵێك پێکهاتنەوە) ناوبردووە.

## ئەنجومەن دەستبەکار دەبێ

تا ٢٥ی ئایار، سەرەنجام رادەی پێویستی (نوێنەران)ی حەوت ویلایەت گەیشتبوون. ئەنجومەن لەبارەگای ویلایەتی پەنسلڤانیا – ئەو ساختمانەی ئێستا پێی دەڵێن (تەلاری سەربەخۆیی)، کرایەوە.

لە یەکەمین رۆژی ئەنجومەندا، جۆرج واشنگتۆن بەکۆی دەنگ بە




دامەزرانی ئەمریکاو دەستوورەکەی

سەرۆکی ئەنجومەن هەڵبژێردرا. واشنگتۆن لە سەرۆکایەتی ئەنجومەندا، هەروەك مەیدانی نەبەرد، کارامەیی خۆی نیشاندا. ئەو، وەك سەرۆکی ئەنجومەن، لەمیانەی زۆربەی دانیشتنەکاندا بێدەنگ بوو، بەڵام نوێنەران دەیانگوت دەتوانن دیدەکەی بەهۆی باری دەموچاوی بزانرێ. دەبێ بگوترێ ئەو پێش دەسست پێکردنی کاری ئەنجومەن، مەیلی خۆی بۆ خولقاندنی حکومەتێکی ناوەندی بەدەسەڵات ئاشکرا کردبوو.

دوای ئەوەی نوێنەران خۆیان ناساند، دەستیانکرد بەدانانی رێوشوێنی پێویست بۆ بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەکان. رێوشوێنەکان سادەبوون. رادەی ئامادەبوونی پێویستی حەوت ویلایەت بۆ کارکردن، پێویست بوو. هەر ویلایەتێك، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ژمارەی دانیشتوان و رووبەرەکەی و ژمارەی نوێنەرانی، یەك دەنگی هەبوو، تەنیا ئەوکاتە دەیتوانی دەنگ بدا کە زۆربەی نوێنەرەکانی ئامادەبان. بڕیاردان بەپێی دەنگی زۆربەی ویلایەتەکان کە ئامادە بوون دەدرا. لەم میانەدا نوێنەران رێسایەکیان دانا بەو پێیە دەتوانرا چاو بەو ماددانەدا بگێڕدرێتەوە کە پێشتر لەلایەن زۆربەوە بڕیاریان لێدرابوو. ئەم رێسایە مۆڵەتی بە نوێنەران دەدا جارێکی دیکە لەو مەسەلانە بکۆڵنەوە کە بڕیاری دواتر کاریان تێدەکرد و بۆچوونی خۆیان بگۆڕن. بەدرێژایی کۆبوونەوەی ئەنجومەن، ئەم رێسایە بەزۆری سوودی لێ وەردەگیرا و نوێنەران چەند بابەتێکیان تاوتوێ دەکرد و دەنگیان لەسەر دەدا و پاشان چاویان پێدا دەگێڕایەوە. بواری چاوپێداگێڕانەوەی مەسەلەکان ئەم هەلەی بۆ نوێنەران دەرەخساند،

کاتێ زانیاری نوێ پێویستی کرد، بیروبۆچوونی خۆیان بگۆڕن.



ئەنجومەنی دەستوور لە ئەنجومەنی ویلایەتی فیلادیلفیا بەڕێوەچوو کە ئەمڕۆ پێیدەگوترێ (تەلاری سەربەخۆیی)

## ڤێرجینیا مەیدان ئامادە دەکا

لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی ئەنجومەنی فیلادیلفیا، هەر دەستەیەکی نوێنەرایەتی خۆی دەناساند و متمانەی خۆی پێشکەش دەکرد. هەندێ لە دەستەکانی نوێنەرایەتی ئەو بەلاغانەیان خوێندەوە کە لەلایەن ئەنجومەنی یاسادانانی ویلایەتەکانیانەوە ئامادە کرابوون و ئامانجی کۆبوونەوەکەیان گوتەوە. لەم هەڵبژاردەیەدا، کە لەکتێبی پەرجوی فیلادیلفیای کاترین درینکەردا چاپکراوەتەوە، دەستەی





نوێنەرایەتی ڤێرجینیا بۆچوونی خۆی لەمەڕ بایەخی زۆری ئەم کۆبوونەوەیە، دەردەبڕێ.

((سەردەمێکی ناسک هاتۆتە پێشەوە کە خەڵکی باشی ئەمریکا دەبوایە سەبارەت بەم مەسەلە ترسناکە بڕیار بدەن کە ئایا بە هەوڵی ماقوڵ و دووربینانە بەری بە هەقی ئەو سەربەخۆییەی بەو شکۆ و گەورەییەی وەدەستیان هێناوە و ئەو یەکێتییەی بەو هەموو قوربانییە پتەویان کردووە، دەچننەوە، یان بەڕێگاکردنەوە بۆ حەسودی و دەمارگرژی ناجوامێرانە یان بەرژەوەندی تەسک و کاتی ... بۆ دوژمنەکانمان ئەنگێزەی سەرکەوتن مەیسەر دەکەن))

نوێنەران هەروەها لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە مشتومڕ و گفتوگۆکانیان هەر لەناو ئەنجومەندابێ و نەچێتە دەرەوە. ئەم ڕێسایە مۆڵەتی بە نوێنەران دەدا ئازادانەتر قسەبکەن و لە کاریگەری گوشاری دەرەوە بەدووربن. تۆماس جیفرسۆن کە لە فەرانسەوە بەشداری پرۆسەکەی دەکرد، گوتی کە ئەو ئەم نهێنیکارییەی پێخۆش نییە، چونکە حکومەتی خەڵك دەبێ هەمیشە کارەکانی بەئاشکرا بەڕێوە بچێ. جیمس مەدیسۆن لە وەڵامدا وتی نوێنەران خەریکی بەڕێوەبردنی کاروباری حکومەت نین، بەڵکو دەستەویەخەی بنیاتنانی حکومەتن. دوای چەندان ساڵ مەدیسۆن لەبارەی ئەم ڕێسایە نووسی:

گیانی گۆڕاو و گونجاو دەستکەوتێکی زۆریان هەبووە. ئەگەر نوێنەران لەسەرەتاوە، بە ئاشکرا خۆیان مولتەزیم کردبا لەوەبەدوا گومانیان دەکرد کە دەبوو لەسەر دیدوبۆچوونەکانیان سووربن و واز لەبیروبۆچوونەکانیان نەهێنن. لەکاتێکدا، لەگفتوگۆی نهێنیدا، کەس

خۆی بەناچار نەدەزانی پێ لەسەر بیروبۆچوونەکانی دابگرێ، ئەوە نەبێ کە تەواو باوەڕی بەراستی ئەو بۆچوونانە هەبێ و دەستوپێی خۆی لەبەرانبەر هێزی بەڵگە و سەلماندن نەدەبەستەوە.[٧٨]

## پێشنیارەکانی سەرەتا

لە ٢٩ی ئایار، ئەنجومەن ئامادەبوو، ئەوەی بۆ کردنی ئامادەبوون -جێگیرکردنی پرەنسیپەکانی کۆنفیدراسیۆن- دەست پێبکەن. **ئەدمۆند راندۆلف** فەرماندەی ڤێرجینیا گوتارەکەی خۆی لە ئەنجومەن دەستپێکرد. ئەو، بە سوودوەرگرتن لە یادداشتەکانی کۆبوونەوەی دەستەی نوێنەرایەتی ڤێرجینیا، لیستێکی کەموکورتی پرەنسیپەکانی کۆنفیدراسیۆنی پێشکەشکرد و کەوتە تاوتوێکردنیان، رایگەیاند کە ئەم رێوشوێنانە لەسەردەمی ((نوێیەتی زانستی دەستووردا)) داڕێژراوە.[٧٩] پاشان بەپێی ئەوەی ڤێرجینیاییەکان پێش دەستپێکردنی کارەکانی ئەنجومەن باسیان لێوەکردبوو، پازدە رێگەچارەی بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم گیروگرفتانە پێشنیار کرد. ئەم تێزە وەك دواکار ئامادە نەکرابوو، بەڵکو خاڵێکی دەستپێکردن بوو بۆ باس و دانوسان. مەدیسۆن پاشان ناوینا ((تێزی ڤێرجینیا)) ((تێزێکی گشتی کە دەبوایە وردەکارییە باسنەکراوەکان دەرك بکرانایە، زاراوە و دەربڕینی گشتی دەبوونە وردەکاری)).[٨٠] نوێنەران دوارۆژەکانی هاوینیان بە لێکدانەوە و باس و گفتوگۆ و چاوپێداگێڕانەوە بە هەریەك لەو رێگەچارانە، بەسەربرد.

تێزی ناوبراو بە ڤێرجینیا جودایی هەمەلایەنە لە پرەنسیپەکانی کۆنفیدراسیۆن بوو. کۆنگرە دەبووە دوو ئەنجومەن و ژمارەی





نوێنەرانی، بەپێی ژمارەی دانیشتوانی ویلایەتەکان دەستنیشان دەکرا. بەپێی تێزی ڤێرجینیا، ئەندامانی هەردوو ئەنجومەن نە وەك ئەندامانی یەك فراکسیۆنی دەنگدەری ویلایەت، بەڵکو وەك تاك دەنگیان دەدا. تێزی ڤێرجینیا بەشێکی جێبەجێکردن و بەشێکی قەزایی زیادکرد کە دەبوو هەردووکیان هەڵبژاردەی کۆنگرەبن.

**چارلس پینکنی**، جوتیاری دەوڵەمەند و نوێنەری کارۆلینای خوارو، لەیەکەمین رۆژی ئەنجومەندا تێزێکی بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی یەکێتی پێشکەشکرد. لەبەرئەوەی دواکات بوو، ئەنجومەن بەبێ ئەوەی لە هیچیان بکۆڵێتەوە، کۆبوونەوەی ئەوێ رۆژێی تەواوکرد. دیارە، تێزەکەی پینکنی هەرگیز نەخرایە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

## کۆبوونەوە دەبێتە ئەنجومەنی دەستوور

رۆژی دواتر، کاتێ ئەنجومەن کۆبۆوە، بووە کۆمیتەیەکی گشتی لێکۆڵینەوە لە تێزەکەی ڤێرجینیا. کۆمیتەی گشتی -((کۆمیتەی)) هەموو نوێنەران- زەمینە خۆشکردنێك بوو کە یەکەمین جار پەرلەمانی بەریتانیا بەکاری هێنا و کۆنگرەی کۆچەرنشینان وەریانگرت. ئەم زەمینە خۆشکردنە مۆڵەتی بە ئەندامان دا وێنەیەکی گشتی لە مەیلی نوێنەران وەدەست بخەن. کۆمیتەی گشتی پاشان دەیتوانی چەند رێگەچارەیەك بۆ دەنگدانی (واقیعی) بۆ ئەنجومەن پێشنیار بکا، ئەم شێوازە بواری بۆ نوێنەران رەخساند، رێگەچارە بۆ مەسەلە دژوارەکان پەیدا بکەن.

کاتێ ئەنجومەن دەبووە کۆمیتەی گشتی، جۆرج واشنگتۆن

هەمیشە لەسەر کورسی سەرۆکایەتی دەهاتە خوارەوە و دەچووە ناو دەستەی نوێنەرایەتی ڤێرجینیا و ناتائیل گورهام لە ماساچوست، جێگەی ئەوی دەگرتەوە.



نوێنەرانی ئەنجومەنی دەستوور دەبنە کۆمیتەیەکی گشتی

لەکاتی کۆبوونەوەی ئەنجومەن، بەزۆری (لە دەرەوە) کار دەکرا. ئەم زاراوەیە، نوێنەران بۆ هەر گفتوگۆ و مشتومڕێك بەکاریان دەهێنا کە لەودیوی دیوارەکانی هۆڵ سەربەخۆیی دەکران. ڕێك هەر لەشەوی یەکەمەوە، لەئەنجامی ئەو گفتوگۆ و دانوستاندنانەی دەرەوە، گۆڕانێکی گرنگ ڕوویدابوو. **گوڤرنەر موریس**، نوێنەری پەنسلڤانیا، بەڵگەی هێنایەوە کە ڕێگەچارە پێشنیارکراوەکانی ڕاندۆلف لەراستیدا داواکاری پێکهێنانی سیستمی حوکمێکی نوێیە نەك چاوپێدا گێڕانەوەی پرەنسیپەکانی کۆنفیدراسیۆن. ئەو هەستی دەکرد






ڕێگەچارەی یەکەم کە دەیگوت ((پرەنسیپەکانی کۆنفیدراسیۆن دەبێ وا چاك بکرێن و فراوان بکرێن کە ئەو ئەنجامانەی لە دامەزراندنیانەوە لەبەرچاو بوون، واتە بەرگری هاوبەش، دابینکردنی ئازادی و خۆشگوزەرانی گشتی))[٨١] وەدیبێن، دەبێ سوود لە زمانێکی بەهێز وەربگرن تا ئەو گۆڕانە ڕەنگ بداتەوە کە ڕاندۆلف پێشنیاری کردبوو.

ڕۆژی دواتر، ٣٠ی ئایار، ڕاندۆلف پێشنیارەکەی مۆریسی پەسەندکرد. ڕاندۆلف جارێکی دیکە سرنجی خۆی دایە پێشنیاری یەکەمی ڤێرجینیا کە پێشکەشی ئەنجومەنی کردبوو: ((جۆرە یەکێتییەکی ویلایەتەکان ... ئامانجی پرەنسیپەکانی کۆنفیدراسیۆن وەدیناهێنێ))[٨٢] و لەباتی ئەو ((دروستکردنی حکومەتی نیشتمانی، کە سێ دەسەڵاتەکەی یاسادانان، راپەڕاندن و قەزا دەگرێتەوە))[٨٣] پێشنیارکرد.

بێدەنگییەك باڵی بەسەر هۆڵەکەدا کێشا. ئەو بیرەی کە ئەوان لەسەر ڕێگەی ئەوەدان لەباتی تەنیا چاوگێڕانەوە بە پرەنسیپەکانی کۆنفیدراسیۆن، بەتەواوی وازی لێبهێنن، سەرسوڕمانی نوێنەرانی وروژاند. چارلس پینکنی لە کارولینای خواروو، هەستا تا بپرسێ ئایا ((مەبەستی ڕاندۆلف بەتەواوی هەڵوەشاندنەوەی حکومەتی ویلایەتەکانە))[٨٤] ئەوانی دیکە لەوە نیگەران بوون کە ئەم بیرۆکەیە لە ڕاددەی ئەو دەسەڵاتانە تێدەپەڕێنێ کە لەلایەن ئەنجومەنەکانی ویلایەتەکان ((تەنیا بۆ مەبەستی ئاشکرا))ی چاوپێداگێڕانەوە بە پرەنسیپەکانی کۆنفیدراسیۆن پێیاندرابوو. **ئەلبریج گێری** لە ماساچوست بنچینەی بەڵگەکانی خۆی لەسەر ئەوە دامەزراند کە

((مایەی پرسیارە کە ... ئایا ئەم ئەنجومەنە دەتوانێ حکومەتێکی تەواو جودا پێشنیار بکا یان خودی کۆنگرە مافی ئەوەی هەیە ڕێگەچارەیەکی لەم جۆرە پێشنیار بکا ... ئەگەر ئێمە مافمان هەبێ بڕیار لەم ڕێگەچارەیە بدەین، مافی هەڵوەشاندنەوەی کۆنفیدراسیۆنیشمان هەیە)).[85]

جۆرج واشنگتۆن بە نوێنەرەکانی گوت سەبارەت بەوەی چاوەڕوانی وەدیهاتنی دەکەن و باشترین ڕێگەی گەیشتن بە ئامانجەکانتان، پشت بە دیدوبۆچوونەکانی خۆتان ... بابەتەکە بەوە کورتکرایەوە کە ئەوان دەبێ دەستوورێکی نوێ بنووسن وەڵامدەرەوەی پێداویستییەکانی خەڵکی بێت یان لەباتی ئەوە، خەریکی چاوپێداگێڕانەوە بە پرەنسیپەکانی کۆنفیدراسیۆن بن، هەرچەندە ئەم چاوپێداگێڕانەوەیە یارمەتییەکی واش پێشکەش بە بارودۆخەکە نەکا. لە کۆتاییدا، نوێنەران پێشنیاری ڕاندلفیان لەبارەی نووسینی دەستوورێکی نوێ پەسەندکرد. بە بڕیاردانی ئەم بەلاغە، کۆبوونەوە لە هۆڵی سەربەخۆیی بووە جۆرێك لە ئەنجومەنی دەستوور.



چارلز پینکنی نیگەران بوو لەوەی کە ئەنجومەن لەوانەیە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی تەواوی حکومەتەکانی ویلایەتەکان بدا





## تێزی ڤێرجینیا

کاتێ نوێنەران قبوڵیانکرد خەریکی نووسینەوەی دەستوورێکی نوێ بن، سرنجیان دایە لایەنەکانی تری تێزی ڤێرجینیا. ئەوان بەم پێشنیارە کە حکومەتی نیشتمانی سێ بەشی لێك جودای – راپەڕاندن، یاسادانان و قەزایی– هەبێ، رازیبوون. ئەم پێشنیارە لەلای ئەوان نوێ نەبوو، چونکە سستمی حوکمی زۆربەی ویلایەتەکان بەو شێوەیەبوو. ئەوان هەروەها پەسەندیانکرد کە سیستمی یاسادانان دوو ئەنجومەنی هەبێ، سستمێ کە لەهەموو ویلایەتەکان بێجگە لە پەنسلڤانیا، پێڕەو دەکرا.

بەڵام گەلێ ڕێگەچارە بە گرفت تر بوون. تێزی ڤێرجینیا پێشنیاری دەکرد کە ژمارەی نوێنەرانی ئەنجومەن بەپێی ژمارەی دانیشتوان بێ –پێشنیارێك کە هەندی لە ویلایەتەکان بە توندی دژی بوون و بڕیار لێدانی، نیوەی هاوینی پێچوو. کاتێ نوێنەران سرنجیان دایە کۆیلەیی –کە بەشێوەیەکی ڕۆژبەرۆژ زیاتر دەبووە بابەتی مشتومڕی نێوان ویلایەتەکانی باکور و خواروو– وەك پەڵە هەورێکی رەش فەزای ئەنجومەنی داگرتبوو. ئەم مەسەلانە بوونە مەسەلەی دژوار و مایەی فیتنە. لە چەند رۆژی داهاتوودا، چەند جارێك ئەنجومەن کارەکانی خۆی راگرت و وا دەهاتە بەرچاو کە نوێنەران بەبێ گەیشتن بە چارەسەرێك، دەچنەوە ماڵەکانیان. لەم کاتانەدا، نوێنەران ئەو مەترسیانەیان وەبیر یەکتر دێنایەوە کە ئەم وڵاتە تازەیە رووبەڕوویان دەبۆوە –گوشاری ناوخۆ و دەرەکی کە هەڕەشەی لەبەریەك هەڵوەشانەوەیان لێدەکرد– و چەندان جار مەسەلەکانیان تاوتوێ دەکرد تا لەئەنجامدا گەیشتنە سازش و ڕێککەوتنێك.

## تێزی نیوجەرسی

نوێنەران دوو هەفتەی دواتریان بۆ لێكدانەوەی هەر مادەیەك لە تێزی ڤێرجینیا تەرخانكرد. لە بەرەبەیانی چواردەهەمی حوزێران، ئەو ڕۆژەی بڕیاربوو دەنگ لەسەر تێزی ڤێرجینیا بدرێ، **ویلیام پترسۆن** لە نیوجەرسی رایگەیاند كە چەندان دەستەی نوێنەرایەتی داخوازی خستنەڕووی تێزێكی ترن. بەدوای ئەو، بە مەبەستی ئامادەكردنی تێزێك، كاری ئەنجومەن بۆ ڕۆژێك دواخرا.

تێزەكەی پترسۆن، كە بەتێزی نیوجەرسی ناوبانگی دەركرد، ئاراستەی جوڵانی ئەنجومەنی گۆڕی. ئەم تێزە داخوازی چاوپێداگێڕانەوەیەكی مامناوەندی تری پرەنسیپەكانی كۆنفیدراسیۆن بوو. تێزی نیوجەرسی لاوازییەكانی پرەنسیپەكانی كۆنفیدراسیۆنی لەبەرچاو دەگرت و دەسەڵاتی دانانی باج و ڕێكخستنی بازرگانی نێوان ویلایەتەكان و لەگەڵ وڵاتانی دەرەوەی دەخستە ئەستۆی كۆنگرەی كۆنفیدراسیۆن. تێزەكە بەشێكی ڕاپەڕاندن بەسەرۆكایەتی زیاتر لە كەسێك و دادگایەكی باڵا بە دەسەڵاتێكی دەستنیشانكراوی پێشنیار دەكرد. بەپێی ئەم تێزە یەك ئەنجومەنی یاسادانان دەبوو كە دەسەڵاتی خۆی لە ویلایەتەكان و نە لە خەڵكی، وەدەست دەخست. ئەنجومەنەكانی ویلایەتەكان هەروەها نوێنەریان دادەنا و مووچەكانیان دەدا. لە هەمووی گرنگتر، هەر ویلایەتێك هەروەك پێشان لە كۆنگرە یەك دەنگی هەبوو.






## نیگایەك لەناوەوە

مانگێك دوای دەستبەكاربوونی ئەنجومەن، نوێنەران تێزی ڤێرجینیایان تاوتوێكرد. بۆ گەلێكیان ئاشكرابوو كە شێوەیەكی تازەی حكومەت لەباری دروستبووندایە و كاری ئەنجومەن بەم زووانە تەواونابێ. كاتێ ئەنجومەن بەشێوەیەكی كاتی كارەكانی ڕاگرت تا مۆڵەت بە نیوجەرسی و ویلایەتەكانی تر بدا لەگەڵ تێزێكی جێگرەوەی تێزی ڤێرجینیا بێنەوە، دەستەی نوێنەرایەتی كارۆلینای باكور نامەیەكی بۆ فەرمانداری خۆی نووسی و بۆچوونی خۆی لەبارەی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی كاروبارەكان ڕوونكردەوە. ئەم نامەیە كاترین درینكەر لە (موعجیزە لە فیلادلفیا)دا بڵاوی كردۆتەوە:

((وێڕای ئەوەی ئێمە ڕۆژانە، بەتایبەتی شەموان كۆبوونەوەمان هەیە، دەستنیشانكردنی ئەوەی كە كارەكەمان كەی تەواو دەبێ، لەتوانادا نییە، مەیدانێكی زۆر فراوان لەبەرچاومانە بەبێ هەبوونی ڕاستەڕێیەكی گونجاو كە میللەتان هەمواریان كردبێ. یەكێتییەكی ویلایەتە ئۆتۆنۆمەكان كە لەگەڵ پاراستنی ئازادییە مەدەنییەكان، بە پەیوەندیگەلێك بەیەكەوە گرێدراوبن كە پارێزگاری حكومەتی جێگیر و كارابێ، سیستمێكە پێناسە نەكراوە، بارودۆخێكە لەمێژووی مرۆڤدا ڕووی نەداوە.

چەندان ئەندام، هاوسەرەكانیان لەگەڵ خۆیان هێناوە و هەندێكی دیكەشیان ناردوویانە هاوسەرەكانیان بێن. ئەمە وادیارە نیشانەی بەردەوام بوونە لەسەر كار بەدرێژایی وەرزی هاوین. كەسانی وەك ئێمە كە دەتوانن لێرە بمێننەوە و بەناچاری دەست لەكاروباری خۆیان

هەڵگرن، سوورن تا ئەو دەمەی کە هەرجۆرە بوارێك بۆ خزمەت بە ویلایەت و یەکێتی هەیە، لەسەر کاری خۆیان بەردەوام بن))



ولیام پترسۆن لە نیوجێرسی راسپاردەی ئەوەبوو کە سیاسەتێکی مامناوەندیتر لەلایەن ئەنجومەنەوە پێویستەو پێشنیاریکرد نوێنەران تەنیا خەریکی چاوپێداگێڕانەوەو چاککردنی پرەنسیپەکانی کۆنفیدراسیۆن بن

نارازییانی تێزی نیوجەرسی بەڵگەی وایان دێناوە کە ئەم تێزە ئەوەندە مایەی رەزامەندی نییە کە گیروگرفتەکانی پەیوەست بە پرانسیپەکانی کۆنفیدراسیۆن نەهێڵێ. تێزەکە باسی لەوە نەکرد کە دانوسانی نێوان ویلایەتەکان بەچ شێوەیەك یەکلابکرێتەوە. هیچ پارمەتییەکی ویلایەتەکانی نەدا بۆ رووبەڕووبوونەوەی نائارامی یان یاخیبوونە کۆمەڵایەتییەکانی وەك یاخیبوونی شیز. هەروەها لەبارەی بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان ویلایەتەکان یان دابینکردنی بەرگری هاوبەش یان ئابوورییەکی جێگیر، هیچ رێوشوێنێکی دەستنیشان نەکردبوو. نوێنەر **جۆرج رید** گوتی چاککردنی سیستمی کۆن ((وەك پۆشینی جلوبەرگی نوێیە لەسەر جلوبەرگی کۆن))[86]

دوای نێوەڕۆی نۆزدەی حوزێران، کۆمیتەی گشتی دەنگی بۆ ئەو





تێزەی ڤێرجینیا دا کە چاوی پێدا گێڕدرابۆوە. نوێنەران گەیشتبوونە ئەو ئەنجامەی کە پینەکردن و ئەم دەست و ئەودەستکردنی پرەنسیپەکانی کۆنفیدراسیۆن زۆر دژوارە. ئەوان هەروەها تێگەیشتن کە یەکلاکردنەوەی گەلێ مەسەلە کە لەمیانەی دانوستانەکانی چەند هەفتەی رابردوودا روون ببوونەوە، کاتێکی زۆرتریان پێویستە. لە واقیعدا، هەرچەندە ئەوان پەیکەری تێزەکەی ڤێرجینیایان وەك بنەمای کار لەبەردەستدابوو، ئامادەکردنی دواتێز بۆ کۆنگرە سێ مانگی دیکەی دەخایاند.

## حکومەتی نیشتمانی

لایەنگرانی مافی ویلایەتەکان دژی تێزەکەی ڤێرجینیا بوون. ئەوان لەوە نیگەران بوون کە ئەم تێزە کۆتایی بە تەمەنی حکومەتەکانی ویلایەتەکان بهێنێ و بەڵگەی وایان دێناوە کە دەوری خەڵك لە حکومەتێکی نیشتمانی دوورەدەست، کاریگەرییەکی وای نابێ.

نوێنەرانی دیکەش ئەوەیان بیردەخستەوە کە کێشمەکێش و حەسودی لەنێوان ویلایەتەکان سەرچاوەی گەلێ گیروگرفتی یەکێتییەکەیە. **جیمس ویلسۆن** قازی و زانای بەڕێز، نووسی: ((من ئەو مەترسییە نابینم کە دەڵێ حکومەتی نیشتمانی ویلایەتەکان قوت دەدا. بە پێچەوانەوە، ئارەزووم ئەوەیە کە (ویلایەتەکان) رێگەیان پێنەدرێ حکومەتی نیشتمانی قوت بدەن))[87]

ئەنجومەن سیستمێکی پێشنیارکرد کە تیایدا حکومەتەکانی ویلایەت و نیشتمانی بتوانن بەیەکەوە هەڵبکەن. خەڵکی بە هاووڵاتی

هەردوو حکومەتی نیشتمانی و حکومەتی ویلایەتی خۆیان دەژمێردران. ویلسۆن روونیکردەوە: ((من هەم هاووڵاتی پەنسلڤانیا و هەم هاووڵاتی ویلایەتە یەکگرتووەکانم))[88] ئەمە، بەکورتی، بنچینەی فیدرالیزم بوو.

بەپێی سیستمی پێشنیارکراو، تەنیا هەندێ لە دەسەڵاتەکان دەدرانە حکومەتی نیشتمانی، لەبارێکدا ویلایەتەکان ئۆتۆنۆمی خۆیان لە مەسەلەکانی تر دەپاراست. **جۆن دیکسۆن**، نوێنەری دیلاوێر کە رەشنووسی پرەنسیپەکانی کۆنفیدراسیۆنی ئامادەکردبوو، رایگەیاند: ((لێگەڕێ حکومەتەکەمان وەك کۆمەڵەی رۆژ بێ. لێگەڕێ حکومەتی گشتی وەك خۆر و ویلایەتەکان وەك ئەستێرەکان بن، هەم پاڵ بنێن و هەم راکێشن و لەکۆدا لە مەدارە جۆراوجۆرەکانی خۆیاندا بە رێکوپێکی و بەشێوەیەکی گونجاو بجوڵێنەوە))[89] دەوڵەت – شارەکانی کۆن لە یۆنان بەپێی سیستمی فیدرالی کاریان دەکرد، بەڵام لەسەردەمی هەبوونی ئەنجومەنی دەستوور، ئەمە، تێزێکی بێوێنە بوو.


## میللەتێکی پێکهاتوو لە برایان

جیمس ویلسۆن، لەو نوێنەرانە بوو کە داخوازی پێکهاتنی حکومەتێکی نیشتمانی بەهێز بوون. ئەو، لەم گوتانەی خوارەوە کە لەکۆبوونەوەی ئەنجومەنی دەستوور کردی، داوای لە نوێنەران کرد یادی ئەو هێزانە بکەنەوە کە بەدرێژایی شۆڕشی ئەمریکا ئێوەی یەکخست. ئەم هەڵبژاردەیە، لە کتێبی (کاترین درینکەر) بوون بەناوی پەرجوو لە فیلادیلفیا وەرگیراوە:



دامەزرانی ئەمریکاو دەستوورەکەی

((ئێمە دەبێ ئەو زمانە وەبیر خۆمان بهێنینەوە کە شۆڕشمان پێ دەست پێکرد: ڤێرجینیا ئیدی بوونی نییە، ماساچوست ئیدی بوونی نییە، پەنسلڤانیا ئیدی بوونی نییە. ئێمە ئێستا میللەتێکین لە برا پێکهاتووین، ئێمە دەبێ گشت پەیوەندیی و جیاکارییە ناوچەییەکانمان بنێژین ...



جیمس ویلسۆن، یەکێك لە سەرسەختترین نوێنەر بوو لە داکۆکیکارانی سیستمی حکومەتی فیدرالی

بەڵام دوای ماوەیەك دنیا گۆڕا. کاتێ حکومەتەکانی ویلایەتەکان پەیدابوون، حەسوودی و هەلپەرستی خۆی نواند. هەریەکەیان هەوڵیاندا پارچەیەك لەم نانە هاوبەشە لێبکەنەوە و بیخەنە سەر بەشی خۆیان، تا لە ئاکامدا کۆنفیدراسیۆن کەوتە بارودۆخێکەوە کەس خۆزگەی پێ ناخوازێ.

چاوێك بە پرەنسیپەکانی کۆنفیدراسیۆن بەرێگەی کۆنگرەدا بخشێننەوە ... یەکێك لە خاڵە لاوازەکانی، نەبوونی چاودێرییەکی کاریگەر لەلایەن گشت بەسەر بەشەکانییەوە. چ مەترسییەك هەیە ئەگەر گشت لەخۆڕا بەشێك بکاتە قوربانی؟ بەڵام مەسەلەکە هەڵگێڕینەوە، گشتەکە بخەینە دەست هەر بەشێك، ئایا لەم بارەدا بەرژەوەندی گشتی بەردەوام نابێتە قوربانی بەرژەوەندییە ناوچەییەکان؟))

## بێنەوبەردە لەنێوان ویلایەتە گەورەو گچکەکان

بە مشتومڕترین بابەت بەدرێژایی ماوەی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن، بابەتی نوێنەرایەتی بۆ ئەنجومەنی یاسادانان بوو. بەپێی ڕێوشوێنەکانی کۆنفیدراسیۆن، هەر ویلایەتێك، بەبێ لەبەرچاوگرتنی رووبەرەکەی، یەك دەنگی هەبوو. ماددەی یەك ویلایەتی یەکدەنگ – ماددەی پێنج– تەنیا دوای شەڕێکی درێژخایەن و توند لەنێوان ویلایەتە گەورەو گچکەکان خرابوونە ناو ڕێوشوێنەکانی کۆنفیدراسیۆن و ویلایەتە گچکەکان بەتوندی دژی هەر تێزێك دەبوون کە ئەم سیستمە باوەی گۆڕیبا.

تێزی ڤێرجینیا نوێنەرایەتی ڕێژەیی پێشنیار دەکرد کە تیایدا ژمارەی نوێنەرانی ئەنجومەنی یاسادانان بەپێی ژمارەی دانیشتوانی هەر ویلایەتێك دادەنرا. ویلایەتە گچکەکان زۆر تووڕەبوون. **گونینگ بیدفۆرد**، نوێنەرە تووڕەکەی دیلاویر، رایگەیاند: ((بەڕێزان، من متمانەم بە ئێوە نییە))[٩٠] لە واقیعدا، بەرنامەی کاری دیلاویر بۆ ئەندامەکانی ئەوەبوو، دەنگ بەو پێشنیارە نەدەن سیستمی یەکدەنگی ویلایەتەکان لەبەرچاو نەگرێ. ویلایەتە گچکەکان هەڕەشەیانکرد کە پەیوەندییان بە هەر یەکێتییەك دەپچڕێنن ئەگەر لەسەر بنچینەی ژمارەی دانیشتوان دامەزرابێ.


## سازشی گەورە

بۆ ماوەیەك وا دەهاتە بەرچاو کە ئەنجومەن لەوانەیە بەبێ ئەنجام، بۆ ماوەیەکی تر دوابخرێ –چاوەڕوانییەك کە نوێنەران لێی دەترسان. نوێنەران بەدرێژایی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن بەردەوام هەڕەشە





دەرەکییەکانیان وەبیر دێناوە. ئەلبریج گری ئاگاداری کردنەوە: ((ئەگەر ئێمە لەناو خۆماندا ڕێك نەکەوین، لەوانەیە شمشێری دەرەکی ئەم کارەمان پێبکا))[٩١] بیرەوەری و نامەو نامەکاری نێوان نوێنەران نیشانی دەدا کە ئەوان لەواقیعدا چەندە نائومێد و ڕەشبین بوون. لە دەی تەممووز، جۆرج واشنگتۆن لەنامەیەکیدا بۆ ئەلیکساندەر هەمیلتۆن بەم شێوەیە نیگەرانی خۆی دەربڕی:



ڕۆجەر شەرمن نوێنەری کۆنکیتکۆت بۆ یەکلاکردنەوەی مشتومڕی نێوان ویلایەتەبچوك و گەورەکان لەسەر نوێنەرایەتیکردنی ئەنجومەنی یاسادانانی نیشتمانی، هەوڵێکی زۆری دا

من لە بینینی مەسەلەیەکی ئیجابی لە دانوستانەکانی ئەنجومەن نائومێدم ... بەداخەوە کە ئێوە بەجێتان هێشت و ڕۆیشتن. ئارەزووم ئەوەیە بگەڕێیتەوە. بارودۆخ هەم بایەخدارە و هەم مایەی نیگەرانییە و لە هەلومەرجێکی وادا هیچ ناتەباییەك نابێ ڕێگە لە هەوڵەکان بگرێ تا دوا ڕێککەوتن وەدی دێ.[٩٢]

نوێنەران، لە گەڕان بەدوای ڕێگەچارەیەکدا، کۆمیتەیەکیان لە دەستەی نوێنەرایەتییەکان، واتە هەر دەستەیەك یەك نوێنەر،

دروستكرد. ئەم كۆمیتەیە، كە سەرۆكایەتییەكەی بەئەستۆی (رۆجەر شەرمن)ی نوێنەری كونكیتكوتەوە بوو، رەشنووسی تێزێكی ئامادەكرد كە ئەوان بەئومێدبوون هەردوولا رازی بكا. رێگەچارەی ئەوان، بە (سازشی گەورە) ناوی دەركرد، كە بنچینەی حكومەتی ئەمڕۆی ئەمریكایە. ئەم ئاشتەواییە، بە رێزی كاریگەری شەرمن (سازشی كونكیتكوت)یش دەناسرێ.

كۆمیتەی شەرمن سیستمێكی یاسادانانی دوو ئەنجومەنی (ئەنجومەنی نوێنەران) و (سەنا)ی پێشنیار كرد. ژمارەی ئەندامانی هەر ویلایەتێك لە ئەنجومەنی نوێنەران پەیوەندی بەرێژەی دانیشتوانییەوە هەبوو. ئەندامانی ئەم ئەنجومەنە دەبوو وەك تاك نەك بەناوی دەستەی نوێنەرایەتی ویلایەت هەڵبژێردرێن – ئەو مەرجەی بۆ نەهێشتنی نیگەرانی نوێنەرانی ویلایەتە گەورەكان لەبەرچاو گیرابوو. بۆ رازیكردنی نوێنەرانی ویلایەتە گچكەكان، بڕیار درابوو ویلایەتەكان لە سەنادا نوێنەرانی وەك یەكیان هەبێ. هەر ویلایەتێك دوو سیناتۆری هەبوو كە بۆ خولی شەش ساڵان خزمەتیان دەكرد. سیناتۆرەكانیش وەك نوێنەران وەك تاك نەك وەك نوێنەری ویلایەتێك هەڵدەبژێردران.

هیچ كەس بەزوویی بە پێشنیاری كۆمیتە رازی نەبوو، بەڵام بەدیلێكی باشتریان نەبوو. لە شازدەی تەمموز (سازشی گەورە) بەدەنگی كەمی پێنج ویلایەت لەبەرانبەر چواردا پەسەندكرا. لەئەنجامدا، شەش هەفتە دانوسان و مشتومڕ كۆتاییهات و ئەو بنبەستە كرایەوە كە خەریك بوو هەڕەشە لەكاری ئەنجومەن بكا.



دامەزرانی ئەمریكاو دەستوورەكەی

## مشتومڕ لەسەر كۆیلەداری

سازشی گەورە تەنیا بابەتێك نەبوو هەڕەشە لەكاری ئەنجومەن بكا. لەسەر بابەتی كۆیلەداریش، كاری نوێنەران گەیشتە دەستەویەخە.

لەسەدەی هەژدەدا، لە ئابووری، كولتوور و شێوازی ژیانی خەڵكی باكور و خەڵكی باشوور، جیاوازییەكی زۆر هەبوو. لەساڵی ١٧٨٧، ئەمریكاییە رەشەكان نزیكەی لە ٢٠٪ی دانیشتوانی ئەمریكایان پێكدێنا. ٩٠٪ی ئەم شەش سەد هەزار رەشپێستە، كۆیلەبوون. ئابووری باشوور كە بریتی بوو لە نیل، برنج و توتن بەتەواوی پشتی بە كۆیلەداری بەستبوو.



ئەو بابەتەی كە ئایا بەندەكان بەمەبەستی دەستنیشانكردنی ژمارەی نوێنەران بژمێردرێن یان نا؟ باس و مشتومڕێكی دوژمنكارانەی لەنێوان ویلایەتەكانی باكور و باشور وروژاند

بابەتی كۆیلەداری باكوری خستە بەرانبەر باشوور. ماساچوست لەناو سێزدە ویلایەتدا تەنیا ویلایەت بوو كە لەدەستوورەكەیدا كۆیلەداری قەدەغە كرابوو، بەڵام چەند كۆیلەیەك لەباكوری مەریلەند دەژیان. هەندێ لە لایەنگرانی هەڵوەشاندنەوەی كۆیلەداری، هەرچەندە نەیاندەتوانی رێگەی لێبگرن، لەو باوەڕەدا بوون كە لەوانەیە بتوانن رێگە لە بازرگانی كردن بە كۆیلەكان بگرن. ئەمە بەوردی، شتێك بوو نوێنەرانی باشوور لێی دەترسان. ئەوان، ئەمەیان بە هەرەشەیەك لە رێوشوێن و شێوازی تایبەتی ژیانی خۆیان دەزانی.

ناكۆكییەكانی نێوان باكور و باشور یەكەمجار ئەو كاتە سەریهەڵدا كە نوێنەران لەسەر مەسەلەكانی پەیوەست بە ژمارەی نوێنەران دەستیان بە گفتوگۆكرد و جیاوازی بیروبۆچوون لەسەر چۆنیەتی مامەڵەكردن لەگەڵ كۆیلەكان لە ژماردنی دانیشتوان پەیدا بوو. خەڵكی باشور دەیانویست كۆیلەكان لە ئاماركردنی دانیشتوان بۆ دەستنیشانكردنی ژمارەی نوێنەران لە ئەنجومەنی نوێنەرانی پێشنیاركراو حساب بكرێن تا ژمارەی نوێنەرانیان زۆرتر بێت.

خەڵكی باكور لەم مەسەلەیە تووڕە بوون. **ولیام پترسۆن** لە نیوجەرسی ئەم مەسەلەیەی بە سادەیی خستەڕوو: كۆیلەكان ((هۆكاری بەدەستەڵات نین، نە ئازادی شەخسی نە توانای هەبوونی موڵكایەتیان هەیە، بە پێچەوانەوە، خۆیان بەشێكن لە موڵك))[٩٣].
خەڵكی باكور لەو باوەڕدا بوون كە لەبەرئەوەی بەندەكان بە بەشێك لە موڵك دەژمێردرێن، ناتوانرێ لە ئاماركردنی دانیشتوان بۆ نوێنەرایەتی، لە ئەسپ یان مانگا زیاتر حسابیان بۆ بكرێ. دژەكانی





بەندەیی ترسیان لەوەش هەبوو ئەگەر مۆڵەت بدرێ كۆیلەكان بۆ مەبەستی نوێنەرایەتی حسابیان بۆ بكرێ، لەوانەیە ویلایەتەكان هەوڵ بۆ زیادكردنی بەندەكانی خۆیان بدەن.

## سازشی سێ بەپێنج


دانوستاندنی بەردەوام لەسەر ئەوەی كە ئایا كۆیلەكان ئامار بكرێن یان نا، چەندان هەفتە بەردەوام بوو. روون بۆوە كە بەلانی كەمەوە دوو ویلایەتی باشوور -كارۆلینای خواروو، جۆرجیا- دژی هەر دەستوورێك دەنگ دەدەن ئەگەر كۆیلەداری بە رەسمی نەناسێ. لە نیوەی مانگی تەمموز، دوای چەندان هەفتە مشتومڕ، نوێنەران لەسەر بنەمای ئەوەی بە (سازشی سێ بە پێنج) ناوی دەركرد، بابەتەكەیان چارەسەركرد. بەپێی ئەم رێككەوتنە، كۆیلەكان بۆ مەبەستی نوێنەرایەتی و باج سێ بە پێنج كەسانی ئازاد دەژمێردران (واتە پێنج بەندە بەرانبەر سێ كەسی ئازاد).

ماددەكانی تری پەیوەست بە بەندەش، لە كۆبوونەوەكانی ئەنجومەن زیادكران. نوێنەران بەوە رازی بوون مەرجێك لە دەستووردا بنووسرێ كە دەسەڵاتی رێكخستنی بازرگانیكردن بە كۆیلە تا پێش ساڵی ١٨٠٨ لە كۆنگرە وەردەگیرایەوە. سەربار، نوێنەرانی باكور بە نابەدڵییەوە ماددەیەكیان پەسەندكرد كە مۆڵەت بە بەندەكان دەدا بەندەی راكردوو بۆ ویلایەتەكانی تر هەڵدەهاتن، بگێڕنەوە. لەبەرانبەردا، ویلایەتەكانی باشور قبوڵیانكرد كە كۆنگرە مۆڵەتی هەبێ باج لەسەر هەر كۆیلەیەك دابنێ.

هەڵبەت هەموو نوێنەران -هەتا ئەوانەی باشووریش- لە ئەنجامی

ئەم مشتومڕانە دڵخۆش نەبوون. جۆرج واشنگتۆن کە خۆی خاوەنی کۆیلە بوو، لە نامەیەکدا بۆ جفرسۆن نووسی کە ئارەزوو، حەزی ئەمە بوو ((تێزێك قبوڵ بکرێ کۆیلەداری لەم وڵاتەدا بەپێی یاسا هەڵبوەشێتەوە)). [94]

واشنگتۆن گەیشتە ئارەزووی خۆی، بەڵام دوای چەندان ساڵ. شەڕی ناوخۆ جارێکی دیکە باکور و باشوری لە مشتومڕی پەیوەست بە بەندەیی رووبەڕووی یەك کردەوە و ئەو یەکێتییەی بەوردی لە ئەنجومەنی دەستووردا بەدەست هاتبوو، لەنەمان نزیك کردەوە. میللەت تا رادەیەك بەو هۆیەوە مایەوە کە دانەران لەسەر ئەو باوەڕە سوور بوون کە یەکێتییەکی بەهێز لەنێوان ویلایەتەکاندا پێداویستییەکی ژیانە و ئەم دیدە ستراتیژییەیان هەبوو دەرك بکەن کە لەساڵانی ئایندەدا سازشی زۆرتر پێویست دەبێ.



جۆرج واشنتۆن بەئومێدبوو بەمەرجێك لە دەستووردا
بنوسرێ بەیاسا کۆتایی بە بەندەیی بهێنرێ





## (٦)

## لەدایکبوونی دەستوور

بەو ئاشتەواییە گەورانەی لە نیوەی تەمووزدا کران، ئەنجوومەن بەسەر مەترسی هەڵوەشانەوەدا زاڵبوو، و نوێنەران توانییان سرنجی خۆیان بخەنەسەر ئەو بابەتانەی کەمتر مایەی مشتومڕ بوون. پەنسلڤانیا گازێت لە هەژدەی تەممووزدا نووسی:((ئەو رێککەوتنە تیۆرییەی لە ئەنجوومەن لەسەر هەموو بابەتە گرنگەکانی فیدرال کراوە، بەشێوەیەك دیاروبەرچاوە کە پێشنیارکراوە شوێنی کۆبوونەوە (تەلاری یەکێتی) ناوبنرێ)). [95]

لەوانەیە گازێت زێدەڕۆیی کردبێ، بەڵام هەستی هاوئاهەنگییەکی تازە لەنێوان نوێنەران پەیدا ببوو، ئەمەش نیشانەیەکی باش بوو بۆ ئەنجوومەن. هەرچەندە نیوەی هاوینیش تێپەڕیبوو، هێشتا دەبوایە گەلێ مەسەلەی دیکەش یەکلا بکرابانەوە. دەستەڵاتەکانی یاسادانانی نیشتمانی دەبوو چەندبێ؟ پێکهاتی دەستەڵاتی راپەڕاندن دەبوایە چۆن بێ؟ دەستەڵاتی دامەزراندنی قازییە نیشتمانییەکان دەبوایە بەئەستۆی کێوەبێ؟ وڵاتی نوێ دەبوو بەچ شێوەیەك مامەڵە لەگەڵ قەڵەمڕەوی رۆژئاوای بکا؟ بەشێوەیەکی سەرەکی، دەبوو

پرۆسەی پەسندکردنی دەستووری پێشنیارکراو چۆن بێ و کێ ئەم دەستەڵاتەی هەبێ بیکاتە یاسای ئەم وڵاتە؟

## لێکجوداکردنەوەی دەستەڵاتەکان

نوێنەران لەئەنجوومەنی دەستوور لەیەك شتدا هاوبەشبوون: هەموویان لە کۆچەرنشینەکاندا، لەسایەی فەرمانڕەوایی ئینگلستاندا ژیابوون و ئەزموونی ستەم و سەرکوتی رژێمێکی دیکتاتۆریان هەبوو کە مۆڵەتی دەربڕینی بیروبۆچونیان لەمەڕ بڕیارەکانی، نەدەدان. ئەمە، بەتایبەتی لەکاتی نووسینەوەی دەستوور لەهەر شتێکیتر زیاتر لەزەینیاندابوو.

دانەرانی دەستوور دەیانویست دڵنیابن کە هیچ کەسێك وەك پاشایەك نەبێتە خاوەنی دەستەڵاتێکی زۆر. مەدیسۆن، نووسی:((کۆبوونەوەی گشت دەستەڵاتەکانی یاسادانان، راپەڕاندن و قەزایی لەدەستی یەك کەسدا، پێناسەیەکی وردی ستەمگەرییە))[٩٦]. دانەرانی رەشنووسی دەستوور، سستمێکیان ئامادەکرد کە دەستەڵات لەنێوان سێ بەشی حکومەت –یاسادان، راپەڕاندن و قەزایی– دابەش دەکرد.

## دەستەڵاتەکانی یاسادانان

بێتوانایی لە سپاردنی دەسەڵاتی تەواو بە کۆنگرە، نوێنەرانی خستبووە هەڵوێستێکەوە، بەتەواوی دۆش دامابوون. رەنگە گەورەترین تەنگژە کە یەکێتی لەسەر بنەمای پرەنسیپەکانی





کۆنفیدراسیۆن رووبەڕووی ببۆوە، مەسەلەی پارە بێ. کۆنگرە نەیدەتوانی بودجە زیاد بکا، ئەمەش ببوە هۆی ئەوەی سوپا لەشۆڕشی ئەمریکادا بەبێ پێداویستییە گرنگەکانی بمێنێتەوە و کۆنگرەش ئامرازی دانەوەی قەرزەکانی شەڕی نەبێ.

بەڵام هەموو نوێنەران رازی نەبوون کە سپاردنی دەسەڵاتی زیادکردنی بودجە بە دەسەڵاتی یاسادانانی نیشتمانی، رێگەچارەیەکی گونجاوبێ. جۆرج ماسۆن لە ڤێرجینیا تا کۆتایی لایەنگری مافی ویلایەتەکان بوو، نیگەران بوو لەوەی کە ئەم دەسەڵاتە لەوانەیە هەنجەتی شەڕکردن دژی ویلایەتەکان بداتە حکومەتی نیشتمانی. ئەو دەیپرسی: ((ئایا میلیشیاکان لە ویلایەتێکەوە دەچنە ویلایەتێکی تر تا باجی نەدراو لە ئەندامانی قەرزاری کۆماری وەربگرن؟ ئایا هاووڵاتیانی هەڵمەت بۆکراو دەست ناخەنە ناودەستی یەکتر تا وەك یەکەیەك لەبەرانبەر هێرشی یەکێتی راوەستن و خۆیان رزگار بکەن؟))[٩٧].

واقیع بینی لەم مشتومڕەدا سەرکەوت و دەسەڵاتەکانی کۆنگرە بەرێژەیەکی بەرچاو زیادیکرد. مەدیسۆن پێشنیاریکرد مافی ڤیتۆی هەر یاسایەکی ویلایەتی کە بەپێچەوانەی فەرمانڕەوایی میللەت بێ، بە کۆنگرە بدرێ، بەڵام لایەنگرانی مافەکانی ویلایەتەکان لەم مشتومڕەدا سەرکەوتن. لەبەرانبەردا، نوێنەران کە بڕیاریاندا ئەو دەستەڵاتە تایبەتییەی بە کۆنگرە

درابوو، بنووسن لەوانە دەسەڵاتی ڕێکخستنی بازرگانی نێوان ویلایەتەکان و وڵاتانی دەرەوە، زیادکردنی بودجە بەهۆی دانانی باج و قەرزو لێدانی سکە. سەربار، دەسەڵاتی هەبوونی سوپایەك و ڕاگەیاندنی شەڕیش بەکۆنگرە درا.

بەڵام لەم مشتومڕەی کە لەسەر یاسای نیشتمانی ویلایەتەکان کرا، گۆڕانکارییەکی گرنگ ڕوویدا. سەیر لەوەدایە لۆسەر مارتین کە دواتر وەك نارەزایی ئەنجومەنی بەجێهێشت، پێشنیاریکرد یاسا و پەیماننامە نیشتمانیەکان (لە یاسا تایبەتییەکانی ویلایەتەکان لەپێشترین ... لەئەنجامدا سیستمەکانی قەزایی ویلایەتە جیاوازەکان بە بڕیارەکانی خۆیانەوە پابەندبن، هەرچەندە پێچەوانەی یاسا تایبەتییەکانی یەکبەیەکی ویلایەتەکان بن))[٩٨] دەستەکانی نوێنەرایەتی بەکۆی دەنگ، بەوە ڕازیبوون کە پێی دەوترێ ماددەی لەپێشتر و یاساکانی فیدرال دەخەنەپێش یاساکانی ویلایەتەکان.

## بەشی ڕاپەڕاندن

تۆماس جیفرسۆن گوتبووی: ((بەشی ڕاپەڕاندن لە پرەنسیپەکانی کۆنفیدراسیۆن، لە ماددەکانی تر زیاتر، سەرچاوەی خراپە بوو ... لە ئەنجومەنێکی گەورەدا هیچ شتێك ئەوەندەی وردەکارییەکانی ڕاپەڕاندن بەگرفت و بەئازارتر نییە ... گچکەترین بابەتی لەم جۆرە ئەوەندەی گرنگترین بڕیاری





یاسادانان کاتی دەوێ و جێگەی کارێکی دیکە دەگرێتەوە))[٩٩]

نوێنەران ڕازیبوون بەشی ڕاپەڕاندن پێویستە، بەڵام لەمەڕ چۆنیەتی داڕشتنی، بیروباوەڕیان جودابوو.



ماددەی لەپێشی دەستوور کە لەلایەن (لۆتەر مارتین)ەوە پێشنیار کرابوو، یاساکانی فیدرالی خستە پێش یاساکانی ویلایەتەکان

چارلس پینکنی لەو نوێنەرانە بوو کە داخوازی ((دەسەڵاتێکی بەهێزی ڕاپەڕاندن)) بوون.[١٠٠] بەڵگەکانی لایەنی پینکنی ئەمەبوو کە بۆ ڕێبەرایەتی وڵات نەتەنیا لەناوخۆ، بەڵکو هەروەها لەمەسەلەی ڕووبەڕووبوونەوەی پاشاو شانشینەکانی ئەوروپاش، دەسەڵاتێکی بەهێزی ڕاپەڕاندن و یەکگرتوو پێویستە. هەروەك دواتر ئەلیکساندەر هەمیلتۆن لە (یاداشتەکانی فیدرالیست) کە زنجیرە گوتارێك بوو لەکاتی ململانێ بۆ بڕیارلێدانی، لەمەڕ ناسین و داکۆکی لە دەستوور، نووسی: ((لە پێناسەی حکومەتێکی باشدا، توانای دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن تایبەتمەندییەکی بنچینەییە. پارێزگاری لە کۆمەڵ لەبەرانبەر هەڵمەتەکانی دەرەوە پێویستە، چەسپاندنی

بەردەوامی یاساكان – دابینكردنی ئازادی لەبەرانبەر ڕێوشوێن و هەڵمەتی هەلپەرستانە، لایەن و ئاژاوەگێڕی بایەخێكی دواناوەندی هەیە))[101]

جیمس ویلسۆن روونیكردەوە كە بێجگە لەوە، ستەمگەری بە هەمان سادەیی دەتوانێ لەكۆنگرە یان سوپا پەیدابێ.


دەسەڵاتی بەهێزی راپەڕاندن دەتوانێ بە ڕێگەگرتن لە ئەگەری دەركەوتنی ستەمكاری، یارمەتی بەشی یاسادانان بدا.

ئەوانی دیكە بە توندی دژی دەسەڵاتێكی یەكگرتووی راپەڕاندن بوون، چونكە دەسەڵاتێكی لەرادەبەدەری دەخستە دەستی كەسێكەوە، بۆ نمونە، بنجامین فرانكلین،لایەنگری ئەوەبوو دەسەڵاتی سەرۆكایەتی هێزی راپەڕاندن بە سێ كەس بسپێردرێ كە هەریەكەی لە بەشێكی لێكجودای وڵات هەڵبژێردرێن. لە كۆتاییدا، ئەم بیرۆكەیە بە بیرۆكەیەكی نەكارا لەقەڵەم درا. نوێنەران دەنگیان بۆ دەسەڵاتێكی یەكگرتووی راپەڕاندن داو دوای مشتومڕێكی زۆر، بڕیاریاندا ئەم پلەیە سەرۆكایەتی كۆماربێ.






نوێنەران دەبوایە ماوەی سەرۆكایەتی كۆماریشیان دەستنیشان كردبا. هەندێك، داخوازی سەرۆكایەتی هەتا مردنیان دەكرد، بەڵام زۆربەی نوێنەران بە ماوەیەكی كورتر رازیبوون كە دەسەڵاتی چاودێریەكی پێویست بەسەر دەسەڵاتی سەرۆك كۆمارەوە بخولقێنێ. دوای پێشكەشكردنی پێشنیاری جۆراوجۆر، سەرەنجام ئەوان بە چوارساڵ رازیبوون.



بنجامین فرانكلین باوەڕی وابووكە دەسەڵاتەكانی سەركۆمار بدرێتە سێ كەس تا رێگە لە دیكتاتۆری بگیرێ



گوڤەرنەر موریس هەستی دەکرد سپاردنی مافی هەڵبژاردنی سەرکۆمار بە کۆنگرە، دەسەڵاتێکی زیاتر دەداتە بەشی یاسادانان

پاشان، پێویست بوو روون بێتەوە کە سەرکۆمار بە چ شێوەو رێگەیەك هەڵبژێردرێ. جیمس ویلسۆن وای بۆ دەچوو کە سەرکۆمار دەبێ بەدەنگی راستەخۆی خەڵکی هەڵبژێردرێ، بەڵام هەتا ئەو کەسانەی ئەم رایەیان پەسەند دەکرد، لەو باوەڕدابوون کە وڵاتێکی گەورەی وەك ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەم کارە مەحاڵە. پەیوەندیکردن لاواز بوو. چۆن کەسێك لە جۆرجیا دەتوانێ بزانی کاندیدایەك لە نیویۆرك یان ماساچوست بۆ سەرکۆماری شایستەیە یان نا؟ رۆجەر شەرمن پێشنیاریکرد ((شەخس یان کەسەکان دەبێ لەلایەن ئەنجومەنی یاسادانانەوە پەسەند بکرێن کە پارێزەری ئیرادەی باڵای کۆمەڵە و تەنیا لەبەرانبەر ئەودا بەرپرس بن)).[١٠٢]





بەڵام نوێنەران ئەزموونی خۆیان لەسەردەمی حکومەتی کۆچەرنشین وەبیرهێناوە کە فەرمانداران دیلی دەستی ئەنجومەن بوون. پوختەی قسە ئەوەیە ئەم کارە دەسەڵاتێکی بێڕادەی بەکۆنگرە دەدا. لەدیدی گۆڤەرنەر موریس، ئەگەر دانانی سەرکۆمار لەلایەن کۆنگرەوە بڕیاری لێدرابا، ((ئەو تەنیا دەبووە دیلی دەستی ئەنجومەنی یاسادانان، دەبوایە خەڵك هەڵیبژێرێ ... ئەگەر بڕیاربێ خەڵکی هەڵیبژێرن، هەرگیز لە هەڵبژاردنی کەسێکی بەهێز و خزمەتگوزار، کەسێك ... دیار و بە متمانە، ناکام نابێ. ئەگەر هەڵبژاردن لەلایەن ئەنجومەنی یاسادانانەوە بێ، فێڵو رێککەوتن و دەستەگەری کاری خۆی دەکا)).[١٠٣]

جیمس ویلسۆن، یەکەمین نوێنەر بوو پێشنیاری دەکرد کۆمەڵێك کەس هەڵبژێردرێن کە تەنیا ئەرکیان هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار بێت. ئەنجام، (کۆلیژی هەڵبژاردن) بوو کە ئەو هەڵبژاردنەی دەگرتەخۆ کە لەلایەن ئەنجومەنەکانی ویلایەتەکانەوە هەڵدەبژێردران. هەر ویلایەتێك مۆڵەتی هەبوونی ژمارەیەك هەڵبژێری هەیە کە دەبێ لەگەڵ ژمارەی سیناتۆر و نوێنەرانی ئەو ویلایەتە لە کۆنگرەی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا یەکسان بێ. وێڕای ئەوەی گەلێ رەخنەگر باوەڕیان وایە کە هەڵبژاردنی گشتی سەرکۆمار باشترە، سیستمی کۆلیژی هەڵبژاردن بەو شێوەیەی کە دانەرانی دەستوور وەسفیان

کردووە، بۆ هەڵبژاردنی سەرکۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکان بەکاردەهێنرێ.

## چاودێری و هاوسەنگی

دامەزرێنەران لەدانی دەسەڵات بە هێزی راپەڕاندن دوودڵ بوون. مێژوونووس فورست مەکدۆناڵد بە دڵنیاییەوە دەنووسێ: ((لەواقیعدا، ئەگەر بەهۆی ئامادەبوونی جۆرج واشنگتۆن کە هەمووان رێزییان لێدەگرت وەك یەکەمین سەرۆك دەسەڵاتی راپەڕاندن دەیانناسی، نەبوو، لەوانەیە پلەی سەرکۆماری، هەر لەبنچینەڕا پێشبینی نەکرابا))[١٠٤] لەئەنجامدا، ئەو دەسەڵاتەی کە نوێنەران بە سەرکۆماریان سپارد لەگەڵ چاودێرییەکی توونددا، ئاوێتەبوو.

مشتومڕێکی دوورودرێژیش لەسەر پەیوەندی کۆنگرە و سەرکۆمار بەرپابوو. هەندێ لە نوێنەران باوەڕیان وابوو دەبێ مافی ڤیتۆ لەبەرانبەر یاساکانی کۆنگرە بە سەرکۆمار بدرێ. دوای گفتوگۆیەکی زۆر، نوێنەران مافی ڤیتۆی یاساکانیان دابە سەرکۆمار، بەڵام بۆ چاودێرییەکی زۆرتر، کۆنگرە دەتوانێ بەدەنگی زۆربەیەکی دوولەسێ، ڤیتۆی سەرکۆمار هەڵوەشێنێتەوە.

دوا چاودێری لەسەر دەسەڵاتی سەرکۆمار پرۆسەی لێپرسینەوەی یاسایی و لادانە لەسەرکار. هەندێ لە نوێنەران لە



دامەزرانی ئەمریکاو دەستوورەکەی

دژی لێپرسینەوەی یاسایی بەڵگەیان هەبوو، چونکە لەو باوەڕەدا بوون کە ئەم مەسەلەیە دەسەڵاتی خودی سەرکۆمار لە چاودێریکردنی کارەکانی کۆنگرە، دەخاتە مەترسییەوە. لە کۆتاییدا، نوێنەران قبوڵیانکرد کە هەلومەرجێك هەیە ئەوان زاراوەی نادیاری (تاوان و پێشێلکارییە گرنگەکانیان) بۆ بەکارهێنا، کە لەوانەیە لەو هەلومەرجەدا لادانی سەرۆك کۆمارێك لەشوێنی خۆی دابێ. دوو سەرکۆمار کەوتنە بەر لێپرسینەوەی یاسایی (ئاندرۆ جۆنسۆن ١٨٦٨ و بیل کلنتۆن ساڵی ١٩٩٩) بەڵام هیچیان لە پێگەی خۆیان لانەدران. مشتومڕ لەسەر ئەوەی کە چ کارێکی تایبەتی دەبێتە هۆی خولقاندنی تاوان و پێشێلکاریی گرنگ، لەهەموو کۆبوونەوەکانی تایبەت بە لێکۆڵینەوە لە تۆمەتەکانی بیل کلنتۆنی سەرکۆمار بەردەوام بوو.

### فیدرالیستی ژمارە ٥١

یاداشتەکانی فیدرالیست زنجیرە گوتارێکی رۆژنامەیەك بوو کە جیمس مەدیسۆن، ئەلیکساندەر هەمیلتۆن و جۆن جی بەناوی خوازراوی (پابلیۆس) (زاراوەی لاتینی بەمانای خەڵکی) لە داکۆکیکردن لە دەستوور لەکاتی گفتوگۆ بۆ پەسەندکردنی، نووسیان. لە فیدرالیستی ژمارە (٥١)، جیمس مەدیسۆن بەرگری لە پرەنسیپی لێکجوداکردنەوەی دەسەڵاتەکان و پرۆسەکانی کۆماریخوازانە دەکا. ئەم پەرەگرافانەی خوارەوە، بنچینەی

سەرەکی سیستمی چاوەدێری و هاوسەنگی کە لەدەستووری ناوبراودا هاتووە، ڕووندەکاتەوە.

((زامنی تەواو لەبەرانبەر خڕبوونەوەی پلەبەپلەی دەسەڵاتە جۆراوجۆرەکان لە یەك بەشدا، بەوەوە پەیوەستە کە پێداویستییە گونجاوەکان لەگەڵ دەستوور و ئەنگێزەی شەخسی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تەگەرەکانی خەڵکی دیکە، بدەنە ئەو کەسانەی بەشێك بەڕێوە دەبەن. پێداویستییەکانی بەرگری لەم کاتەداو کاتەکانی دیکەش دەبێ لەگەل مەترسییەکانی هەڵمەتدا هاوشان بن. قازانجی مرۆڤ دەبێ پەیوەندی بە مافە بنچینەییەکانی شوێنێکەوە هەبێ.

لەوانەیە، ئەمە جیلوەیەکی سروشتی مرۆڤ بێکە تەگبیرێکی وا بۆ ڕێگەگرتن لە خراپ بەکارهێنانی حکومەت، پێویست دەکا. بەڵام مەگەر حکومەت خۆی، بێجگە لە گەورەترین جیلوەی سروشتی مرۆڤ، شتێکی دیکەیە؟ ئەگەر مرۆڤ فریشتەبا، ئیدی چاودێری ناوخۆ و دەرەوە لەسەر حکومەت پێویست نەبوو. لە دانانی حکومەتێك کە تیایدا مرۆڤەکان بەڕێوە دەبەن، گرفتی گەورە لەوەدایە دەبێ سەرەتا حکومەت دەسەڵاتی ئەوەی هەبێ ڕەعیەتەکان کۆنترۆڵ بکا و لەهەنگاوی دواتردا ئەویش ناچار بکرێ خۆی خۆی کۆنترۆڵ بکا. پشتبەستن بەخەڵکی بێگومان هەنگاوێکە بۆ کۆنترۆڵکردنی حکومەت، بەڵام ئەزموون






پێویستیی کاری خۆپارێزی لاوەکی فێرە مرۆڤایەتی کردووە)).

## بەشی دادوەری

لەبارەی دەسەڵاتی قەزایی لەچاو دووبەشەکەی تر، گفتوگۆ و مشتومڕێکی کەمتر کرا. نوێنەران بەخێرایی بە دروستکردنی دادگایەکی باڵا، دانی پلەیەکی بەردەوام بە قازییەکان و دانی مووچەیان ڕازیبوون. ڕێك وەك مەسەلەی سەرکۆماری، لەسەرەتادا لەسەر ئەوەی کە قازییەکانی دیوانی باڵا چۆن هەڵبژێردرێن، بیروبۆچوونی جودا هەبوو. جیمس ویلسۆن دژی هەڵبژاردن لەلایەن کۆنگرەوە بوو، بەڵگەی ئەوەی هەبوو (ئەزموون، ئەوەی سەلماندووە کە دامەزرانی وا لەلایەن ئۆرگانە جۆراوجۆرەکان گونجاونییە. فڕوفێڵ، کینە و چاوپۆشین ئاکامی ناچاری ئەو مەسەلەیە بوون)).[١٠٥] بەڵام ئەوانی دیکە، لەوان جۆن ڕاتلج لە کارۆلینای خوارو ((بەهیچ شێوەیەك ڕازی نەبوون دەسەڵاتێکی وا گەورە



جۆن روتلج نیگەرانی دەرکەوتنی پاشایەکی تربوو، هەوڵی دەدا دەسەڵاتەکانی سەرکۆمار بەرتەسك بکاتەوە

بە كەسێك (واتە سەركۆمار) بسپێرن. خەڵكی وادەزانن ئێمە لەراددە بەدەر،خەریكین بەرەو پاشایەتی دەڕۆین)).[١٠٦] سەرەنجام، ئەوان لەسەر ئەوە رێككەوتن كە سەركۆمار ئەم قازییانە دابنێ و سەناش رەزامەندبێ. وەك هەموو پێشەكییەكان، ئەمەش بەشێك لە سیستمی ئاڵۆزی چاودێری و هاوسەنگییە كە نوێنەران یەكلاییان كردەوە.

بۆ چارەسەركردنی بەشێك لەو مەسەلانەی كە لە سیستمی دامەزراو لەسەر پرەنسیپەكانی كۆنفیدراسیۆن دەركەوتبوون، نوێنەران دەسەڵاتی چارەسەركردن و یەكلاكردنەوەی مشتومڕەكانی نێوان ویلایەتەكان لەسەر قەڵەمڕەو و بازرگانی نێوان ویلایەتەكان، یان بابەتی دیكە كە پێشتر گرفتیان بۆ دروست دەكرد. دابە بەشی دادوەری. ئیدی یەكێتی لەسەر قەڵەمڕەوی نێوان ویلایەتەكان، بازرگانی نێوان ویلایەتەكان، یان ئەو بابەتانەی پێشتر گرفتیان لەسەر دروست دەكرد، مشتومڕی نەدەكرد. سرنجڕاكێش ئەوەیە كە زۆربەی وردەكارییەكانی پەیوەست بەوەی كە بەشی قەزایی چۆن كاروبارەكانی خۆی بەڕێوە ببا، لە نووسینی دەستووردا رەچاونەكرابوو.





## رۆژئاوا

لەكاتی كۆبوونەوەكانی ئەنجومەنی دەستووردا، قەڵەمڕەوێك كە سێزدە ویلایەتیان لەبەردەستدابوو تەنیا بەشێك لەگشت رووبەری ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمڕۆی دەگرتەخۆ. زۆربەی ئەو ناوچانەی كەوتبوونە رۆژاوای چیاكانی ئاپالاچی، كەشف نەكرابوون.

بەڵام نوێنەران توانیان پێشبینی گۆڕانكارییەكی فراوان بكەن. كۆچەرنشینان بەفراوانی بەرەو رۆژئاوا دەچوون و دەستبەسەرداگرتنی زەوییە بەریارەكان كاری هەمووان بوو. تا ساڵی ١٧٩٠، ژمارەی ئەو كەسانەی چیاكانی ئاپاچیان دەبوارد و بەرەو ئەودیو كۆچیان دەكرد دەگەیشتە ١١٠هەزار كەس. ٢٠هەزار كۆچڕەوی دیكە بە بەلەمی ساكار و لەرێگەی رووباری ئۆهایۆ بەرەو رۆژئاوا دەچوون. كاتێ ئەم ناوچانە ئاوەدان دەكرانەوە، چی رووی دەدا؟ ویلایەتە نوێكان دەبوو بەچ شێوەیەك لە یەكێتیەكەدا وەرگیرابان؟

ئەنجومەن لە (فەرمانی باكوری رۆژاوا) كە رەشنووسەكەی لەلایەن **روفوس كینگ** نوێنەری ماساچوستەوە ئامادەكرابوو، بەدوای بیرێكی نوێدا دەگەڕا. ئەم فەرمانە رێسایەكی بۆ دابەشكردنی قەڵەمڕەوی باكوری رۆژئاوا بە سێ تا پێنج ناوچە بڕیار لێدەدا و حكومەتێكی كاتی رادەسپارد و روونی دەكردەوە

که هەر ناوچەیەك چۆن دەتوانێ ببێتە ویلایەتێك و کاتێ ژمارەی دانیشتوانەکەی گەیشتە ٦٠هەزار کەس، بێتە ناو یەکێتیەکەوە.

بەپێی هەلومەرجەکانی (فەرمانی باکوری رۆژئاوا)، ویلایەتە نوێیەکان دەبوایە بە هەلومەرجی یەکسان لەگەڵ ویلایەتەکانی تر، بێنەناو یەکێتییەوە، بەڵام هەندێ لە نوێنەران رایان دژی دانی دەسەڵاتی یەکسان بە ویلایەتەکانی داهاتوو بوو.



نوێنەران دەبوایە بڕیاریان بدایە کە ناوچە تازە ئاوەدانکراوەکانی رۆژئاوا، کەی بینە ویلایەت

ئەوان نەتەنیا لە جێگۆڕکێی دەسەڵاتی سیاسی دەترسان، بەڵکو بەڵگەی ئەوەیان هەبوو کە ئەم ویلایەتانە بەزۆری جوتیاری هەژار و تازەکان و ((سامانەکەی ئێمە بۆ ناوچەکانی رۆژئاوا





دەبەن))[١٠٧]

ئایا وەرگرتنی بەمەرج بۆ یەکێتی دەتوانێ رێگەچارەیەك بێ؟

وەڵامی جیمس مەدیسۆن و جۆرج ماسۆن سەلبی بوو. رۆژاوا ((سەر بۆ ئەو یەکێتییە دانانوێنن کە پێگەیەکی خوارتر لە ویلایەتەکانی تریان بداتێ و ناشبێ قبوڵی بکەن ... ئەگەر لەمەبەدوا ویلایەتەکانی رۆژاوا دەرکەون و بڕیاربێ لە یەکێتیدا وەرگیرێن، دەبێ وەك برا و یەکسان تەماشایان بکرێ))[١٠٨] **رۆجەر شەرمن** وەبیری هێناوە کە رۆژاوا لەگەڵ ویلایەتەکانی پێشتر هیچ جیاوازییەکی نییە و ئاگاداری کردنەوە کە (ئێمە بۆ دابینکردنی خۆشگوزەرانی و خۆشبەختی منداڵ و نەوەکانمان هەوڵ دەدەین و ئەوانیش هەر بەم شێوەیە لەوانەیە هاووڵاتی ویلایەتە نوێکانی رۆژاوابن، وەك ئەوەی هاووڵاتی ویلایەتە کۆنەکانن))[١٠٩]

لەکاتی دوا دەنگداندا، زۆربەی نوێنەران قبوڵیانکرد کە ئەم ویلایەتانە ((دەبێ هەر بەو مەرجانەی ویلایەتەکانی پێشوو لە یەکێتیدا وەرگیران، وەربگیرێن))[١١٠] بەڵام **گوڤرنەر موریس** توانی ماددەی دابینکەری ئەم مافە لە دەستوور لابدا. بەم شێوەیە، لە کۆتاییدا، دەستوور دەسەڵاتی بڕیاردانی لەبارەی چۆنیەتی وەرگرتنی ویلایەتە نوێکان بە کۆنگرە سپارد. هەموو ئەو سیوحەوت ویلایەتەی کە لەساڵی ١٧٨٧ بەدواوە، هاتوونەتە ریزی میللەتەوە بەمەرجی یەکسان وەرگیراون. لەوانەیە

ئەمریکاییەکانی ئەمڕۆ ئەمە بەکارێکی ئاسایی لەقەڵەم بدەن، بەڵام مێژوونووس **کاترین درینکەر** بوون وەبیرمان دێنێتەوە کە لەوانەبوو چی ڕوویدا:

((ئەگەر ئەنجومەن نەیتوانیبا کارێك بکا، ئەگەر ناوچەکانی ڕۆژاوا بەمەرجی یەکسان وەرنەگیرابان، لەوانەبوو، بە فراوانبوونی زیاتری وڵات بەرەو ڕۆژئاوا و گەشەسەندنی ویلایەتە نوێکان، زنجیرە شۆڕشێك، ململانێی ناوخۆ و پارچەپارچەبوون ڕوویبدا. لە هەلومەرجێکی وادا، هێنانە بەرچاوی ئەوەی کە سنووری ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕێك لە ترۆپکی چیاکانی ئاپالاچی تەواو دەبوو، نەکردە نییە))[١١١]

## کێ پەسەندی دەکا؟

پرۆسەیەك کە بۆ پەسەندکردنی ڕەشنووسی دەستوور وەك بەڵگەنامەیەکی حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی نوێ، دەبوو ئەنجام درابا، هێشتا پێویستی بە بڕیار هەبوو. پرۆژەی سەرەتایی ڤێرجینیا پێشنیاری کردبوو ((دوای پشتیوانی کۆنگرە)) دەبوو ((ئەنجومەن یان ئەنجومەنەکانی نوێنەران کە لەلایەن چەندان ئەنجومەنی یاسادانانەوە بە ئاشکرا لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردراون ئەو پێشنیارە پەسەند بکەن))[١١٢] لەگەڵ ئەوەی کە کۆمیتەی گشتی ئەمەی لەسەرەتای کاری ئەنجومەن پەسەند کردبوو، پاشان کە تێزەکە خرایە بەرباس، هەندێ لە





نوێنەران نارازیبوون، چونکە لەزۆربەی ویلایەتەکاندا سیستمێکی گونجاو بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنێکی لەم شێوەیە نەبوو. ئەوان ڕوونیان دەکردەوە کە ئەنجومەنەکانی یاسادانانی ویلایەتەکان، ئۆرگانێکی گونجاون بۆ پەسەندکردنی دەستووری نوێ.

جیمس مەدیسۆن لەو باوەڕەدابوو کە پەسەندکردنی گشتی کلیلی قبوڵکرانی دەستووری نوێیە. ئەو بەڵگەی ئەوەی دێناوە کە خەڵکی ((سەرچاوەی تەواوی دەسەڵاتن و دەتوانن لەکاتێکدا بیانەوێ دەستوور بگۆڕن))[١١٣] بێجگە لەمە، لەنێوان فیدراسیۆنی ئاسایی و ڕژێمێك کە نوێنەران خەریکی دروستکردنی بوون، جیاوازییەکی زۆر هەبوو. ((جیاوازی نێوان سیستمێکی بنیاتنراو لەسەر ئەنجومەنەکانی یاسادانان و سیستمێکی پشتبەستوو بەخەڵك، جیاوازی ڕاستەقینە لەنێوان یەکێتی یان پەیماننامە، مەشروتەخوازییە))[١١٤] ڕوونە کە بیرۆکەی (مەشروتەخوازی) باشتربوو، چونکە باشتر داکۆکی لە مافەکانی خەڵکی دەکرد. ((یاسایەك کە پێشێلکاری ئەو دەستوورەبێ کە خەڵکی خۆیان دایانهێنابێ، لەلایەن قازییەکانەوە بەبێ متمانە لەقەڵەم دەدرێ))[١١٥]

نوێنەران لە ئەگەری گفتوگۆیەکی زیاتریان لەبارەی دەستوور لە ئەنجومەنەکانی ویلایەتەکان و پاشان ڕێکخستنی ئەنجومەنی

دووەم کۆڵییەوە. ئەنجومەن خۆی کێشاوەیە. چەندان ساڵی خایاندبوو تا کۆنگرە توانیبووی ئەم ئەنجومەنە بانگێشت بکا، شانسی ئەمەی کە هەلێکی تر بڕەخسێنێ، کەمبوو. هی دیکە بەڵگەی ئەوەیان دێناوە کە نوێنەران ئەرکیان ئەوەیە پێڕەوی ئەو پرۆسەی پەسەندکردنە بکەن کە پرەنسیپەکانی کۆنفیدراسیۆن بڕیاری لێدابوو. ئەمە بەو مانایە بوو ئەنجومەنەکانی ویلایەتەکان دەسەڵاتی پەسەندکردن یان پەسەندنەکردنیان هەبوو. سەربار، بەم مانایەبوو پێش ئەوەی دەستوور جێبەجێ بکرێ، دەبوایە هەر سێزدە ویلایەت، پەسەندی بکەن.

نوێنەران بێزاربوون. ئەوان لایان وابوو کاریگەری پرۆسەی پەسەندکردنی پرەنسیپەکانی کۆنفیدراسیۆن بەمانای مردنی دەستوور دەبێ، جیمس مەدیسۆن گوتی: ((دوای چوارپێنج مانگ کاری دژوارو سەخت پێکهێنانی حکومەتێك بۆ وڵات، ئێستا خۆمان دەمانەوێ تەگەرەی مەحاڵ بخەینە ڕێگەی سەرکەوتنیەوە))[١١٦] نوێنەران بەتەواوی پێشبینیان دەکرد لەلایەن چەندان ویلایەتەوە لەوانە رودئایلەند، کە هەتا ئەندامێکیشی بۆ ئەم کۆبوونەوانە نەناردبوو، بەرگری بکرێ. ناتانیل گورهام لە ماساچوست، پرسی: ((ئایا کەسێك هەیە بڵێ ئەگەر رودئایلەند لەسەر ناڕەزایی خۆی لە ڕێوشوێنە گشتییەکان سووربێ، هەموو ویلایەتەکان دەبێ خۆیان بخەنەبەر هەڕەشەی





نەمانەوە؟))[١١٧]

نوێنەران پێشنیاری سپاردنی دەسەڵاتی پەسەندکردنیان بۆ ئەنجومەنی ویلایەت، رەتکردەوە. لەباتی، بەنۆ لەبەرانبەر یەك ، ڕێگەچارەیەکیان پەسەندکرد کە ((دەستووریان، دوای پەسەندکردنی لەلایەن کۆنگرەوە، بە ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکانی خەڵك دەسپارد))[١١٨]

نوێنەران هەروەها بەوە رازیبوون دەستوور دوای ئەوەی کە نۆ ویلایەت لەناو سێزدە ویلایەت پەسەندیانکرد، جێبەجێ بکرێ. لەدیدی ئەم نۆ ویلایەتەوە، دەستوور بەڵگەی مولزەم و یاسای لەپێشی ئەو ناوچەیە لەقەڵەم بدرێ. ویلایەتەکانی تر دەیانتوانی سەربەخۆ بڕیار بدەن کە بچنە ناو یەکێتی یان نا. بەم شێوەیە، پرۆسەی پەسەندکردن ئەوەی زامن دەکرد کە هەر ویلایەتێك خۆی بە پرەنسیپەکانی دەستوورەوە ئیلزام بکا.

## ((ئێمە ، خەڵکی))

لەکۆتایی ئەنجومەنی دەستووردا، نوێنەران دەنگیان بەوەدا ئەم دەسەڵاتە بە کۆمیتەیەك بەسەرۆکایەتی گوڤەرنەر مۆریس بسپێرن کە تەواوی بڕیارەکان بەشێوەیەکی ئاشکرا و روون بنوسێتەوە. لەناو ئەو گۆڕانکارییانەی کۆمیتەکەی مۆریس کردی، یەکێکیان ئەمەبوو خودی سروشتی بەڵگەنامەکەی گۆڕی. کۆمیتە یەکەمین رستەی لە ((ئێمە، خەڵکی ویلایەتەکانی

خواروو، ڤێرجینیا، ماساچوست، ...هیتر) کردە ((ئێمە، خەڵکی ویلایەتە یەکگرتووەکان)). بەم سەرەقەڵەمە، دەستوور نە پەیمانێکی نێوان ویلایەتەکان، بەڵکو لەناو خەڵکیدا بوو.

وەك ئەوەی مۆریس لەسەرەتای دەستووردا نووسی، هاووڵاتیانی ویلایەتە یەکگرتووەکان پێویستیان بە دەستوورێکی نووسراو هەبوو ((کە یەکێتییەکی کاملتر بخولقێنێ، دادپەروەری دابین بکا، ئارامی ناوخۆ بەدیبێنێ، بەرگری هاوبەش پێکبێنێ، یارمەتی خۆشگوزەرانی گشتی بداو نیعمەتی ئازادی بۆ خۆمان و ئایندەمان دابین بکا)). لەگەڵ ئەوەی دەستوور هێشتا دەبوایە لە مەحەك درابایە، نووسەران دەیانزانی بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئامانجانە، دەستوور دەبێ بەرژەوەندییەکانی لایەنە جۆراوجۆرەکان هاوسەنگ بکا و بتوانێ لەگەڵ گۆڕانی هەلومەرجەکاندا هەڵبکا.

## نوێنەران ئیمزا دەکەن


ئەلیکساندەر هەیملتۆن یەکێك بوو لەو کەسانەی باوەڕیان وابوو پێویستە دەستەکانی نوێنەرایەتی لە ئیمزاکردنی ئەم بەڵگەنامەیەدا، بەرەیەکی یەکگرتوو نیشان بدەن. هەمیلتۆن لە نامەیەکدا بۆ جیمس مەدیسۆن ئاگاداری کردنەوە کە: ((چەند کەسایەتیەکی بە نفوز، بە دژایەتی دەستوور یان هەتا بە ئیمزا نەکردنی، دەتوانن زیانێکی گەورە بگەیەنن و لەناو ژێلەمۆدا



دامەزرانی ئەمریکاو دەستوورەکەی

ئاگرێك هەڵكەن كە لەوديوی حەزكردن بە ئەنجومەن، شاردراوەتەوە))[119]

بنجامین فرانکلین شتێکی بۆ هاندانی نوێنەران بە ئیمزاکردنی دەستوور نووسیبوو کە جیمس مەدیسۆن بە دەنگی بەرز دەیخوێندەوە. لەگەڵ ئەوەی فرانکلین ئەوەی قبوڵ دەکرد دەستوور کەموکورتی تێدایە، بەڵام دوودڵ بوو لەوەی ئەنجومەن بتوانێ کارێکی لەمە باشتر بکا و لەبەر هەندێ لەدژی سووربوون لەگوشار بۆ دانانی بەڵگەنامەیەکی بێکەموکورتی، ئاگاداری دەکردنەوە. کاتێ ویلسۆن لە خوێندنەوەی نووسینەکە بۆوە، فرانکلین پێشنیاریکرد دەستوور ئیمزابکرێ.



هەموویان، سی کەس نەبێ، نوێنەرانی ئامادەبووی ١٧ی ئەیلولی ١٧٨٧ دوا پرۆژەی دەستووریان مۆرکرد

چەند نوێنەرێك كە لە حكومەتی یەكگرتوو نارازیبوون، گەڕابوونەوە شوێنی خۆیان. تەنها سێ نوێنەر كە لەئەنجومەن مابوونەوە –ئەدمۆند راندولف، ئەلبریج گری و جۆرج ماسۆن– لە حەڤدەی ئەیلول بەڵگەنامەكەیان مۆرنەكرد. راندۆلف لەبەرئەوە بەڵگەناكەی مۆرنەكرد، دەیویست لەبڕیاردان لەسەر هەڵسەنگاندنی ئەم بەڵگەنامەیە لەكاتی پەسەندكردنی لە ڤێرجینیا، ئازادبێ. مەدیسۆن لە یاداشتەكانیدا لەبارەی چۆنیەتی دانوستانەكان، نووسی: ((ئەو بەهۆی ئەوەی خۆ لە ئیمزاكردن دەبوێرێ، داوای لێبووردنی كرد و گوتی ... مەبەستی لەم كارە ئەمە نییە دەیەوێ دژی دەستووربێ (لەدەرەوەی ئەنجومەن). بەڵكو تەنیا مەبەستی ئەوەیە ئازادبێ تا بەپێی ئەركی خۆی كاربكا و ئەمەش شتێكە كە حوكمی ئایندەی ئەو، دەبێ دەستنیشانی بكا))[١٢٠]

ئەلبریج گری بۆیە ئیمزای نەكرد، چونكە لایەنگری گۆڕانێكی مامناوەندی تر بوو. لەوانەیە یاخیبوونی شیزی لەزەیندا بووبێ كە نیگەران بوو لەوەی دەستووری پێشنیاركراو لەوانەیە ببێتەهۆی شەڕی ناوخۆ لەنێوان لایەنگرانی حكومەتێكی بەهێز و ئەو كەسانەی لەو جۆرە حكومەتە دەترسان. جۆرج ماسۆن لەبەر نەبوونی پەیماننامەی ماف دەستووری ئیمزانەكرد. جۆرج ماسۆن بەڵگەی ئەوەی هێنایەوە كە بەبێ پەیماننامەیەكی وا،





دەستوور ماف و ئازادییەكانی تاك دەخاتە مەترسیەوە. لەماوەی پرۆسەی پەسەندكردندا، گەلێ كەس پشتگیری ماسۆنیان كرد تا بەسەركەوتوویی نوێنەران بۆ پەسەندكردنی پەیماننامەی مافەكان بخەنەژێر گوشارەوە. زیادكردنی پەیماننامەی ماف یەكەمین گۆڕانكاری بوو لە دەستووردا كرا.

## هەتاو هەڵدێ

بنجامین فرانكلین لەماوەی كۆبوونەوەی ئەنجومەندا، بێدەنگ دانیشتبوو. ئەو كە تەمەنی هەشتاویەك ساڵ بوو، زۆر تەندروست نەبوو، دەبوایە رۆژانە بۆ تەلاری سەربەخۆیی هاتوچۆیان پێكردبا. لەوانەیە، ئەو بێجگە لە جۆرج واشنگتۆن، بەرێزترین ئەمریكایی بووبێ نە تەنیا وەك سیاسەتمەدار، بەڵكو وەك زانا، خاوەن چاپخانە و مرۆڤدۆست بەناوبانگ بوو. ئەو شانازی بەو كارانەوە دەكرد كە بۆ ئەنجومەنی كردبوون و لەبارەی ئایندەی دەستووریش گەشبین بوو. جیمس مەدیسۆن لە یاداشتەكانیدا، لەبارەی كۆبوونەوەكان نووسیویەتی:

كاتێ دوا ئەندامەكان خەریكی ئیمزاكردنی دەستوور بوون. دكتۆر فرانكلین كە تەماشای پێگەی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی دەكرد، لە پشتییەوە بەرێكەوت لەوكاتەدا هەتاو دەركەوت، بەچەند نوێنەرێكی دەوروپشتی خۆی گوت (وادیارە) بۆ شێوەكارەكان زەحمەت بووە لە هونەرەكەیاندا خۆر لەكاتی

هەڵهاتنیدا، لە هەتاوی ئاوابوو جودا بکەنەوە. ((من لەماوەی ئەم کۆبوونەوانەدا، بەرزی و نزمی ئومێد و ترسەکانی ئەنجامەکەی، چەندان جار لەو دیمەنەی پشت سەرۆکم دەڕوانی، بەبێ ئەوەی بتوانم بڵێم ئەوە هەڵدێ یان ئاوا دەبێ، بەڵام ئێستا ئیدی خۆشحاڵم لەوەی کە دەزانم ئەمە هەتاوە هەڵدێ، نەك ئاوادەبێ))[١٢١]

بەم وشە ئیجابیانە، ئەم کۆبوونەوە مێژووییەی هەندێ لە گەورەترین بیریارانی ئەمریکا کۆتاییهات. دەستوور کەوتە بەردەستی کۆنگرە و خەڵك.





## (٧)

## خەبات لەپێناوی پەسەندکردندا

نوێنەران دەستووریان مۆر کردبوو، بەڵام بە هیچ شێوەیەك دڵنیا نەبوون کە کۆنگرە یان ئەنجومەنەکانی ویلایەتەکان قبوڵی بکەن. گوڤەرنەر موریس لەکۆتایی کارەکانی ئەنجومەندا گوتی: ((کاتێ ئەم تێزە قبوڵ بکرێ، هەموو سرنجەکانی دیکە وەلا دەنرێن و پرسیاری سەرەکی ئەمە دەبێ ئایا دەبێ حکومەتێکی نیشتمانی هەبێ یان نا؟ یان دەبێ وابێ یا ئاژاوەیەکی سەرتاسەری لایەنێکی تری دەبێ))[١٢٢]

نیشانەی باس و گفتوگۆ ئاشکراکانی دواتر لەبارەی دەستوور و ئەنجومەنەکانی تایبەت بە پەسەندکردنی، مشتومڕێکی توندی وروژاند. رودئایلەند حەوت جار دژی ناردنی ئەم بەڵگەنامەیە بۆ پەسەندکردن بۆ ئەنجومەنی ویلایەت دەنگیدا و کارۆلینای باکور لە یەکەمین ئەنجومەنی پەسەندکردنی دەستوور لەساڵی ١٧٨٨، رەتی کردەوە. نوێنەران لە راپرسییەکەی ماساچوست بە زۆربەیەکی لاوازی ١٨٧ لە بەرانبەر ١٦٨ دەنگ پەسەندیانکرد و چەند پێشنیارێکیان بۆ نەهێشتنی کەموکورییەکانی جێی بایەخی خۆیان، پێشکەشکرد.

چەند ویلایەتێكی دیكەش هەر ئەو شێوازەیان پێڕەوكرد و تەنیا بە مەرج بە پەسەندكردنەكەی رازیبوون.

دەستوور جۆرە جوداییەكی ریشەیی لەشێوەكانی پێشووی حكومەت بوو. خەڵكیش رێك ئەوەندەی نوێنەران لە سپاردنی دەسەڵاتی لەرادده بەدەر بە حكومەت، دەترسان. ئەوان بۆ پچڕاندنی زنجیری ستەم دەستیان بە شەڕێكی فراوان و خوێناوی كردبوو، تیایدا سەركەوتووبوون و ئێستاش ئایا دەیانتوانی متمانە بە رژێمێكی نوێ بكەن؟ هەروەك **جۆن مارشاڵ** كە پاشان بووە سەرۆكی دیوانی باڵا، روونی كردەوە:


لە هەندێ لەو ویلایەتانەی دەستووریان پەسەندكردووە، زۆربەی خەڵكی نارازیبوون. لە هەموویاندا، زۆریی چاكسازی پێشنیاركراو نیشانەی ئەوەبوو كە حكومەتی نوێ بە نابەدڵییەوە قبوڵ دەكرا و ترس لە پارچەپارچەبوون، نە پشتگیری سستمە تایبەتییەكەیان، ببووە هۆی ئەوەی كە پێی رازی بن.[١٢٣]

بنجامین فرانكلین لایەنگرانی دەستووری راسپارد بەتوندی تێبكۆشن بۆ گۆڕینی بیروڕاكان. ((بۆ گۆڕینی ئاكارە خراپەكانی وڵاتێك و پێشكەشكردنی ئاكاری نوێ و باشتر، یەكەم پێویستە حوكمی پێشوەخت و دەمارگرژی خەڵكی نەهێڵرێ، لە ناهوشیاری دەربهێنرێن و قەناعەتیان پێبكرێ كە بەرژەوەندیەكانیان بە گۆڕانكاری پێشنیاركراو دابین دەكرێن،





ئەمەش كاری رۆژێك نییە))[١٢٤] بەم شێوەیە مشتومڕ دەستی پێكرد.



جۆن مارشاڵ بێزاری خەڵكی دەربارەی متمانەكردن بەشێوەیەكی تازەی حكومەت، وەبیرهێنایەوە

## بۆ كۆنگرە

لەگەڵ دانە رەسمیەكەی دەستوور كە لە نیۆیۆرك درایە كۆنگرە، نامەیەكی جۆرج واشنگتۆن هەبوو. نامەكە تەئكیدی لەو گیانی هاوكاری و تەباییە دەكردەوە كە دەستووری پێنووسراوبوو:

لەوانەیە ئەم دەستوورە بەتەواوی لەلایەن هەر ویلایەتێكەوە

پەسەند نەکرێ، بەڵام هەر ویلایەتێك بێگومان ئەوە لەبەرچاو دەگرێ کە ئەگەر تەنیا بەرژەوەندییەکانی لەبەرچاو گیرابا، ئەنجامەکان لەوانە بوو بۆ ئەوانی دیکە بەتەواوی قبوڵ نەکرێ و مایەی نیگەرانی بێ، ئێمە بە ئومێدین و باوەڕمان وایە شتی لاپەڕ تا رادەیەك کە دەکرا چاوەڕوان بکرێ، کەمە. ئومێدمان ئەوەیە ئەم یاسایە بتوانێ رەواج پێدەری خۆشگوزەرانییەکی جێگیربێ بۆ وڵاتێك کە لای هەمووان خۆشەویست و هێژایە، ئازادی و خۆشبەختییەکەی دابین بکا و ئەمە ئارەزووی هەرە گەورەمانە.[125]

دەستوور لە سەرەتادا بەزۆری بەگومان و بێباوەڕی پێشوازی لێدەکرا. هەندێ خەڵك لەوە دەترسان ئەم دەستوورە دەسەڵات لەدەستی ژمارەیەکی زۆرەوە دەربهێنێ و بە ژمارەیەکی کەمی بسپێرێ. **ریچارد هیندی لی** لە ڤێرجینیا لەبەرانبەر کۆنگرە ئیدیعایکرد ((بەراستی، ناتوانرێ ئەوە ئینکار بکرێ کە دەستووری نوێ لە یەکەمین پرەنسیپیدا بە توندی و بە شێوازێکی ترسناك ئۆلگاریشیە، ئەم خاڵە قبوڵکراوە کە حکومەتی ژمارەیەکی کەم، لە هەموو جۆرە حکومەتەکان خراپترە))[126] نارازییان، هەروەها بەهۆی نەبوونی زامنی ماف و ئازادییەکانی تاك رەخنەیان لەدەستوور دەگرت. بەڵام تەنیا ئەندامانی کۆنگرە کە دژبوون، هی ویلایەتەکانی نیویۆرك و





ڤێرجینیا بوون.

لەلایەك، ئەمە هۆی ئەم واقیعە بوو ئەو ئەندامانەی کۆنگرە کە خۆیان ئەندامی دەستەکانی نوێنەرایەتی بوون گەڕابوونەوە نیویۆرك تا بەچاوی خۆیان پەسەندکردنی دەستوور ببینن. لە سی نوێنەری ئامادەبووی دانوستاندنی کۆنگرە، دە کەس لە ئەندامانی ئەنجومەنی دەستوور بوون. لە ئەنجامی نفوزی ئەوان، کۆنگرە لە پەسەندکردنی دەستوور خێراتر بوو. دوای تەنیا چەند رۆژێك باس و گفتوگۆ، دەستوور بۆ ویلایەتەکان نێردرا.

## شەڕی وشەکان

کاتێ دەستوور ئاشکرا کرا، باس و گفتوگۆیەکی گەرموگوڕی خولقاند، کە بەزۆری لە مشتومڕەکانی ئەنجومەنی دەستوور دەچوو. جیمس مەدیسۆن بۆ تۆماس مەدیسۆنی نووسی کە دەستوور ((سەرنجی سیاسی نزیکەی تێکڕای ئەمریکا))ی بۆ خۆی راکێشاوە.[127] رۆژنامەکان لە هەموو شوێنێك لەگەڵ گەیشتنی دەستوور، بڵاویانکردەوە و کەوتنە لێکدانەوە و تاوتوێکردنی، بە ئیجابی و بە سەلبی. مشتومڕ لەنێوان لایەنگرانی حکومەتی فیدراڵ کە پشتگیری دەستووریان دەکرد و نارازییانێ کە رەتیان دەکردەوە، بۆ ماوەی چەند مانگێك لەبەرانبەر چاوی خەڵکی بە توندی بەڕێوە دەچوو.

جۆرج واشنگتۆن ئاگای لەوەبوو کە خەبات بۆ پەسەندکردنی،

لە چاپەمەنییەکان بەڕێوە دەچێ. ئەو دوای گەڕانەوەی بۆ ماڵ لە مۆنت ڤرنون بۆ هاوکارێکی خۆی ئەمەی نووسی: ((ئەگەر دەستوور لە ڕۆژنامە رەسمییەکاندا بە ئاشکرا هێرشی بکرێتە سەر، هەموو شتێك پەیوەندییەکی زۆری ... بە بەهرە ئەدەبییەکان و چۆنیەتی ناسینی لەلایەن قەڵەمە تواناکانەوە دەبێ))[١٢٨]

### هیچ لایەنێکی دیکەی نییە

جۆرج واشنگتۆن بۆ پەسەندکردنی دەستوور بەردەوام هەوڵی دەدا. ئەو لەو باوەڕەدابوو کە ئەلتەرناتیڤەکەی، ئاژاوەو گێرەشێوێنییە، بەو شێوەیەی کە لەنامەیەکدا لە ١٤ی کانونی یەکەمی ١٧٨٧ رایگەیاند:

((روانگەی ئەملاوئەولای من لەبارەی ئەم بابەتە ئەمەیە کە لەنێوان قبوڵکردنی (دەستوور) و ئاژاوەدا، شتێکی دیکە نییە ... تەواوی ئەو نارازیبوونانەی تا ئێستا بینیومە، زۆرتریان لەرووی هەستەوەیە، نەك سەلمێنراو. حکومەتی سەرتاسەری ئێستا بەمووێکەوە پەیوەستە، دەتوانم زیاتر بۆ پێشەوە بچم و بڵێم بەراستی لە کۆتاییەکەی نزیك دەبێتەوە ...

ئەو دەستوورەی پێشکەش کراوە، لە کەموکورتی بنچینەیی کەم نییە. بە لەبەرچاوگرتنی پێکهاتە نەگونجاوەکەی ئەنجومەن و جیاوازی بەرژەوەندی کە دەبوایە سازگاری لەنێواندا دروست



دامەزرانی ئەمریکاو دەستوورەکەی

کردبا، بە سەرنجدان لەوەی دەرگاکانی دەستوور بەرووی هەڵبژاردن و چاکسازی ئایندەدا کراونەتەوە، ئەمن لەو باوەڕەدام کاری ئاقڵانە ئەوەیە خەڵکی ئەوە قبوڵ بکەن کە بۆیان پێشنیار کراوە و ئارەزووم ئەوەیە، ئەمە بەدەنگی زۆربەیان لەو ئەنجومەنە بەتایبەتی بۆ ئەم کارە دروست دەبێ، جێبەجێ ببێ))

## پشتیوانی لە دەستوور

لایەنگرانی حکومەتێکی نیشتمانی بەهێز، لەوان گەلێ لەو کەسانەی لە ئەنجومەنی دەستووردا ئامادەبوون، لەدەوری دەستوور کۆبوونەوە و لەو ویلایەتانەی ئەنجامی پەسەندکردنی دەستوور دیار نەبوو، بۆ پەسەندکردنی بەتوندی هەوڵیان دەدا. لەوانە، گەرمترین داکۆکیکار لە دەستوور یاداشتەکانی فیدرالیست، کۆمەڵەی هەشتاوپێنج گوتار، بوو کە نووسەرەکانی ئەلیکساندەر هەملتۆن، جیمس مەدیسۆن، جۆن جی بوون و بەناوی خوازراوی (پابلیۆس) (خەڵکی) بڵاودەکرایەوە. یاداشتەکانی فیدرالیست کە لەبنچینەدا بۆ هاندانی نیویۆرك بۆ پەسەندکردنی دەستوور دەنووسرا، وەك لێکدانەوەیەکی دیار و تەواوی پرەنسیپ و بیروڕا بنچینەییەکانی دەستوور ماوەتەوە.

جۆن ئادامز کە لەکاتی دانیشتنەکانی ئەنجومەنی دەستوور نوێنەری ئەمریکا لە ئەورووپا بوو، دیدو بۆچوونی خۆی بۆ وڵاتەکەی نووسی. ئادامز لە سیستمەکانی حکومەتی کۆڵیبووەو

کتێبێکی لەمەڕ حکومەت نووسیبوو کە لەو کاتەی نوێنەران کاری خۆیان دەکرد، لە فیلادیلفیا دەست بەدەست دەگەڕا. لە هەڵسەنگاندنەکەی ئەودا، دەستوور:

شتێکی گرنگتر لە تێزی پێشنیارکراوی حکومەت ناتوانێ بچێتە زەینی خەڵکەوە. وا دێتە بەرچاو ئەم تێزە بەشێوەیەکی باش بۆ یەکخستنی بەرژەوەندی و هەستەکانی هەموو ئەمریکا بەزۆری میللەتێکی گەورە لەبەرچاو گیراوە. ئەنجامی ئاشتەوایی لەوانە نییە بەتەواوی بەدڵی هەموو کەسێك بێت، بەڵام لەبەر ئەوەی هەموو پرەنسیپە پێویستەکانی سیستم، ئازادی و ئاسایشی تێدا لەبەرچاو گیراوە، چاوپێداگێڕانەوە لەکاتی پێویستدا پێشبینی کراوە، بەئومێدم هەواڵی پەسەندکردنی لەلایەن هەموو ویلایەتەکانەوە ببیستم.[١٢٩]


## نارازییان بەڵگەکانی خۆیان دەخەنەڕوو

نارازییانی پەسەندکردنی دەستووریش لە نووسینی گوتار لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆ، ئەوەندەی لایەنگرانی دەستوور چالاك بوون. ئەلبریج گری، کە دەستووری مۆر نەکردبوو، دوای گەڕانەوەی لە ئەنجومەن بۆ زێدەکەی، نامیلکەیەکی پڕ ڕەخنەی لەسەر دەستوور بڵاوکردەوە. ریچارد هینری لی لە ڤێرجینیا لە کتێبێکدا کە زۆر بەرەواج بوو بەناوی (نامەکانی جوتیارێکی فیدراڵ) لە ڕەخنەکانی خۆی دوا. جۆرج کلنتۆن، فەرمانڕەوای





نیویۆرك کە ماوەیەك دژی پێکهێنانی حکومەتێکی بەهێزی ناوەندی خەباتی کردبوو (دانانی نارازییانی حکومەتی فیدراڵی بە نوێنەرایەتی ئەم ویلایەتە لە ئەنجومەنی دەستووردا هەر لەبەر هەندێ بوو)، زنجیرە گوتارێکی لەدژی پەسەندکردنی دەستوور لە ڕۆژنامەکاندا بەناوی خوازراوی (کاتو) نووسی.



جۆن کلنتۆن، فەرماندەی نیویۆرك بە ئاشکرا هێرشی کردەسەر دەستوور و لەدژی پەسەندکردنی لە ڕۆژنامەکاندا چەند وتارێکی لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوکردەوە

نارازییانی حکومەتی ناوەندی لە زەمینە جۆراوجۆرەکاندا دەنگی ڕەخنەگرانەی خۆیان بەرزکردەوە. گەلێ خەڵك، بەتایبەتی جوتیاران لە گوندەکان، لەوە دەترسان حکومەتی ناوەندی بایەخ بە بەرژەوەندی و کێشە ناوخۆییەکان نەدا. لایەنگرانی مافی ویلایەتەکان، بە ڕێبەرایەتی پاتریك هینری و سیاسەتمەدارە ڕێزدارەکاتی تر،

بەڵگەی ئەوەیان دێناوە کە پێکهێنانی حکومەتێکی نیشتمانی بەهێز، ویلایەتەکان لەناودەبا و مافەکانی خەڵکی پێشێل دەکا.
هەم دەوڵەمەندەکان و هەم هەژارەکان لەوە نیگەران بوون کە حکومەت ((بکەوێتە دەستی ژمارەیەك لە گەورەکان))[130] سەربار، هاووڵاتیانی رودئایلەند، کە ئابوورییەکەیان رووڵە گەشەبوو، لەوە دەترسان سیستمێکی تازەی بەکارهێنانی پارە زیان بە پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی ئەوان بگەیەنێ.

هەندێ لە نارازییانی حکومەتی فیدرالی، بە لەبەرچاوگرتنی ئەم خاڵەی کە خەڵکی هەقیان بوو لە سپاردنی دەسەڵاتی بێڕاددە بە حکومەتێکی نوێ بترسن، بەدگومانی خەڵکیان بۆ قازانجی خۆیان بەکاردێنا. رۆژنامەیەك لە سەرگوتارەکەیدا نووسی: ((دێوی تاریکی لەژێر پەردەوە، دەستووری خولقاند))[131] مرسی ئوتیس ڤارن، نووسەری یەکەمین مێژووی شۆڕشی ئەمریکا کە لە ئەمریکا بڵاوکرایەوە، گوتی: دەستوور ئەنجامی ((فڕوفێڵە نهێنی و دیارەکانی کەسانی چاوچنۆکە)).[132]

چەند رەخنەیەکی دیکەش هەبوون: دەستەڵاتی راپەڕاندن بێڕاددە بەهێزە، ماددە پەیوەستەکانی کۆیلەیی دوورن لە ئاکار، خودی ئەنجومەن نایاسایی بووە. خەڵکی لە مەبەستەکانی نوێنەران بەگومان بوون. ئەوان لەوە نیگەران بوون کە پایتەخت ببێتە شوێنی جێگیربوونی لەشکرێکی بەردەوام و ئامادەی





پێشێلکردنی مافی هاووڵاتیان. ئەوان هەروەها ترسیان لە دانانی باج لەلایەن حکومەتی نیشتمانییەوە، هەبوو. نوێنەرێك لە ئەنجومەنی پەسەندکردنی دەستوور لە ماساچوست پرسی: ((ئایا ئەم دەستوورە گشت ئەو شتانەی هەمانە–هەموو داراییمان–لێناستێنێ؟ ئایا باجی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ، عەوارز و تەعریفەی گومرگی دانانێ؟ ئیدی دەبێ چ بدەین؟))[133]

## مشتومڕ لەبارەی پەیماننامەی مافەکان

رەنگە دیارترین رەخنە لە دەستوور نەبوونی پەیماننامەی مافەکان بێ. لەساڵی ١٧٨٧ کە دەستوور کەوتە بەردەستی خەڵکی، ستەم و سەرکوتی سەردەمی فەرمانڕەوایی ئینگلیزەکان هێشتا لە زەینی ئەمریکاییەکاندا زیندوو بوو. گەلێ خەڵکی قسەی جۆرج ماسۆنیان بەدڵ بوو کە دەیگوت تا ئەو دەمەی پەیماننامەیەکی وا نەخرێتە سەر دەستوور دەبێ خۆ لە پەسەندکردنی بپارێزین. تۆماس جیفرسۆن لە نامەیەکدا لە فەرانسەوە، روانگەی خۆی لەبارەی ئەم بابەتەوە بەم شێوەیە، کورت کردەوە:

من لایەنگرێکی جدی دەستوورم تا ئەودەمەی نۆ ماددەی ئەو دەستوورە پەسەندکرابن، پاشان هەر بەو جدیەتەوە لایەنی تر دەگرم تا دڵنیابم کە چوار ماددەکەی تری تا ئەوکاتەی پەیماننامەی مافەکانی نەخراوەتە سەر، پەسەند نەکرێ. ئێمە

دەبێ بەم شێوەیە گشت لایەنە باشەکانی زامن بکەین و هەر لەو کاتەدا بەرهەڵستکارییەکی وا رێک بخەین کە ویلایەتە رەزامەندەکان بە پێشکەشکردنی پەیماننامەی مافەکان ناچار بکا. ئەمە گونجاوترین جوڵانەوەیە کە دەتوانرێ دەستی پێبکرێ.[١٣٤]

نوێنەران لە ئەنجومەن دژی مافەکانی خەڵکی نەبوون، بەڵکو زۆرتریان ئەو بۆچوونەیان هەبوو کە پەیماننامەی مافەکان پێویست نییە. هەروەك ئەلیکساندەر هەمیلتۆن پرسیبووی: ((بۆچی دەبێ رایبگەیەنین کە نابێ ئەو کارانە بکرێن، لەکاتێکدا دەستەڵاتێك بۆ راپەڕاندنی ئەو کارانە نییە؟))[١٣٥] سەربار، دەستووری هەر ویلایەتێك پەیماننامەی مافەکانی هەبوو کە لە سستمی حکومەتی نوێشدا جێبەجێکردنی ئیلزام کرابوو. هەندێ کەسیش لەوە نیگەران بوون کە پێشکەشکردنی لیستی ئەو مافانەی دەبوو زامن بکرێن، دەیتوانی هەر جۆرە مافێك کە لە پەیماننامەکەدا نەبن، بخەنە مەترسییەوە. جیمس ویلسۆن دەیپرسی: ((ژماردنی گشت مافەکانی مرۆڤەکان؟ دڵنیام کە هیچ کەسێك لە دوا ئەنجومەندا هەوڵی بۆ کارێکی لەم شێوەیە، نەداوە؟))[١٣٦]

کاتێ لایەنگرانی حکومەتی ناوەندی تێگەیشتن کە بابەتی پەیماننامەی مافەکان دەبێتە تەگەرەی سەرەکی بەردەم





پەسەندکردنی دەستوور لە گەڵێ ویلایەت، بەگشتی قبوڵیانکرد کە پەیماننامەیەکی لەم جۆرە زیاد بکرێ.

## لە دیدی جیفرسۆنەوە

لەماوەی بەڕێوەچوونی کارەکانی ئەنجومەنی دەستوور، توماس جیفرسون لە پاریسەوە لەگەڵ هەندێ نوێنەردا نامەیان ئاڵوگۆڕ دەکرد. ئەو لەنامەیەکدا لە ٢٠ی کانونی یەکەمی ١٧٨٧ کە بۆ (جیمس مەدیسۆن)ی نووسیبوو رای خۆی لەبارەی دەستوور دەربڕی. جیفرسۆن لە نامەکەیدا تەئکید لەو رەگەزانە دەکا کە بە باوەڕی ئەو، بوونیان لە دەستووردا پێویستن، بەڵام لە نەبوونی پەیماننامەی مافەکان بەداخەوەیە. ئەم پەرەگرافەی خوارەوە، لە نووسینەکانی تۆماس جیفرسۆن، لە کتێبخانەی بلاوکەرەوەی ئەمریکا، وەرگیراون.

((من بیرۆکەی گشتی پرۆژەی حکومەتێك، بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەنجومەنی ویلایەتەکان، بتوانێ بە شێوازێکی ئاشتیانە درێژە بە رێگەی خۆی بدا، زۆر پەسەند دەکەم. من رێکخستنی حکومەت لە سێ بەشی یاسادانان، دادوەری و راپەڕاندن پەسەند دەکەم. من دەسەڵاتی دراو بە بەشی یاسادانان بۆ دانانی باج پەسەند دەکەم، تەنیا بەم بەڵگەیە ئەنجومەنێکی گەورەتر کە خەڵکی خۆیان راستەخۆ هەڵیبژێرن، پەسەند دەکەم. هەرچەندە بیردەکەمەوە ئەنجومەنێك کە هەڵبژێردراوی ئەوان بێ بۆ

یاسادانانی یەکێتی، بۆ پەیوەندییەکانی دەرەوە و شتی تر شێوازێکی زۆر گونجاوی دەبێ، بەڵام ئەم خاڵی لاوازییە لەگەڵ پرەنسیپی سەرەکی و خەتە سورە کە ناکۆك نابێ کە تەنیا ئەو نوێنەرانەی راستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرابن، دەتوانن باجیان بۆ دابنێن. من شەیدای سازشی نێوان دەعوای ویلایەتە گەورە و گچکەکانم، کە یەکەمیان داخوازی یەکسانی و دووەم ئیدیعای کاریگەری بەپێی ژمارەی دانیشتوان دەکەن. لە گۆڕینی شێوازی رای وەرگرتن لە کەسەکان لەباتی رای وەرگرتن لە ویلایەتەکانیش زۆر خۆشحاڵم و ئەو وەڵامی رەتکردنەوەیە پەسەند دەکەم کەسێ یەکی هەر یەکێك لە ئەنجومەنەکان دەتوانن بە دەسەڵاتی راپەڕاندنی بدەنەوە، ئەگەرچی لە دیدی مندا باشتربوو دەستەڵاتی قەزاییش لەم کارەدا بەشی هەبێ، یان دەسەڵاتێکی لەم جۆرە و جیاوازی پێبسپێردرێ ...

ئێستا ئەوەی پەسەند ناکەم، باسی دەکەم. یەکەم پشتگوێخستنی پەیماننامەی مافەکان کە ... ئازادی ئایین، ئازادی چاپەمەنی، پاراستن لەبەرانبەر لەشکری هەمیشەیی، خولقاندنی کۆت و مەرج لەبەرانبەر مۆنۆپۆلەکان، دەسەڵاتی راپەڕاندنی بەردەوامی حوکمی بانگکردن بۆ دادگا و دادگاییکردن بە ئامادەبوونی دەستەی دادوەری لە گشت ئەو کاتانەی کە بەپێی یاساکانی ناوخۆ و نە بەپێی یاسای





نەتەوەکان،قابیلی دادگاییکردنە، بەروونی لەبەرچاو بگیرێ ...

دووەمین نیشانەیەك کە من پەسەندی ناکەم، هەر پەسەندیشی ناکەم، هەر جۆرە بێ قەیدییەك لەمەڕ پێویستی بازنەییبوونی پلەوپێگە و لە هەمووی گرنگتر لەبارەی سەرکۆمارییەوەیە. ئەزموون لەگەڵ هۆشدا لەم ئەنجامەدا وەك یەکە ئەگەر دەستوور رێگەبدا، یەکەمین پلەی بەرز هەمیشە سەرلەنوێ هەڵدەبژێردرێتەوە و پاشان بۆ هەتاهەتایە پلەکەی دەپارێزێ.

دانی پێدا دەنێم کە لایەنگری حکومەتێکی زۆر بەهێز نیم. حکومەتێکی وا هەمیشە سەرکوتکەرانەیە. یاخیبوونی ئەم جارە لە ماساچوست زیاتر لەوەی پێویست بوو، نیگەرانی خولقاندووە ... هیچ وڵاتێك نییە لەماوەیەکی وا دوورودرێژدا، یاخیبوونێکی لێنەقەومێ و حکومەتیش چەندە بەهێزبێ ناتوانێ رێگە لە یاخیبوونەکان بگرێ)).

## پەنسلڤانیا بۆ داوەری پەلە دەکا

بەشێوەیەکی ئاسایی زۆرانبازی بۆ پەسەندکردنی دەستووربە وشە کرا. بەڵام هەندێجار ئەم زۆرانبازییە دەگەیشتە توندوتیژی و مشتومڕی ئاشکرا دەبووە شەڕوئاژاوە. هەندێ کەس هەوڵیان دەدا مەسەلەکە بە (دوئیل) (شەڕی تەن بەتەن) یەکلا بکەنەوە. لە پەنسلڤانیا، هەر لەگەڵ ئەوەی ئەنجومەنی یاسادانان پێشنیاری

دانانی نوێنەری کرد بۆ ئەنجومەنی ویلایەت بە مەبەستی پەسەندکردنی دەستوور، هەراوهۆریا دەستی پێکرد.

ئەنجومەنی پەنسلڤانیا کە لایەنگری دەستوور بوو بەپەلە کەوتە ئامادەکردنی ئەم ئەنجومەنە. ئەنجومەن لە ٢١ی تشرینی دووەم لە بینایەی ئەنجومەنی ویلایەتی پەنسلڤانیا دەستی بەکارەکانی کرد. جیمس ویلسۆن هەموو رۆژێ رادەبوو، وەسفی دەستوری دەکرد بۆ پەنجاو نۆ نوێنەری ئەنجومەن باسی لە چاکەکانی دەکرد. تەوەری باس و بەڵگەکانی ئەو بۆ دانەوەی قەرزەکانی شەڕی ئەمریکا و دانوسان لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپا بەمەبەستی بەستنی رێککەوتننامەی بازرگانی، هەبوونی حکومەتێکی بەهێز پێویستە. گەلێ نوێنەر لەوانەی نوێنەرایەتی لادێکان دەکەن سوربوون لەسەر ئەوەی لەدژی دەستوور دەنگ بدەن، قەناعەتیان کرد رای خۆیان بگۆڕن. لە ١٢ی کانونی یەکەم، دوای چەندان هەفتە مشتومڕو گفتوگۆ، پەنسلڤانیا بە دەنگی ٤٦ بەرانبەر ٢٣ دەنگ ئەم بەڵگەنامەیەی حوکمیان پەسەندکرد.

## ئەو ویلایەتانەی یەکەمجار دەستووریان پەسەندکرد

لەگەڵ ئەو پەلەپەلەی پەنسلڤانیا کردی، ئەم پێشنیازەی پێنەبڕا ببێتە یەکەمین ویلایەت کە دەستوور پەسەند دەکا. ئەم شانازییە بە ویلایەتە گچکەکەی دیلاویر بڕا کە لە کانونی یەکەمی ساڵی ١٧٨٧، چوار رۆژ پێش دەنگدان لە پەنسلڤانیا،






بەکۆی دەنگ بەڵگەنامەکەی پەسەندکرد. دوای یەکەمین هەفتە، نیوجێرسیش بەڵگەنامەکەی بەکۆی دەنگ پەسەندکرد. جۆرجیا و کۆنکیتکوتیش بەپەلە هەمان کاریان کرد و لەسەرەتای کانونی دووەمی ساڵی ١٧٨٨ پەسەندیانکرد.

ئەم ویلایەتە تاراددەیەك گچکانە، بەتایبەتی لەو کاتەی پەنسلڤانیا هاتە مەیدان، دەرکیان بە سوودی یەکبوون کرد. بەڵام نیوجەرسی و کونکیتکوت باجی سەپێنراو لەسەر کەلوپەلی هاتوو کە لەلایەن نیویۆرکەوە بۆ ماوەیەکی زۆر دەستوپێی بەستبوونەوە، لەبەرانبەر ئەو شتەی ئۆلیڤەر ئەلزورس نوێنەری ئەنجومەنی دەستوور بە ((چاوچنۆکی و هەلپەرستی نیویۆرکی))ی[١٣٧] لەقەڵەمدا، پێویستییان بە پارێزگاری هەبوو. جۆرجیاش بەئومێدبوو بۆ پاراستنی سنوورەکانی توانایەکی زیاتر لە حکومەتی نیشتمانی وەدەست بخا. هەروەك جۆرج واشنگتۆن لەبارەی جۆرجیاوە نووسیبووی، ئەگەر ویلایەتێکی لاواز کە سوورپێستەکان لەپشتی و ئیسپانییەکان دراوسێین، دەرك بە پێویستی حکومەتێکی سەرانسەری نەکا، لەو باوەڕەدام شێت بووە))[١٣٨]

## ماساچوست ئەنجومەنی خۆی رادەگەیەنێ

لە ماساچوست کارەکان بۆ لایەنگرانی حکومەتی ناوەندی بەئاسانی بەڕێوە نەچوون. بەپێی گیانی دیموکراتیکی ئەم

ویلایەتە و پێشینەی کۆبوونەوەکانی شار، ٣٥٥ نوێنەر لە کانونی دووەمی ساڵی ١٧٨٨ بۆ ئەنجومەنی پەسەندکردنی دەستوور هەڵبژێردران. ٢١ کەس لەم نوێنەرانە پێشتر لە یاخیبوونی شیزدا بەشداربوون و زۆربەی نوێنەرانی ناوچە گوندنشینەکانی رۆژاوا لەگەڵ ئەم نوێنەرانەدا هاودەنگ بوون کە دانی دەستەڵاتی باج بە حکومەتی نیشتمانی کارێکی ئاقڵانە نییە.



سامۆئیل ئادامز یەکێك بوو لەو کەسانەی ماساچوست کە دژی پەسەندکردنی دەستوور بوون

لایەنگرانی حکومەتی ناوەندی وایان مەزەندە دەکرد کە بەلایەنی کەمەوە دووسەد نوێنەر لایەنگری دەستوور نین. سامۆئێل ئادامز، یەکێك لە شەڕهەڵگیرسێنەرە بەتەمەنەکانی شۆڕش، لەوان بوو. هەرچەندە دەکرا ئەوان زۆربە بن، لایەنگرانی حکومەتی ناوەندی لە ئەنجومەنی پەسەندکردنی دەستوور لە





ماساچوست رێبەرانی بەتوانا بوون و لەسەرانسەری ویلایەتدا بەناوبانگ و جێگەی متمانەی خەڵك بوون. روفوس کینگ لەو کەسانە بوو سەرسەختانە بۆ وەدەستخستنی دەنگی پێویست بۆ پەسەندکردنی دەستوور هەوڵیان دەدا.

لایەنگرانی حکومەتی ناوەندی لەبەرانبەر دروشمی پەیماننامەی داخوازییەکانی نارازییان، ئەم پێشنیارەیان خستەڕوو: دەستوور بەم شێوازەی ئێستا پەسەند بکەن و ئێمەش پاڵ بە ئێوەوە دەدەین تا ئەوکاتەی دڵنیاییەك بخولقێنێ کە ئەو زامنەی ئێوە دەتانەوێ وەك پاشکۆیەك بخرێتە سەری. لایەنگرانی حکومەتی ناوەندی رەشنووسی زنجیرە ریفۆرمێکی مومکینیان ئامادەکرد. بەڵام لەبەرئەوەی باوەڕیان وابوو باڵی ئازادی ئەنجومەن زۆرتر مەیلی بەلای ئەوەدا دەڕوا بەو تێزە رازیبێ کە لەلایەن یەکێك لەخۆیانەوە ئامادەکرابێ، ئەوان داوایان لە جۆن هانکۆك، گۆڕانیبێژی دەوڵەمەندی راگەیەنراوی سەربەخۆیی کرد هەستی نارازیی خۆی لە دەستوور نەدەشاردەوە، پێشکەشی بکا.

دیپلۆماسیەت و زیرەکیی لایەنگرانی حکومەت، هەروەها گفتی زیادکردنی ریفۆرمەکان، کاریگەری خۆی کرد. لە ٦ی شوباتی ١٧٨٨ بە دەنگی زۆربەی ١٨٧ لەبەرانبەر ١٦٨ ماساچوست بووە شەشەمین ویلایەت دەستووری پەسەندکردبێ.

## دەستوور پێڕەو دەکرێ

لە بەهاری ساڵی ١٧٨٨ ویلایەتی دیکەش کۆبوونەوە. لە نیسان و ئایار، مەریلەند و کارولینای خوارو، هەردوکیان بە جیاوازی دەنگێکی زۆر، دەستووریان پەسەندکرد.

نیوهەمشایەر لە دەنگداندا رووبەرووی زەحمەت بۆوە. دوای جارێك داخستن، ئەنجومەن جارێکی دیکە کۆبۆوە. جگە لەباسی ئاسایی دژی دەستوور، هەندی هاوولاتیانی نیوهەمشایەری بۆیە نارازیبوون دەیانگوت دەستوور خۆ لە قەدەغەکردنی کۆیلەداری بەدوور دەگرێ. نیوهەمشایەر نۆیەمین ویلایەت بوو دەستووری پەسەند دەکرد. نارازییان بەدەنگێکی کەم ٤٧ بەرانبەر ٥٧ دەنگ دۆڕاندیان. بە پەسەندکردنی دەستوور لە نیوهەمشایەر، ئەم یاسایە قابلیەتی پێڕەوکرانی وەدەستهێنا و یەکێتی دروستبوو.

بەڵام لایەنگرانی حکومەتی ناوەندی هێشتا نیگەران بوون. دووکەس لە گەورەترین و بەهێزترین ویلایەتەکان –ڤێرجینیا و نیویۆرك– لەناو یەکێتیەکەدا نەبوون. بەبێ پشتیوانی ئەم ویلایەتانە، یەکێتی تاکەی دەیتوانی بمێنێتەوە؟ روانگەی ئەمریکا رووەو کاری ئەنجومەنەکانی پەسەندکردنی دەستوور بوون لەو دوو ویلایەتە.





## ئەنجومەنی ڤێرجینیا

بەدرێژایی پرۆسەی پەسەندکردن، ڤێرجینیا هێشتا ئەو ناوچانەشی دەگرتەخۆ کە ئێستا پێیان دەوترێ ڤێرجینیای رۆژاوا و کۆنتاکی، گەورەترین ویلایەتی یەکێتی بوو. پێنجیەکی گشت دانیشتوانی ئەمریکا لە ڤێرجینیا دەژیان. لە ڤێرجینیاش وەك ماساچوست، لایەنگرانی حکومەتی ناوەندی لەو باوەڕەدابوون کە زیاتر لە نیوەی نوێنەران دژی پەسەندکردنی دەستوورن. سەربار، نارازییانی حکومەتی ناوەندی رێبەرانی قسەزان و بەتوانایان تێدابوو کە گەلێکیان بەهۆی ئەو رۆڵەی لە شۆڕشی ئەمریکادا گێڕابوویان ناوبانگ و رێزێکی زۆریان هەبوو. جۆرج ماسۆن، پاتریك هینری، ریچارد هینری لی – هەموویان لە قارەمانانی شۆڕش– و لە دەستوور نارازیبوون، بەتایبەتی بەهۆی نەبوونی پەیماننامەی مافەکان بەداخەوەبوون. پاتریك هینری لی لەسەرەتای کۆبوونەوەدا گوتی: ((بۆ من زەحمەت نییە نیشانی بدەم پرەنسیپەکانی ئەم رژێمە تا بڵێی بەزیان، نەگونجاو و ترسناکە. مافی هوشیاری، مافی دادگاییکردن لەلایەن دەستەی دادوەرانی، ئازادی چاپەمەنی، گشت پاریزگاری و مافی هاوولاتیان، هەموو داخوازییەکانی ماف و تایبەتمەندییە مرۆییەکان، بەم گۆڕانە، ئەگەر نەڵێم لەدەست دەچن، بەبێ زامنکردن، بەڕەڵا دەبن))[١٣٩]

## ئەوان قوتمان دەدەن !

ماساچوست گەورەترین ئەنجومەنی پەسەندکردنی دەستووری ڕێکخست. لەوێش وەك شوێنەکانی دیکە گفتوگۆکان بەزۆری گەرموگوڕبوون. لێرەدا، ئاموس سینگلتاری، ئەو جوتیارەی لە شۆڕشی ئەمریکادا ژیابوو، دژی دەستوور قسەدەکا. لەم هەڵبژاردەیەدا، فەزای ساڵی ١٧٨٧ نووسینی میلتۆن لوماسك، بەدگومانییەکەی لە لایەنگرانی دەستوور ئاشکرا دیارە.

((هەندێ لە بەرێزان وایان مەزەندە کردووە کە لەقۆناغی سەرەتای گرفتارییەکانمان، لەساڵی ١٧٧٥دا دەژین. من خۆم یەکێك بووم لەوان و دەڵێم ئەگەر کەسێك دەستوورێکی لەم شێوەیەی لەودەمیدا پێشنیار کردبا، یەکسەر توڕیان دەدا. هەر تەماشایان نەدەکرد ... ئایا ئەم دەستوورە ئەوەی هەمانە –گشت سامانمان– هەموویمان لێناسێنێ؟ ئایا باجی راستەخۆ و ناراستەوخۆ، عەوارز و تەعریفەی گومرگی ناسەپێنێ؟ ئیدی دەبێ چ شتێکی دیکە بدەین؟ ...

ئەم یاساناس و کەسە بەرێزانە و ئەو دەوڵەمەندانەی کەوا بەنەرمی قسان دەکەن و زیرەکانە شتەکان دیزەبەدەرخۆنە دەکەن تا ئێمەی خەڵکانی نەخوێندەوار و کڵۆڵ رازیبکەن ئەم حەبە قوتبدەین، چاوەڕوانن خۆیان بێنە ناو کۆنگرە. چاوەڕوانن ئەوان





جێبەجێکەری ئەم دەستوورەبن، گشت دەستەڵات و گشت سامانەکان بخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە. پاشان ئێمەی مرۆڤە بچوکەکان قوت دەدەن ... رێك وەك چۆن نەهەنگ یونسی قوت دا))

بەڵام لایەنگرانی حکومەتی ناوەندی کۆمەڵەیەکی بەتوانابوون. بێجگە لە جیمس مەدیسۆن، کۆمەڵەی لایەنگران ئەمانەی دەگرتەخۆ: ئەدمۆند پەندلتۆن، قازی دادگای باڵای ویلایەت، جۆرج وایت یاساناس و مامۆستایەك کە نوێنەری ئەنجومەنی دەستوور بوو، جۆن مارشال ئەو یاساناسە لاوەی پاشان بووە سەرۆکی دیوانی باڵا و جۆرج نیکۆلاس ئەو یاساناسەی خاوەنی گفتولفتێکی شیرین بوو، دەیتوانی بۆ ماوەیەکی زۆر سرنجی کوێگرەکانی بۆ لای خۆی راکێشێ.

لایەنگرانی حکومەتی ناوەندی کەمو کورتییەکانی کۆنفیدراسیۆنیان دەسەلماند. پەندلتۆن دەیپرسی: ((پێش کۆبوونەوەی ئەنجومەنی فیدراڵ، بارودۆخی وڵات چۆن بوو؟ حکومەتی سەرانسەری ئێمە بەتەواوی بێدەسەڵات بوو، بازرگانیمان روولە نەمان و کاروباری داراییمان بێسەروبەر و متمانەی گشتی و تایبەتیمان نەمابوو))[١٤٠] فیدرالیستەکان (لایەنگرانی حکومەتی ناوەندی) لەبەرانبەر ئەم نارەزاییە کە هیچ پەیماننامەیەکی مافی دا تێدا نەبوو، بەڵگەیان دێناوە))[١٤١] تەنیا

حکومەتێکی نیشتمانی بەهێز دەیتوانی ویلایەتەکان لە ململانێی یەکتر دوور بخاتەوە و لەبەرانبەر یاخیبوونی ناوخۆ بیانپارێزێ. سەربار، بە باوەڕی لایەنگرانی حکومەتی ناوەندی، دەستوور ئەم دەستەڵاتەی بەخەڵکی دەدا چاکسازی تێدا بکەن.جۆن مارشاڵ دواتر فایلی کوهێن لە بەرانبەر ڤێرجینیادا، نووسی: ((خەڵك، دەستووریان داهێناوە و دەتوانن لاشی بەرن)).

دوای چەندان هەفتە گفتوگۆی گەرم و شەڕەقسە، جۆرج وایت پێشنیاریکرد دەستوور لەگەڵ ئەو ریفۆرمانەی کە زامنکەری ئەو مافانەن کە نارازییانی حکومەتی ناوەندی وا بەگەرمی داخوازی بوون، پەسەند بکرێ. لەبەرئەوەی گفتوگۆ تا رۆژی دواتر بەردەوامبوو، جیمس مەدیسۆن گفتی بە ئەنجومەن دا ئەگەر دەستوور پەسەند بکرێ، ئەو خەریکی ئامادەکردنی پەیماننامەیەکی مافەکان دەبێ. وادیاربوو نوێنەران گفتەکەی ئەویان پەسەندکردبێ. نزیکەی دوای سەعاتێك، دەستوور بەدەنگی ٨٩ لەبەرانبەر ٧٩دا پەسەندکرا.


## نیویۆرك بەنابەدڵی پەسەندی دەکا

لە حەڤدەی حوزێران کە ٦٥ نوێنەری نیویۆرك لە پوکیپسی کۆبوونەوە، نارازییانی حکومەتی ناوەندی زۆربە بوون. لەدەرەوەی شاری نیویۆرك، دەستوور لایەنگرێکی کەمی هەبوو. نیویۆرکییەکان لە سیستمی پێڕەوکراودا باجێکی کەمیان دەدا





یان هەر نەیاندەدا، چونکە ئەم ویلایەتە دەیتوانی بەهۆی دانانی عەوارز لەسەر کەلوپەلی هێنراو لە بەندەری نیویۆرك دەرامەتی پێویستی خۆی دابین بکا. رێبەرایەتی نارازییان جۆرج کلینتۆن بوو، ئەو سیاسەتمەدارە زیرەکەی دواتر بۆ ماوەی زیاتر لە بیست ساڵ حوکمی نیویۆرکی بەدەستەوە گرت.




پەسەندکردنی دەستوور

مشتومڕەکانی نیویۆرك لە مشتومڕەکانی ڤێرجینیا دەچوون. بەپێی هەلومەرجێك، دەستوور تا دوای دووەمین کۆبوونەوەی ئەنجومەنی فیدراڵ کە تیایدا زنجیرە ریفۆرمێك جێبەجێ دەکرا، قابلیەتی پێڕەوکرانی وەدەست نەخست. ئەم قسەیە کە بە

پەسەندکردنی دەستوور لەلایەن نیوهەمشایەرییەکانەوە، قبوڵکردنی دەستوور بەرەسمی دەناسرێ، ئەنجومەنی نیویۆرکی رووبەرووی ترس نەکردەوە. ئەوان باوەڕیان وابوو کە بەبێ یارمەتی ڤێرجینیا هیچ یەکێتیەك سەرناکەوێ.




کۆمەڵانی خەڵك بە پەسەندکردنی دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکان خۆشحاڵن

بەڵام لایەنگرانی حکومەتی ناوەندی دوو هێزی بەتوانایان لەدەوروبەری خۆیاندا هەبوو: ئەلیکساندەر هەمیلتۆن و ویلایەتی ڤێرجینیا. هەمیلتۆن سوودی لە هەر چەکێك وەرگرت کە هەیبوو تا ئەنجومەن بەوە رازیبکا کە نیگەرانییەکانی بێبنەمان. ئەو، مادده بەمادده لە دەستووری کۆڵییەوە تا نیشانی



دامەزرانی ئەمریکاو دەستوورەکەی

بدا ئەنجومەنی دەستوور وەك پێویستە نیگەرانییەکانی ئەوانی لەبەرچاوگرتووە.

چەکێکی تر لەدەرەوەی ویلایەت بوو یەکێك لەو باسانەی نوێنەرانی نیویۆرك لەئەنجومەن دەیانوروژاند، ئەمەبوو کە بەبێ هاوکاری و بەشداری ڤێرجینیای بەهێز هیچ یەکێتیەك هەڵی مانەوەی نییە. لەم رووەوە، نوێنەرە ئامادەبووەکانی کۆبوونەوەی نیویۆرك بەخۆشحاڵییەوە چاوەڕوانی هەواڵی ئەنجومەنی ڤێرجینیا بوون. کاتێ زانییان ڤێرجینیا بەقازانجی پەسەندکردنی دەستوور دەنگیداوە، نارەزاییان کەمبۆوە.

هەمیلتۆن بە لەبەرچاوگرتنی ئەمەی کە ئەوان لە بەرانبەر یەکێتییەك کە ڤێرجینیاشی دەگرتەخۆ، بێتوانا دەبێ، جارێکی دیکەش بۆ پەسەندکردنی گوشاری هێنا. ئەگەر نیویۆرك لە هاتنەناو ئەو یەکێتییە خاوەن هێزە بەردەوام زۆرە خۆی دەگرت، چ چارەنووسێکی دەبوو؟ چۆن توانای مانەوەی دەبوو؟ ملانکتۆن سمیس، نارازییەکی دەوڵەمەند، پاشان دانی پێدانا کە کەوتبووە بەر کاریگەری بەڵگەکانی هەمیلتۆن. ئەو لە ٢٤ی تەموز پێشنیاریکرد نوێنەران هەر بەو شێوەیەی نووسراوە، پشتگیری لە دەستوور بکەن. لە ٢٦ی تەموزی ١٧٨٨ بەدەنگێکی کەمی ٣٠ بەرانبەر ٢٧، نیویۆرك بووە یازدەیەمین ویلایەت کە چووە ناو یەکێتییەکەوە.

## ((جێبەجێ کرا))

دیدی هەمووان وابووکە دوو ویلایەتەکەی تریش بەزوویی هەر ئەو رەوتە دەگرنەبەر. بە مسۆگەربوونی یەکێتی، لەقازانجی هیچ ویلایەتێك نەبوو خۆی لەیەکێتی بەدوور بگرێ. کارولینای باکور، دوای دوو کۆبوونەوەی زەحمەت کە تیایدا دەستوور پەسند نەکرا، لە ٢١ی تشرینی دووەمی ١٧٨٩ پەسەندیکرد و لە ئایاری ساڵی ١٨٩٠دا زیاتر لە ساڵێك دوای ئەوەی جۆرج واشنگتۆن گەیشتە پلەی سەرکۆماری ئەمریکا، روودئایلەند دوا ویلایەتی سێزدە ویلایەتە سەرەتاکە بوو بە نابەدڵییەوە دەستووری پەسەند کرد.

لە سەرانسەری وڵاتە نوێکەدا، بۆ پشتیوانی دەستوور ئاهەنگی خۆشی رێکخرا. خەڵکی لە جادەکان کۆبوونەوە تا تەماشای ((رێپێوانی لایەنگرانی حکومەتی فیدراڵ)) بکەن. لە چواری تەموزی ١٧٨٨، فیلادیلفیا گۆڕەپانی نیشاندانی رێپێوانێکی گەورەبوو. دەستەکانی رێپێوان لەگەڵ هاووڵاتیان ئەو سرودە تازەیەیان دەگوت کە فرانسیس هاپکینسون نوێنەری پەنسلڤانیا لە ئەنجومەنی دەستوور بەم بۆنەیەوە نووسیبووی:

سڵاو لەم جەژنە ! سڵاو لەم رۆژە!

ئاڵای کۆڵۆمبیا لەسەربانەکەی رووی نیشان دەدا!

لێگەڕێ دروشمی هەمیشەی خەڵکی هەروابێ:





**وا یەکگرتوو، چونکە یەکگرتوو، ئازاد ![١٤٢]**

**بنجامین روش، یەکێك لە گوتاربێژانی ئەم ئاهەنگە خۆشانە، گوتی: ((جێبەجێکرا. ئێمە بووینە میللەت !))[١٤٣]**

**پەسەندکردنی دەستوور لەلایەن ئەنجومەنی ویلایەتەکانەوە**

| ویلایەت | رۆژی پەسەندکردن | دەنگی بەڵێ | دەنگی نارازی |
|---|---|---|---|
| دیلاویر | ١٧٨٧/١٢/٧ | ٣٠ | ٠ |
| پەنسلڤانیا | ١٧٨٧/١٢/١٢ | ٤٦ | ٢٣ |
| نیوجەرسی | ١٧٨٧/١٢/١٨ | ٣٨ | ٠ |
| جۆرجیا | ١٧٨٨/١/٢ | ٢٦ | ٠ |
| کونکتیکوت | ١٧٨٨/١/٩ | ١٢٨ | ٤٠ |
| ماساچوست | ١٧٨٨/٢/٦ | ١٨٧ | ١٦٨ |
| مەریلەند | ١٧٨٨/٤/٢٦ | ٦٣ | ١١ |
| کارۆلینای خواروو | ١٧٨٨/٥/٢٣ | ١٤٩ | ٧٣ |
| نیوهەمشایەر | ١٧٨٨/٦/٢١ | ٥٧ | ٤٧ |
| ڤێرجینیا | ١٧٨٨/٦/٢٥ | ٨٩ | ٧٩ |
| نیویۆرک | ١٧٨٨/٧/٢٦ | ٣٠ | ٢٧ |
| کارۆلینای باکور | ١٧٨٩/١١/٢١ | ١٩٤ | ٧٧ |
| رودئایلەند | ١٧٩٠/٥/٢٩ | ٣٤ | ٣٢ |

سەرچاوە: مەك کلان، دەمە مێژووییەکان، ل ١٤٤.

## (٨)

## میراتێکی نەمر

چـــیرۆکی دەســـــتووری ویلایەتـــــە یـــــەکگرتووەکان بـــــە پەسـەندکردنی نەگەیـشتە کۆتـایی. لـەکاتی پەسـەندکردنییەوە، ئــەم دەســتووورە لــە گەشــەکردندا بــەردەوام بــووە، گــۆڕاوە و وەرگــۆڕان و فــەرمانی بەســەر میللەتێکـدا کـردووە کـە گـۆڕان و گۆڕانکارییەکی فراوانی دیوە. هەر لەبەر ئەوە بە بەڵگە نامەیـەکی زیندوویان ناوناوە.

دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکان، کاتێ نووسرا ستایش و سەرســوڕمانێکی زۆری وروژانـد. کاتــێ ئەنجومــەنی دەســتوور کارەکانی خۆی تـەواو کرد، جۆرج واشنگتۆن رایگەیاند کە ئەم دەسـتووورە ((زۆر مایــەی سەرسـوڕمانە ... لـە پــەرجوێك کـەمتر نییـە))[١٤٤] چـالز پینکنـی لـە کارۆلینـای خـوارو بـە هاوکارەکـانی خۆی گوت ئەوان دەبێ ((زۆر دڵخۆش))بن چونکە ((توانیویـەتی لــە کەرســـتەیەکی وا نارێــك و نائومێــد، حکومــەتێکی تــەواو، بخولقێنێ)).[١٤٥]

لەگـەڵ هەنـدێش، روون بۆتـەوە کـە ئـەم دەسـتووورە هـەروەك نوێنەرە ئامادە بووەکانی ئەنجومەن لەبەرچاویانگرتبوو، زۆر بە

کەموکورتی بوو، کامڵ نەبوو. مێژوونووسان: **ئۆسکار و لیلین هەندلین** دەنووسن: ((دەستوور بەوشێوەیەی نووسرابوو، ڕۆڵی خۆی نەگێڕا، بەردەوامی و مانەوەی دەستوورەکانی فیدراڵی و ویلایەتەکان لەبەر ئەوە نەبو کە تەواو و بێکەموکورتین، بەڵکو بەهۆی ئەوەوەیە کە بەکردەوە قابیلی وەرگۆڕانن. حکومەت و ڕەعیەت بەهۆی پێویستیان ڕێگەچارەیان دۆزیوەتەوە))[١٤٦]

نووسەرانی دەستوور ئاگایان لەوە هەبوو کە بەڵگەنامەکەیان تەواو نییە و لێکدانەوە، ڕۆڵی خۆی دەبێ. کاتێ دۆستێك گوڤەرنەر موریسی بەهۆی دەستوورێك زۆر باش کە ئەو و هاوکارەکانی نووسیبوویان ستایشکرد، مۆریس لەوەڵامدا گوتی: ((بەوەوە پەیوەندە کە چۆن لێکی بدەیتەوە))[١٤٧]

خاڵی بەهێزی واقیعی دەستوری ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەوەیە کە قابیلی گۆڕینە. نووسەرەکانی ئاقڵانە دەرگایان بۆ چاککردنی ئاوەڵا هێشتۆتەوە، تا ڕێگەیەك بۆ گۆڕینی ئاشتیانە و بێ شۆڕش بەرپاکردنی ڕژێم،هەبێ. سەربار، ئەوان بە نوسینی ئەم بەڵگەنامەیە بەشێوەی هەنگاوێك لە پرەنسیپی گشتیو نە لیستێك لە هەنگاو چالاکییەکی دەستنیشانکراو کە حکومەت دەبێ وەڵامدەرەوەیان بێ، ئەم بوارەیان بۆ نەوەی داهاتوو ڕەخساندووە کە ئەم بەڵگەنامەیە بەپێی هەلومەرجی ڕۆژگاری خۆیان لێکبدەنەوە. ئەم قابیلیەتی وەرگۆڕانە لە زیندومانەوەی ئەم بەڵگەنامەیەدا ڕۆڵێکی زۆری هەبووە.





## تابلۆیەکی شێوەکاری

نووسەرانی دەستوور ئاگایان لەوە هەبوو کە لەنووسینی ئەم بەڵگەنامەیەدا دەبێ بیر لە ئایندە بکەنەوە. جیمس ویلسۆن دەیگوت: ((ئێمە دەبێ ئاگامان لەوە هەبێ کە خەریکی ئامادەکردنی دەستوورێکین بۆ نەوەکانی داهاتوو، نەك هەر بۆ ئەم هەلو مەرجە))[١٤٨] جۆرج واشنگتۆن، لە تەواوی نامەکانیدا دوای ئەنجومەنی دەستوور، خەڵکی ئاگادار دەکردەوە کە ئەم ماف و توانایەیان هەیە ئەم بەڵگەنامەیە بەپێی خواستەکانی خۆیان بگۆڕن. ئەو لە نامەیەکدا، لەکاتی تێکۆشان بۆ پەسەندکردنی دەستوور، نووسی:



جۆرج واشنتۆن وەك یەکەمین سەرکۆماری ویلایەتە

ئەگەر لەکاتی نووسینیدا ئاگام لە کەمو کورتییەکانی دەستوور دەبوو، هەوڵم بۆ نەهێشتنیان دەدا، بەڵام ئەو دەمی بە تەواوی قەناعەتم کردبوو ئەمە باشترین بەڵگەنامەیە کە دەکرێ ئامادە بکرێ، ئەو کەموکورتیانەی تێدا نییە کە باسی لێوە دەکەن و ئێمە دەبێ لەنێوان ئەو و جودایی و لەبەریەك هەڵوەشانەوەدا، یەکیان هەڵبژێرین. ئەگەر ئێمە یەکەمیان هەڵبژێرین، کاتێ کەموکورتییەکانی لە ئەزموندا دەرکەوتن، دەرگا بۆ چاککردنیان کراوەتەوە و دەتوانرێ بە شێوازێکی ئاشتیانە، بەبێ ئاژاوە و گێرەشێوێنی ئەم کارە بکرێ)[149]

تۆماس جیفرسۆن دەستووری بە (تابلۆیەکی شێوەکاری) پێناسە کرد ((کەسێك کە تەنیا بە نوکی قەڵەم نەخشی دڵخوازی خۆی لەسەر دەکێشێ))[150] ئەو لەساڵی ١٨٠٣ هاووڵاتییەکانی خۆی ئاگادارکردەوە: ((وەرن بە زیادکردنی ئەو شێوانەی ئەزموون و رۆژگار نیشانی دەدەن کە هێشتا ناتەواون، بەهۆی زیادکردنی، دەستوور تەواوتر بکەین))[151]

نووسەرانی دەستوور کە دەیانزانی ئەم بەڵگەنامەیە تەواو نییە، ئەوەندە هوشیار بوون کە رێگەی گۆڕینی تێدا بگونجێنن، بەبێ ئەوەی بنچینەکەی بڕوشێنێ. دەستوور، لەکاتی نووسینی دا لەساڵی ١٧٨٧، (٢٧) جار بەهۆی زیادکردنی پاشکۆی دەستوورەوە گۆڕاوە.





## دەستپێکی سەردەمێکی تازە

لە ١٦ی نیسانی ١٧٨٩، جۆرج واشنگتۆن لە وەڵامی داواکاری وڵاتەکەی، جارێکی دیکەش لە گۆشەگیری هاتەدەرێ. دوو رۆژ پێش ئەوە، **چالس تۆمسۆن** سکرتێری کۆنگرە چووبووە **مونتی ڤرنون** تا بە واشنگتۆن رابگەیەنێ کە وەك سەرکۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکان هەڵبژێردراوە:

بەرێز، ئێستا پێتان رابگەیەنم کە نیشتمانپەروەری و ئامادەیی ئێوە بۆ وەلانانی ناکۆکی ناوخۆیی و خۆشحاڵی شەخسی بەمەبەستی پاراستنی ئازادی و خۆشبەختی وڵاتەکەمان مۆڵەتی بە دوو ئەنجومەن (کۆنگرە) نەدا لەمەڕ بە ئەستۆوە گرتنی ئەم پلەوپایە گەورە و گرنگە لەلایەن ئێوەوە دوودڵ بێ، پلەیەك کە تەنیا دەنگی یەکپارچەیی دەنگدەران، بەڵکو بانگی ئەمریکا بانگت دەکا.[152]

کاتێ جۆرج واشنگتۆن چووە نیویۆرکی پایتەختی کاتی، هێشتا کەمترین شت دیاربوو. حکومەت نە جێگەیەکی جێگیری هەبوو، نەبەرنامەیەکی پراکتیکی. لەم کاتەدا هەتا کارۆلینای باکور و رود ئایلەند هێشتا بەشێك لە یەکێتی نەبوون. جیمس مەدیسۆن، کە بەنوێنەرایەتی یەکەمین کۆنگرەی نیشتمانی هەڵبژێردرابوو، نووسی: ((ئێمە لەبیابانێکدا سەرگەردانین، بەبێ هیچ جێپێیەك کە رێنوێنیمان بکا))[153] واشنگتۆن ئاگاداری

ئەوەبوو كە بە (ڕێگەیەكی ناهەموار)دا دەڕوا. ئەو نووسی: ((زەحمەتە بتوانرێ لەو بەرپرسیارێتیەی خراوەتە ئەستۆی من بەشێك بدۆزیتەوە كە لەمە بەدوا وەك پێشینەیەك و ئاكاری لێنەیەت))[154]، بەڵام نووسەرانی دەستوور چاوەڕوان بوون بارودۆخ بەرەو باشی بچێ. ((جێگرەوەكانی ئێمە ئەركێكی ئاسانتریان دەبێ، ڕێگە زۆر هەموارتر و كورتترو دڵنیاتر دەبێ))[155]

بەدرێژایی یەكەمین ئەزموونی بەڕێوەبردنی كاروبار، بەشی ڕاپەڕاندن و كۆنگرە پێكەوە هەوڵیاندا تا باشترین شێوەی هاوكاری بدۆزنەوە. لەهەمووی گرنگتر، هەوڵیاندا ئەم دڵنیاییە بخولقێنن كە سیستمی نوێ ناكام نابێ.

## گفتێك و پێشنیازێك

لەناو یەكەمین بەرنامەی كاردا، ڕازیكردنی نارازییانی حكومەتی فیدراڵ بوو بە ئیلتیزامكردن بە گفتی چاككردنی ئەوشتانەی ئەوان بە خاڵە لاوازەكانی دەستووریان دەزانی، واتە نەبوونی پەیماننامەیەكی مافەكان. واشنگتۆن لە گوتاری دەسپێكردنی كارەكەیدا، بەگەرمی داوای لە ئەندامانی كۆنگرە كرد پێشنیارەكانیان بۆ چاكسازی پێشكەش بكەن كە نیشاندەری ((ڕێزگرتن لە مافەكانی جوامێرەكان و لەبەرچاوگرتنی هاوئاهەنگی گشتی بێ))[156] جیمس مەدیسۆن لە





٨ی حوزێرانی ساڵی ١٧٨٩، تەنیا چەند هەفتەیەك دوای پەیوەست بوونی بە كۆنگرەی یەكەم، گفتەكەی خۆی هێنایەجێ و پێشنیازیكرد كۆنگرە پرۆسەی ریفۆرمی دەستوور بۆ زیادكردنی پەیماننامەی مافەكان كە تا ئەودەم پێشنیازكرابوون، دەست پێبكا. لیستێكی درێژی ئەو مافانەی تائەو سەردەم پێشنیار كرابوون، ئامادەبوو. ئەنجومەنەكانی پەسەندكردنی دەستوور لە ماساچوست، كارۆلینای خوارو، نیوهەمشایەر، ڤێرجینیا و نیویۆرك بەرەسمی چەند چاكسازییەكی جۆراوجۆریان خستبووە ناو پەیماننامەی مافەكان و پێشكەشیان كردبوو كە لەكۆدا لە دووسەد ماددەی تێدەپەڕاند. گەلێ لەو چاكسازییانە هاوشێوە بوون، بەڵام كاتێ بەیەكەوە دەنووسران، نزیكەی سەد ماددەیان لێ پێشنیازكرابوو. مەدیسۆن گرنگترین بیرو باوەڕی لە حەڤدە پێشنیاز و دە گۆڕین، پوختەكردەوە و بووە ((پەیماننامەی مافەكانی ویلایەتە یەكگرتووەكان)) هاوكارێكی مەدیسۆن لە كۆنگرە، بۆ دۆستێكی خۆی نووسی:

ڕێزدار مەدیسۆن چاكسازییەكی دوورودرێژ و چاوەڕوانكراوی خۆی پێكەشكردووە. ئەمانە، بەری هەوڵ و توێژینەوەیەكی فراوانن. ئەو، لە تەواوی گلەیی و گازاندەی ڕۆژنامەكان، گشت مەرج و شەرتی ئەنجومەنەكان و گچكەترین

خاڵی گفتوگۆکانی کۆڵیوەتەوە ... لە کۆدا، ئەم کارە دەتوانێ لە بێدەنگکردنی ئەو کەسانەی تەنیا هەراوهۆریایان پێخۆشە، کاریگەربێ و بۆ ئەو کەسەش کە ئامادەیکردووە خۆشەویستی، وەدەست بخا کە ئارەزووی بووە.[157]

مەدیسۆن پێشنیازیکرد چەند گۆڕانکارییەك لە دەقی دەستووردا بکرێن، بەڵام لایەنگرە توندەکانی دەستوور لەوە نیگەران بوون کە هەر گۆڕانێك لە دەستوور دەبێتە هۆی فراوانترکردنی گۆڕانەکان. ئەمە دەیتوانی ئەو یەکدەنگی و یەکڕوانینە لەرزۆکەی دروست ببوو، خاوبکاتەوەو مۆڵەت بە تاکەکان بدا درێژە بە ڕەخنەگرتن لە ماددەکان بدەن و جارێکی دیکەش تایبەتمەندییەکانی دەستوور بەگشتی بخەنە گومانەوە. لەم ڕووەوە، ڕۆجەر شەرمن پێشنازیکرد ریفۆرمەکان بەشێوەی بەندی نوێ و سەربەخۆ زیاد بکرێن.

## فیدرالیستی ژمارە (١٠) و دەستەگەری

جیمس مەدیسۆن لە فیدراسیۆنی ژمارە (١٠)، پێویستی کۆمارێکی دیموکراتیك و پرەنسیپەکانی بە پوختی ڕادەگەیەنێ. ئەمڕۆ، زۆربەی خەڵك لەو باوەڕەدان کە حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان زیاد لەپێویست کەوتۆتە بەر کاریگەری حزبە سیاسییەکان و گروپەکانی خاوەن بەرژەوەندی و ڕێکخراوەکانی ترەوە. ئەمەی خوارەوە، لە فیدرالیستی ژمارە (١٠)ی کۆمەڵەی





(یاداشتەکانی فیدرالیست)دا، بیرو باوەڕی مەدیسۆن لەوەی حکومەتێك بتوانێ باڵە جیاوازەکان کۆنترۆڵ بکا، نیشان دەدا.

((لەناو ئەو تایبەتمەندییە جۆراوجۆرانەی کە یەکێتی مژدە بەخشیانە، هیچ کامیان ئەوەندەی مەیلی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دەستەگەری و کۆنترۆڵکردنی زیانەکانی دەرەنجامی ئەوە مایەی سرنجدان نییە. دۆستی حکومەتە میللییەکان هەرگیز ئەوەندەی کاتێ مەیلیان، ئەوان بەو خاڵە لاوازە ترسناکانەوە دەبینێ، نیگەرانی گۆڕانی ماهییەت و چارەنووسی ئەوان نابێ ...

ئەگەر باڵێك خاوەنی زۆربە نەبێ، پرەنسیپی کۆماری و دەنگدانی ڕێکوپێك، کە بوار بە زۆربە دەدا دیدو بۆچوونی شەڕانیان تێك بشکێنێ، دەبێتەهۆی ئاسودەبوونیان. لەوانەیە بێتە تەگەرەی بەردەمی کارەکانی حکومەت، لەوانەیە، کۆمەڵ توشی گیروگرفت بکاتەوە، بەڵام ناتوانی دەستدرێژی و پێشێلکاری خۆی لەژێر سێبەری دەستووردا بشارێتەوە و بەردەوامبێ. بەڵام کاتێ باڵێك زۆربە بەدەست دەهێنێ، شێوەی حکومەتە میللیەکەی بواری بۆ دەرەخسێنێ هەم بەرژەوەندییە گشتییەکان و هەم هاوولاتیانی دیکە. بکاتە قوربانی مەیلە دەسەلاتخوازییەکە یان بەرژەوەندییەکانی. لەم ڕووەوە، زامنکردنی بەرژەوەندییە گشتییەکان و مافەکانی تاکەکەس لەبەرانبەر مەترسییەکی لەم شێوەیەی باڵەکان و لە هەمانکاتدا

پاراستنی گیان و شێوەی حکومەتی میللی، ئامانجێکی مەزنە کە توێژینەوەکانمان بۆ وەدەستهێنانی ئەمەیە ...

ئاشکرایە کە ئەو تایبەتمەندییەی کۆمارێك لەچاو دیموکراسی لە کۆنترۆڵکردنی کاریگەرییەکانی دەستەگەری، هەیەتی، کۆمارێکی گەورە لەچاو کۆمارێکی بچوك و یەکێتی لەچاو ویلایەتە پێکهێنەرەکانی هەیەتی... نفوزی رێبەرانی دەستەکان لەوانەیە ئاگرێك لەناو ولایەتێکی دیاریکراودا هەڵایسێنن، بەڵام ناتوانێ ئاگرێکی گەورە بۆ ویلایەتەکانی تر بگوازێتەوە، کۆمەڵەیەکی ئایینی لەوانەیە لەبەشێکی کۆنفیدراسیۆندا ببێتە باڵێکی سیاسی، بەڵام جۆراوجۆریی گروپەکان کە لەسەرانسەری کۆنفیدراسیۆندا پەرش و بڵاون، دەبوایە ئەنجومەنی نیشتمانی لە هەر جۆرە مەترسییەك کەلەو سەرچاوەیەوە دێ، دەیپارێزێ: مەیلی شێتانە بەدارایی، بە هەڵوەشاندنەوەی قەرز، بە دابەشکردنی نایەکسانیی دارایی، یا هەر تێزێکی نابەجێ یان مەیلی شەڕانی دیکە، کەمتر دەگونجێ کەلە سەرانسەری یەکێتییەکەدا جێگیرپێ تا لە ئەندامێکی تایبەتیدا)).

ئەنجومەنی نوێنەران هەر حەڤدە چاکسازییەکەی مەدیسۆنی پەسەندکرد و بۆ ئەنجومەنی سەنای نارد،کە لەوێ کرایە چواردە ماددە. دەستەیەکی هاوبەش لە ئەندامانی دوو ئەنجومەنەکەی





کۆنگرە پێکهات تا چاکسازییەکان لە رووی زمانەوە، داڕێژێتەوە. ئەم دەستەیە ژمارەی چاکسازییەکانی کردە دوازدە و بۆ ویلایەتەکانی پێشنیارکرد.

## پەیماننامەی مافەکان پەسەند دەکرێ

ویلایەتەکان دوو مادەی دەستکاریکراوی پێشنیازی کۆنگرەیان قبوڵنەکرد. یەکێکیان ژمارەی نوێنەرەکانی کۆنگرەی دەستنیشان دەکرد و ئەوی دیکە رێی لە هەر جۆرە زیادکردنێکی موچەی نوێنەرانی کۆنگرە بەدرێژایی ماوەی نوێنەرایەتیان، دەگرت. هەردوو ماددە بە ماددەی ناپێویست دانران. دەستکاری پەیوەست بە قەدەغەبوونی زیادکردنی موچە لەساڵی ١٩٩٢ زیاتر لە دووسەد ساڵ دوای پێشکەشکردنی پەسەندکرا و بووە ماددەی دەستکاریکراوی بیستوحەوتەم.

دە مادەی دەستکاریکراوی ماوە، وەك پەیماننامەی مافەکان قبوڵ کران. پەیماننامەی مافەکان کەلە کانونی یەکەمی ١٧٩١ پەسەندکرا، پارێزگاری گرنگترین ئازادیی هاووڵاتیانی ویلایەتە یەکگرتووەکانە. بەشی زۆری ئەم مافانە کە ئەمریکاییەکان لێی شارەزان – بیروڕا، ئازادی ئایین، مافی دادگاییکردن بە ئامادەبوونی دەستەی دادوەران، پارێزراوی لە (سزادانی زاڵمانە و نامەعقول)) لەناو پەیماننامەکەدا هاتوون.

کارۆلینای باکور، دوای ئاگاداربوون لە پەسەندکردنی

مافەکان، ئەنجومەنی پەسەندکردنی دەستووری پێکهێناو بووە دوازدەیەمین ویلایەت کە دەستوور پەسەند بکا. دوای شەش مانگ، رودئایلەند، دوای ئەوەی سەنای نوێ بڕیاری پچڕاندنی پەیوەندی بازرگانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئەم ویلایەتە گچکەیەی پەسەندکرد، بەنابەدڵی و ناخۆشحاڵ هاتە ناو یەکێتییەوە. لەو سەردەمەوە، سی و حەوت ناوچە و ئیدی وەك ویلایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان قبوڵکران.

## ریفۆرمی سیستمی حوکم



لە کاردانە هەڵبژاردنی فرانکلین دی رۆزفلت بۆ چوارەمین جاری یەك لەدوای یەکی بە سەرکۆمار، دەستکاری بیست‌ودووەم کە خولەکانی هەڵبژاردنی سەرکۆماری کردە دووجار، بۆ دەستوور زیادکرا

لەسەرەتاوە، دەستوور لە یەکلاکردنەوەی هەموو ئەو شتانەی وڵاتە نوێکە رووبەڕوویان دەبۆوە، کەموکورتی تێدا دیاربوو. بۆ نمونە، نوسەرەکانی، دەرکەوتنی حزبە سیاسییەکان و ئەو کاریگەرییەی دەخرایە سەر پرۆسەی بەوردی رێکخراوی هەڵبژاردنەوە، پێشبینی نەکردبوو.





یەکێك لە دەستکارییە هەوەڵینەکانی دەستوور، گۆڕینی شێوازی هەڵبژاردنی سەرکۆمار و یاریدەدەرەکەی لەئەنجامی ئەم مەسەلەیەوە بوو.

نووسەرانی دەستوور، دەسەڵاتی گروپەکانی گوشار، دەرکەوتنی بیرۆکراسی دەوڵەتی، یان گەشەی خێرای پەیوەندییەکانیشیان پێشبینی نەکردبوو. ئەوان پیاوی سەردەمی خۆیان بوون، نە سەدەی بیستویەك. لەگەڵ هەندێش، ئەو بەڵگەنامەیەی ئەوان ئامادەیانکرد ئەمڕۆش دەتوانێ وەك دووسەد ساڵ پێش ئێستا، حوکم بکا. ئەمەش، تا رادەیەکی زۆر، قەرزاری قابلیەتی وەرگۆڕانەکەیەتی.

دەستوور، لە بەرانبەر رووداوە دیاریکراو و مەیلە فراوانترەکاندا، سەلماندویەتی دەتوانێ ئەو سیستمە بگۆڕی کە وڵاتی پێ بەڕێوە دەچێ. سێ دەسکاری (دوانزەیەم، بیستەم، بیستویەکەم) رەوتی کاری پێگەی سەرکۆماری بەردەوامکرد. دەستکاری بیستودووەم کە لەساڵی ١٩٥١ لەمەڕ هەڵبژاردنی فرانکلین دی. رۆزفلت بۆ چوار خول وەك سەرکۆمار پەسەندکرا، ژمارەی خولەکانی سەرکۆماری بە دوو خول جێگیر کرد. ئیدی دەستکارییەکان سروشتی پەیوەندی خەڵکی لەگەڵ حکومەتەکەیان گۆڕی. بۆ نمونە، دەستکاری شانزەیەم هەقی دانانی باجی لەسەر داهاتی راستەوخۆ لەسەر هاووڵاتیان بەبێ

دابەشکردنی بەسەر ویلایەتەکانی، خستە ئەستۆی حکومەتی نیشتمانی.

دەستکاری حەڤدەیەم مافی هەڵبژاردنی راستەوخۆی سیناتۆرەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی دابەخەڵکی. دەکرێ ئەمە بە گواستنەوەیەکی زیرەکانەی یەکێك لە دەسەڵاتەکانی حکومەتەکانی ویلایەتەکان لەقەڵەم بدرێ.

## ریفۆرمە جەنگییەکان

هەندێجار، دەستکارییەکان دەرەنجامی ناکامی نووسەرانی دەستوورە لە چارەسەرکردنی تەواوی ئەو مەسەلانەی هەرەشە لە میللەت دەکەن. کۆیلەداری یەکێك لەو مەسەلانە بوو. ئاشتەوایی سێ لەپێنج و بڕیاری تری پێویست بە کۆیلەداری لە داپۆشینی برینێکی پڕلە کێم دەچوو. سەرەنجام شەڕی ناوخۆ، ئەم مەسەلەیەی یەکلا کردەوە کە دەستوور نەیتوانیبوو چارەسەر بکا.

شەڕی ناوخۆ ئەو یەکێتییەی لە ئەنجومەنی دەستوور بنیاتنرابوو، تەقریبەن لەبەرەیەك هەڵوەشاند. پێویست بوو، دەستکاری ئەم بەڵگەنامە حکومەتییە بکرێ تا لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی لەکۆتایی شەڕدا وەدەرکەوتبوون، بگونجێ. دەستکاری سێزدەهەم، چواردەهەم، پانزەهەم کە بەهەموویان پێیان دەگوترێ ((دەستکاری شەڕ))



دامەزرانی ئەمریکاو دەستوورەکەی

کۆیلەداری هەڵوەشاندەوەو هەموو ئەو مافانەشی بە رەشپێستەکان بەخشی کە ئەمریکاییەکانی تر خاوەنی بوون.

دەستکاری چواردەهەم، بەتایبەتی کاریگەرییەکی قوڵی کردەسەر شێوازی بەڕێوەبردنی وڵات. ئەم ریفۆرمە رایدەگەیەنێ کە ((هیچ ویلایەتێك بۆی نییە هیچ یاسایەك دانێ یان بسەپێنێ کە ئیمتیازات یان مافەکانی هاووڵاتیانی ئەمریکی بەرتەسك بکاتەوە و هیچ ویلایەتێك، بەبێ پرۆسەی یاسای پەسەندکراو، کەسێك لە ژیان، ئازادی، یان سامانەکەی بێبەش بکا، لەچوارچێوەی دەستەڵاتە یاساییەکانیدا پارێزگاری یاسایی لەکەس ناستێنێ)). لەبنچینەدا، دەستکاری چواردەهەم، لێپرسراوێتی پرۆسەی پارێزگاری یاسایی بابەتی دەستکاری پێنجەم بۆ ویلایەتەکان دەنێرێ. ئەم دەستکارییە لەبەرانبەر کر دیکتاتۆری ویلایەتەکان داکۆکی لە هاووڵاتیان دەکا و ویلایەتەکان ناچار دەکا رێز لەو پارێزگارییە نووسراوانەی پەیماننامەی مافەکان بگرن.

## فراوانبوونی مافی دەنگدان

لەساڵی ١٧٨٧ کاتێ دامەزرێنەرانی دەستوورلە فیلادلفیا کۆبوونەوە، کۆبوونەوەکەیان ئەو پیاوە سپیانەی تێدابوو کە زۆربەیان خاوەن موڵکی دەوڵەمەند بوون. ئەوان باوەڕیان بە ئۆتۆنۆمی هەبوو، بەڵام مەبەستیان لەم ئۆتۆنۆمییە حکومەتێکی

وەك خۆیان بوو. هەرچەندە ئەم پێشنیارە کە دەستوور مەرجی موڵکایەتی تێدابێ، ڕەتکرایەوە، بەڵام ئەم شێوازەی کە تەنیا مافی دەنگدانی بە پیاوانی سپی دەدا، بۆماوەیەکی زۆر بێ ئەملاوئەولا بەردەوام بوو.

یەکەمین گۆڕان لە هەلومەرجی دەنگدان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان بە پەسەندکردنی دەستکاری پازدەهەم لەساڵی ١٨٧٠ ئەنجام درا کە مافی دەنگدانی کۆنە کۆیلەکان و ڕەنگین پێستەکانی دابیندەکرد. بەڵام هەندێ لە حکومەتەکانی ویلایەتەکان چەند ڕێگەیەکیان بۆ خۆدزینەوە لە دەستکاری پانزدەهەم دۆزییەوە. چەند ویلایەتێك باجی دەنگدانیان دانا، ئەو باجەی کە دەنگدەر بەمەبەستی دەنگدان دەبوو بیدا، بەمشێوەیە کەمایەتییەکان و کلۆڵەکانیان لەو مافە بێبەشکرد. لە دەیەی ١٩٥٠، ڕێبەرانی بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکان لە ناکامی حکومەتیان لە پاراستنی مافی ڕەشپێستەکان و کەمایەتییەکانی تر دوان و بۆ زامنێکی زیاتر، گوشارییان دروستکرد. لە هەوڵێکدا بەمەبەستی هەڵگرتنی تەگەرەکانی مافی دەنگدان، دەستکاری بیستوچوارەم، کە لەساڵی ١٩٦٤ پەسەندکرا، باجی دەنگدانی بە نایاسایی لەقەڵەمدا.

بە پەسەندکردنی دەستکاری نۆزدەهەم لەساڵی ١٩٢٠، ژنان مافی دەنگدانیان بەدەستهێنا. پێش ئەم دەستکارییە،



دامەزرانی ئەمریکاو دەستوورەکەی

دەستووری ویلایەت مافی دەنگدانی تەنیا بە پیاوان دەدا یان مەرجی موڵکایەتیان بۆ دەنگدان دادەنا کە بەزۆری ژنانی لێ بێبەش دەبوو.

گۆڕانکاری تازەتر لە دەستووردا، مافی دەنگدانی لە هەڵبژاردنی نیشتمانیدا داوەتە دانیشتوانی کۆلۆمبیا و تەمەنی یاسایی دەنگدانی بۆ هەژدەساڵ کەمکردۆتەوە.



لەساڵی ١٩٢٠ بە پەسەندکردنی دەستکاری نۆزدەهەم، ژنان مافی دەنگدانیان وەرگرت

## هەنگاونان بۆ ریفۆرمی کۆمەلاّیەتی

سەلماوە کە گۆڕانکاری لە پێکهاتەکانی حکومەتی دەستوور بەهۆی دەستکارییەوە تاڕادەیەك ئاسانە، بەلاّم گۆڕینی کۆمەڵ گەلێ دژوارترە. پەسەندکردنی ریفۆرمەکانی جەنگی، کە گشت مافە دابینکراوەکانی نێو دەستووری بە رەشپێستە ئەمریکاییەکان دەدا، لە دامرکاندنەوەی ئاگری دەمارگرژی کاریگەر نەبوو. بۆ ماوەیەکی زۆر، پێش پەسەندکردنی دەستکاری بیست و چوارەم، ویلایەتەکان کاریان بە دەستوور نەدەکرد و خۆیان لە جێبەجێکردنی ئەو ماددانە دەدزییەوە کە مافی رەشپێستەکانی زامن دەکرد. رەشپێستەکانی ئەمریکا و کەمایەتییەکانی دیکە ئەمڕۆش لەخەبات بۆ پاراستنی ئەو مافانەی کە دەستوور بۆی دابینکردوون، بەردەوامن.

قەدەغەبوونی خواردنەوەی سەرخۆشکەر – ئەو ((ئەزموونی بەمەیلێکی شەریف و ئامانجێکی دوورەدەست))[158] نموونەیەکی دیکەی بێ توانایی دەستوورە لە دۆزینەوەی چاکسازی کۆمەلاّیەتی. دەستکاری هەژدەهەم، قەدەغەبوونی خواردنەوەی سەرخۆشکەری رادەگەیاند، کەبە مەبەستی گۆڕینی روانگەکان و شێوازی ژیان ئامادەکرابوو. ئەم ریفۆرمە کە لەساڵی ١٩١٩ پەسەندکرا، ئەوپەڕی تێکۆشانی دووروودرێژی دژبە خواردنەوە بوو کە رێکخراوەکانی دژبەخواردنەوە دەستیان پێکردبوو. ئەم







کارمەندانی فیدراڵی لەسەردەمی قەدەغەبوونی خواردنەوەی سەرخۆشکەر کە دەستکاری هەژدەهەم رایدەسپارد،
بوتڵی خواردنەوە بەتاڵ دەکەنەوە

ریفۆرمە رایدەگەیاند کە ((بەهەمهێنان، فرۆشتن یان گواستنەوەی خواردنەوەی سەرخۆشکەر ... بەپێی ئەم بەڵگەنامەیە قەدەغەیە)).

لەکاتی پەسەندکردنی ئەم ریفۆرمە، نزیکەی ٩٥٪ی ئەمریکاییەکان دەیانخواردەوە. هەرچەندە قەدەغەبوونی خواردنەوە بە هەڵمەتێك بۆسەر رەفتاری مەستان و هۆکاری ئاژاوە لەقەڵەم دەدرا، کۆڕی خواردنەوەیەکی مامناوەندی قەدەغە

دەکـرد. بـەڵام زۆری نەخایانـد زانـرا، کـە جێبـەجێکردنی ئـەم قەدەغەیە نەکردەیە. لیکۆر لە کەنەدا یان لە مەکسیك دەهێنراو لەرێی بەندەرە قاچاغەکانەوە دەگەیشتە ویلایەتە یەکگرتووەکان و لـە شـوێنە دوورەکـانی گونـدەکان، دروسـت دەکـرا. بـاری نایاسایی، ئەو جێگایانەی بەشێوەیەکی نایاسایی لیکور دەهات، لە هـەموو شـوێنێك وەك قارچك هەڵـدەتۆقی. گـرنگتر لـەوە، ئـەو دەرامەتـە قەبەیـەی بەهۆی بازرگـانی نایاسـایی خواردنەوەکانـەوە بەدەسـتدەکەوت، یارمـەتی زۆربـوونی تـاوانی رێکخـراوی دەدا. لەساڵی ١٩٣٢، تەنیا چواردە ساڵ دوای جێبەجێکردنی یاسای قەدەغـــەبوونی خواردنـــەوە، دەســـتکاری بیـــستویەکەمی هەڵوەشـاندەوە. قەدەغـەبوونی خواردنـەوە و هەڵوەشـاندنەوەی، بەڵگەیـــەکی دیکەیـــە لـــەوەی دەســـتوور مۆڵـــەت بـــە خـــەڵك و حکومەتەکەیان دەدا هەڵەبکەن و پاشان راستیشی بکەنەوە.

## چاوپێداگێڕانەوەی قەزایی

گوڤەرنەر موریس نووسیویەتی: ((عورفی لێکدەرەوەی گـەورە دامەزراوە مرۆییەکانە. هیچ دەستوورێك لەسەر کاغەز و لە ژیانـدا یەکـسان نییـە))[١٥٩] هەرچـەندە دەسـتکارییەکان گـۆڕانێکی بنـەڕەتییان لـە دەستووردا درووستکردووە، چـاوپێداگێڕانەوەی قـەزایی شـەفافیەتێکی زیـاتری لـەم بەڵگەنامەیـەدا خولقانـدووەو بـواری پێـدراوە لەرێگـەی گـۆڕانێکی فراوانـەوە لەگـەڵ ئاکـار و





خوڕەوشتی خەڵکیدا بگونجێ.

لەواقیعـدا، وشـەکانی خـودی دەسـتوور گـۆڕانێکی وایـان بەسەردا نەهاتووە. لەکاتی پەسـەندکردنی پەیماننامـەی مافەکان لەسـاڵی ١٧٩١وە، تـەنیا حەڤـدە مـاددەی بـۆ زیـادکراوە. بـەڵام لێکدانـەوەی وشـەکانی دەسـتوور، پرۆسـەیەك کـە پێـی دەگـوترێ چـاوپێداگێڕانەوەی قـەزایی، بەشـێوەیەکی نائاسـیایی گـۆڕاوە. چاوپێداگێڕانەوەی قەزایی مۆڵەت بە دیوانی باڵا دەدا یاساکانی فیـدرال یـان ویلایـەت ئەوانـەی لەگـەڵ دەسـتووردا ناسـازێن، هەڵبوەشێنێتەوە.

مەنتیقی پشتی چاوپێداگێڕانەوەی قەزایی لەساڵی ١٨٠٣ لە (فـایلی مـاربری لەبەرانبـەر مەدیـسۆن) بەگـشتی رایگەیـەنرا کـە یەکـەمینجار بـوو دیـوانی بـاڵا پەسـەندکراوێکی کـۆنگرە بـە پێچەوانەی دەستوور رابگەیـەنێ. جـۆن مارشـاڵ، قـازی دیـوانی بـاڵا، گـوتی: ((بەدڵنیاییـەوە، ئەمـە ئـەرکی دەزگـای قەزاییـە بڵـێ یاسا چییە))[١٦٠]

### دەرکەوتنی چاوپێداگێڕانەوەی قەزایی

کاتێـك دەسـتوور نووسـرا، لـەبارەی بەشـی قـەزایی یـان دەسـتەڵاتەکانی، کـەموزۆر گفتوگـۆ نـەکرا. ئـەم کـارە، بـەزۆری خرایە ئەستۆی یەکەمین دەزگای بەڕێوەبەرایـەتی. جۆن مارشـاڵ، قـازی دیـوانی بـاڵا، لـە (فـایلی مـاربری لـە بەرانبـەر مەدیـسۆن)

رایگەیاند کە ((لێپرسراوێتی و ئەرك))ی دەزگای قەزاییە کە دەستوور لێك بداتەوە و بڕیار لە گونجان و نەگونجانی کارەکانی کۆنگرە و دەزگا بەڕێوەبەرایەتییەکان لەگەڵ دەستور بدا. لەم هەڵبژاردەیەی گوتاری فلیپ بی.کرلند ((ڕەگەکانی دەزگای قەزایی نیشتمانی)) لەم دەستوورەدا، مارشال دەسەڵاتی چاوپێداگێڕانەوەی قەزایی ڕادەگەیەنێ.

((ئەگەر دوو یاسا پێچەوانەی یەك بن، دەبێ دادگاکان لەمەڕ جێبەجێکردنی هەریەکێکیان بڕیاری خۆیان بدەن. بۆیە، ئەگەر یاسایەك پێچەوانەی دەستووربێ، ئەگەر ئەو یاسایە و دەستوور هەردوکیان پێوەندییان بەیەك بابەتەوە هەبی، بەشێوەیەك دادگا یان دەبێ بڕیار بدا ئەو بابەتە لەگەڵ دەستووردا دەگونجێ و دەستوور پشتگوێ بخا، یان لەگەڵ دەستووردا دەگونجێ و یاساکە پشتگوێ بخا، دادگا دەبێ ئەوە دەستنیشان بکا کە کام لەو دوو یاسایە دژبەیەکە، حوکمی بابەتەکە دەکا. ئەمە گەوهەری سەرەکی ئەرکی دەزگای قەزاییە. ئەگەر دادگاکان لەسەریانە دەستوور لەبەرچاوبگرن و دەستوور لە هەموو یاساکانی تر لەپێشترە، دەستوور ، نەك یاسایەکی ئاسایی، دەبێ حوکم بەسەر ئەو بابەتەدا بکا کە هەردوو یاسا لێی دواون)).

چاوپێداگێڕانەوەی قەزایی ڕۆڵێکی چارەنووسساز لە هاوچەرخبوونی دەستوور دەگێڕێ. هەروەك **وودرو ویلسۆن**






گوتوویەتی: ((دیوانی باڵا ئەنجومەنێکی دەستوورە کە بەردەوام لەکاردایە))[١٦١] لەبەرئەوەی گۆڕان لە لێکدانەوەدا دەتوانێ لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسییەی لەوڵاتدا ڕوودەدا بسازێ، پێویستیی دەستکاری بەردەوام ناخرێتە بەرنامەی ڕۆژانەوە. کاتێ قازییەکان بۆ ڕێنوێنی دەڕواننە دەستوور، لەروانگەی ئەو سەردەمەی تیایدا دەژین تەماشای دەکەن. حوکمەکانی، ڕێسای کولتوری و ئاکار و پێوەرەکانی سەردەمەکەیانەوە کاریگەر دەبن. هەروەك **ولیام ج.برنان**، قازی دیوانی باڵا، ڕوونی کردۆتەوە:

ئێمە قازییانی ئێستای دیوانی باڵا تەنیا دەتوانین دەستوور بەشێوازێك بخوێنینەوە: واتە وەك ئەمریکاییەکانی سەدەی بیستەم. ئێمە سرنج دەدەینە مێژووی نووسین و مێژووی لێکدانەوەکەی تا ئێستا. بەڵام دواپرسیار دەبی ئەمەبێ کە وشەکانی دەقەکە لە ئێستادا دەبێ چ مانایەك ببەخشن؟ بۆچی قابلیەتی دەستوور نە لەهەر مانایەکی چەقبەستوودا کە لەوانەیە لە دنیایەکدا کە مردووە و ڕابردوو، هەبووە، بەڵکو لە سازانی ڕێو شوێنە بەرجەستەکانیدا، لە وەرام دەرەوەی گیروگرفت و دابینکردنی پێداویستیە هەنوکەییەکانی دایە.[١٦٢]

## چاوپێداگێڕانەوەی قەزایی و فیدرالیستی ژمارە ٧٨

ئەلیکساندەر هەمیلتۆن لە فیدرالیستی ژمارە ٧٨ داکۆکی لەو هەلومەرجانە دەکا کە دەستوور بۆ دەزگای قەزایی دەستنیشانیکردووە و تەئکید لە لێپرسراوێتی دادگاکان لە لێکدانەوەی دەستوور وەك یاسای بنەڕەتی دەکا. ئەم قسانەی خوارەوە کە لە فیدرالیستی ژمارە ٧٨ی کۆمەڵەی یاداشتەکانی فیدرالیست، وەرگیراوە، ڕەوشی چاوپێداگێڕانەوەی قەزایی پوختە دەکا:

((سەربەخۆیی تەواوی دادگاکان لە دەستوورێکی دیارکراودا، بایەخێکی بنچینەیی هەیە. مەبەستی من لە دەستوورێکی بەرتەسك، یاسایەکە چەند چوارچێوەیەکی تایبەتی بۆ دەسەلاتی یاسادانان دەگرێتەخۆ، بۆ نمونە، وەك ئەوەی کە ناتوانێ هیچ فۆرمێکی ستاندنی مافە کۆمەلایەتییەکان، یان یاسای پەیوەست بە رابردوو، شتی لەمجۆرە پەسەند بکا. بەرتەسککردنەوەی لەمجۆرە لە پراکتیکدا زەحمەتە خۆی رابگرێ، ئەگەر بەهۆی ئەو دادگایانەوە نەبێ کە



ئەلیکساندەر هەمیلتۆن، لێکدانەوەی دەستووری لەلایەن دادگاکانەوە بەپێویست زانی



دامەزرانی ئەمریکاو دەستوورەکەی

ئەرکیان دەبێ ئەوەبێ گشت ئەو بڕیارانەی پێچەوانەی دەقی روونی دەستوورن، بە هەڵوەشانەوە لەقەڵەم بدرێن. بەبێ ئەوە، گشت ئەو تێبینیانەی بە ماف و ئیمتیازە دەستنیشانکراوەکانەوە پەیوەستن، پوچەڵ دەبنەوە ...

لێکدانەوەی یاساکان بەوردی لە دەسەلاتی تایبەتی دادگاکاندایە ... لەواقیعدا، قازییەکان وەك یاسای بنچینەیی دەڕواننە دەستوور و دەشێ هەروابێ. لەبەر هەندێ پێویستە لەسەریان ماناکەی و هەروەها مانای هەر یاسایەکی تایبەتی کە لە دەسەلاتی یاسادانانەوە سەرچاوە دەگرێ، روون بکەنەوە. ئەگەر ناکۆکییەکی ئاشکرا و بێچارەسەر لەنێوان ئەو یاسایەدا بخولقێ، هەڵبەت دەبێ ئەوەی ئیلزام و متمانەی زۆرترە لەبەرچاو بگیرێ، یان بەدەستەواژەیەکی دیکە، دەستوور دەبێ بە پەسەندکردنی ئەنجومەن و ئامانجی خەڵکی، لە ئامانجی نوێنەرەکانیان لەپێشتر دابنرێ)).

## لەپێشتربوونی نیشتمانی

چەند هۆکارێکی دیکە لە دەستووردا هەن لەمانەوەیدا رۆڵیان هەبووە. لەوانە، ماددەی هەشتەمی بەندی یەکەمە کە دەسەلاتی دانانی یاساکان بە حکومەتی نیشتمانی دەسپێرێ ((بۆجێبەجێکردنی دەستەلاتە دراوەکان و دەستەلاتەکانی تر کە دەستوور داویەتی بەحکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان. یان هەر

بەڕێوەبەرایەتی و لێپرسراوێکی، پێویست دەبێ))، ئەمە بەماددەیەکی ((پێویست و ماقووڵ)) ناوی دەرکردووە.

جۆن مارشال، قازی دیوانی باڵا بۆ فراوانکردنی دەستەڵاتی حکومەتی نیشتمانی لەفایلی مەك کولوچ لەبەرانبەر مریلەند سوودی وەرگرت. ئەم فایلە لەساڵی ١٨١٩ خرایەڕوو، کاتێ کۆنگرە دەستیکرد بەدامەزراندنی بانکی نیشتمانی. هەندێ لە لایەنگرانی مافەکانی ویلایەتەکان، لەوانە لوسەر مارتین، نارازی کۆنی حکومەتی ناوەندی لەمریلەند، ئیدیعای کرد کە کۆنگرە دەستەڵاتی دامەزراندنی بانکێکی لەمجۆرەی نییە. دیوانی باڵا بەکۆی دەنگ وێڕای ئەوەی دەستوور بەئاشکرا دەستەڵاتی دامەزراندنی بانکی بە کۆنگرە نەسپاردووە، بەڵام کۆنگرە، بەپێی ماددەی ((پێویست و ماقوول)) وەك بەشێك لە دەستەڵاتەکەی بۆ ڕێکوپێك کردنی ئابووری، دەتوانێ کارێکی لەم شێوە بکا. جۆن مارشال لەبارەی ئەم ماددەیە، نووسیویەتی:

ئەم مەرجە لە دەستوورێکدا نووسراوە کە بڕیارە بۆ رۆژگاری ئایندە بمێنێتەوە و لەئەنجامدا لەگەڵ کاتە ناسك و جۆراوجۆرەکانی کاروبارەکانی مرۆڤدا بگونجێ. بۆ ئەوەی ئامرازێك دەستنیشان بکرێ کە حکومەت بتوانێ بەهۆیەوە لەئایندەدا دەستەڵاتەکانی خۆی بەکاربهێنێ، دەبوایە تایبەتمەندی ئەم ئامرازە بەتەواوی بگۆڕێ و کۆمەڵە





تایبەتمەندییەك بەو مافانە ببەخشێ. هەنگاوێکی هۆشیارانە نەدەبوو ئەگەر بۆ کاتی پێویست، بەهۆی ڕێسای نەگۆڕ، پێشبینی پێویست بکرایە، چونکە ئەم کاتە ناکاوانە ئەگەر ئەسڵەن قابیلی پێشبینی بن، بەشێوەیەکی لێڵ و نادیار دەبینرێن و کاتی ڕوودانیان باشتر دەتوانرێ، چاویان لێبکرێ.[١٦٣]

ماددەی ((پێویست و ماقوڵ)) بواری بە حکومەت داوە کە بۆ گونجان لەگەڵ پێداویستییە هەنوکەییەکان، گەشە بکا و بگۆڕێ. گەلێ لە کارەکانی حکومەت، وەك ئەوەی لەلایەن ((ڕێکخراوی پاراستنی ژینگە))، ((ڕێکخراوی چاودێری ئەتۆمی)) یان ((هێزی ئاسمانی)) جێبەجێ دەکرێ، لەلایەن نووسەرانی دەستوورەوە قابیلی پێشبینیکردن نەبوون. دەسەڵاتی زمنی، بواری ئەو شتانەی رەخساندووە.

## میراتێکی نەمر



ئەلیکسی دوتوکویل، فەیلەسوفی سیاسی فەرەنسی لە بەشێك لە لێکۆڵینەوەکانیدا لەبارەی سیاسەتەکانی ئەمریکا، بەگەرمی نووسی کە دەستوور بە چ ئاسانییەك خولقا

دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکان لە کولتور پچڕا. هەرچەندە پێش ئەوە، دەستووری تر نووسرابوون، بەڵام ئەمریکاییەکان یەکەمینی ئەو کەسانە بوون کە دەسەڵاتێکی تەواویان بە دەستوورەکەیان بەخشی و دەستورەکەیان لە حکومەت لەپێشتر زانی. دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکان شێوەی روانینی خەڵکی بۆ پەیماننامەکەیان لەگەڵ حکومەت، گۆڕیوە. پێش شۆڕشی ئەمریکا، دەستوور تەنیا پەیوەندی بەشێوازی کاری حکومەتەوە هەبوو، بەڵام دانەرانی دەستوور بەتەواوی ئەمەیان گۆڕی. لە کۆتایی سەدەی هەژدە، ئەمریکاییەکان وەك بەڵگەنامەیەك تەماشای دەستووریان دەکرد کە هێزی بەخەڵکی دەدا. دەستوور هاوشانی حکومەت نەبوو، بەڵکو لە حکومەت هەورازتر بوو. بەپێی ئەو شتانەی کە گوڤەرنەر موریس لە رەشنووسی خۆیدا نووسیویەتی، دەستوور،





((یاسای سەرزەوی)) بوو.

بایەخی دەستوور لە پرۆسەی پەیدابوونیشیدا دەردەکەوێ. **ئەلێکسی دوتوکویل**، کە لەبارەی بینینەکانی ئەمریکا لە دەیەی ١٨٣٠دا نووسیویەتی، رەوشی بێهاوتای خولقانی دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکان بەم شێوەیە هەڵدەسەنگێنێ:

ئەمە لەمێژووی کۆمەڵدا تازەیە کە ببینین خەڵکێکی گەورە، کاتێ یاسادانەر پێیڕادەگەیەنێ کە چەرخەکانی حکومەتەکەی ناسوڕێن، نیگایەکی ئارام و ورد لەخۆی بکا، پاشان ببینین ئەو بەوردی لە گەورەیی کارەساتەکەی دەکۆڵێتەوە و بەشکۆوە دوو ساڵی تەواو چاوەڕوان دەکا تا رێگەچارەیەك بدۆزێتەوە و ئەودەم خۆبەخشانە تەسلیمی دەبێ، بەبێ ئەوە ئەمە بەنرخی فرمێسکێك یان دڵۆپە خوێنێکی مرۆڤایەتی تەواوبێ.[١٦٤]

تەنیا زەمانە دەڵێ ئەم دەستوورە تاکەی دەمێنێتەوە، بەڵام بەهەرحاڵ زیاتر لە دەستوورەکانی تر ژیاوە. لەناو ١٧٠ دەستووری تری نووسراوی دنیادا، دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکان لە هەموویان بەتەمەنترە. ئەم دەستوورە گەشەستاندنی بێڕادەی خاك و زۆربوونی دانیشتوان، هەروەها شەڕێکی ناوخۆ، دوو شەڕی جیهانی و گەلێ شەڕی دیکەو پێکدادانی گچکەتری تێپەڕاندووە. لەبارێکدا کە ویلایەتە یەکگرتووەکان لە وڵاتێکی تازەوە بۆتە زلهێزێکی جیهانی، ئەم

دەستووره هەروەك خۆی جێگیر و پتەو ماوەتەوە. لەگەڵ پتەویدا، نەگۆڕیش نەبووە. هەرچەندە ریفۆرم و لێکدانەوەکان هەندێ لە هەلومەرجەکانیان، کە زیاتر لە دووسەد ساڵ پێشتر نووسراوە، گۆڕیوە، بەڵام ئەو پرەنسیپە بنچینەییانەی ئەو وڵاتەی لەسەر بنیات نراوە، وەك خۆی ماون. ئەمریکاییەکان، بەمەبەستی بەرەوپێش بردنی یەکێتییەکی تەواوتر، بەردەوام دەستوور دەکەنە رێنوێنی خۆیان.





## سەرچاوەکان
## بۆ زیاتر لێکۆڵینەوەی ئەم بابەتە

–لێکدانەوەی پرەنسیپ و فەلسەفەی دەستوور.

–زانیاری لەبارەی مێژووی پەیماننامەی مافەکان و لێکدانەوەیەك لە مەبەستی نووسەرانی دەستوور پێشکەش دەکا. بە رێکوپێکی باس لە سەردەمێك دەکا کە چۆن روانینەکان لە پەیماننامەی مافەکان بەدرێژایی رۆژگار گۆڕاوە و سەرنجێکی تایبەت دەداتە کاریگەری دەستکاری چواردەهەم.

–بەسەرهاتی دەستوور، بە تەئکید لەسەر کاریگەرییەکەی لەسەر ویلایەتە یەکگرتووەکان و دنیا.

–زەمینەکانی ئەنجومەنی دەستوور، یاخیبوونی شیز، ئەنجومەنی ئاناپولیس و مەیدانی کۆبوونەوەی نوێنەران لە فیلادلفیا باس دەکا.

–قەرینەی کتێبی (ئێمە خەڵك)ی ئەم نووسەرانە بۆ خوێنەرانی لاوتر، روانگەیەکی سەرپێیی لە مێژووی دەستوور.

–گێڕانەوەیەك کە لەپێداویستی بە دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکۆڵێتەوە، بەدوای پێشنیاز و باسوخواسە جۆراوجۆرەکان لە ئەنجومەنی دەستووردا دەچێ و کورتە

مێژوویەکی ژیانی هەر نوێنەرێکی ئەنجومەن باسدەکا.

-بەسەرهاتی پەیدابوونی دەستوور، لە کۆتایی شەڕی شۆڕشگێڕانە تا پەسەندکردنی دەستوور لەلایەن نیویۆرکەوە.

-لێکۆڵینەوەی تێکۆشانی کەسایەتییەکان، لەخوێندکارانەوە بگرە تا قازییەکانی دیوانی باڵا، بۆ یارمەتیدانی زیندوهێشتنەوەی پەیماننامەی مافەکان.

-لێکدانەوەیەك لە چۆنیەتی کاریگەری هۆکارە ئابوورییەکان لە پێکهاتنی دەستوور.

-گێڕانەوەیەکی دراماتیکی ئەنجومەنی دەستوور، بە پشتبەستن بە پێشینەی مێژوویی دەستوور.

-راپۆرتێکی دووروودرێژ لەبارەی رەوتی ئەو رووداوانەی کە بوونە هۆی سەربەخۆیی، شۆڕشی ئەمریکا، ئەنجومەنی دەستوور و باسی گفتوگۆکانی پەیوەست بە پەسەندکرانی.

-لێکدانەوەیەك لە فەلسەفەی سیاسی مەدیسۆن و کاریگەرییەکەی لەسەر هەلومەرجەکانی دەستوور.

-لە پێکهاتنی پەیماننامەی مافەکان و بەڵگەکانی لایەنگران و نارازییانی حکومەتی فیدراڵ لەمەڕ دەستوور دەکۆڵێتەوە. بەڵگە بنچینەییەکان، نامەکان، راگەیەنراوەکان، سەرگوتاری رۆژنامەکان و گوتار لەخۆ دەگرێ.





## سەرچاوەکان

-باسێکی سرنجڕاکێش لەبارەی کەسانێك کە لە ئەنجومەنی دەستووری ١٧٨٧ دا ئامادەبوون و چەند بڕیارێکیاندا.

-گێڕانەوەیەکی مێژوویی دامەزرێنەرانی وڵات و کۆمەڵەکانی ناوەوەی.

-کتێبی مێژوویی دامەزراندنی وڵات و کۆمەڵەکانی ناوەوەی.

-کتێبی مێژوویی کەبۆ هەموو خوێنەرێك نووسراوە و باس لە رووداوە گرنگەکانی مێژووی سەرەتایی ئەمریکا دەکا.

-گێڕانەوەیەکی دووروودرێژ و بەپێزی ئەنجومەنی دەستوور، کە بەهاتنی نوێنەران بۆ فیلادلفیا دەستی پێدەکا و بە پەسەندکردنی دەستوور کۆتایی دێ.

راپۆرتێکی گرنگ نووسینی پێشەوای کۆمەڵەیەك کە لە ئەزموونی ئاوارەکان لەکاتی رۆیشتنی بەناو ئۆقیانووسی ئەتڵەسی و جێگیربوون لە پلیبمێرت – ماساچوست، دەدوێ.

-مێژووی تەواوی ویلایەتە یەکگرتووەکان کە بۆ تەواوی خوێنەران نووسراوە.

-لێکدانەوەیەکی مێژوویی ئاوێتە بە وەسفی ژیاننامەی زیندو، راپۆرتێکی مێژوویی فراوان لەبارەی ئەو رووداوانەی کە بوونە هۆی دروستبوونی کۆمار، لەسەردەمی نووسینی دەستوور

تا راگەیاندنی ئازادی کۆیلەکان دەدوێ.

-گێڕانەوەیەک بەنمونەوە لە حکومەتی ویلایەتە یەکگرتوەکان.

-بەسەرهاتی شۆڕشی ئەمریکا و نووسینی دەستوور لە زاری بەشدارانی، کە بریتیە لە نامە، گوتار، راپۆرتی رۆژنامەکان، بڵاوکراوە و بەڵگەنامەی تری پلەیەک لەساڵی ١٧٧٦ تا پەسەندکردنی دەستوور.

-گفتوگۆی رازی و نارازی دەستوور و لایەنە جۆراوجۆرەکانی دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکان، نووسینی کەسانێک کە لەکاتی نووسین و پەسەندکردنی ئەم بەڵگەنامەیەدا لەژیاندابوون.

-گێڕانەوەیەک لەبارەی ئەوەی کە دەستوور چۆن لەماوەی زیاتر لە دووسەد ساڵدا لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا فەرمانڕەوابووە و چۆن بەهۆی دەستکاری و ریفۆرم و بڕیارەکانی دیوانی باڵا خۆی لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا گونجاندووە.

-درێژەی رووداوەکانی مێژووی سەرەتای ئەمریکا، لەکاتی کۆچڕەونشینی ناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەم، بە پشتبەستن بە راپۆرتە پلەیەکەکانی کەسانێک کە ئەوکاتە هەبوون.

-کۆمەڵێک نووسینی فرانکلین، ژیاننامەیەک بەناوی ریچارد





ئالان کی بێچارە، نامە و بەڵگەنامەی تر کە نامە گۆڕینەوەکانی فرانکلین لە لەندەن ساڵی ١٧٥٧ تا کاتی مردنی، تێدایە.

-رێنوێنی ئاسانی رووداوەکان و بابەتە سەرەکیەکانی ئەمریکا، لەسەردەمی کۆچڕەونشینیەوە تا ئێستا.

-بریتیە لە ٨٥ گوتار کە لەپرۆسەی گفتوگۆکانی پەسەندکردندا، لە داکۆکیکردن لە دەستوور نووسراون. روانینێکی بەمانا لەو شتانەی نووسەرانی دەستوور بۆ حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەبەرچاویان بووە.

-بەرگی یەکەمی کتێبێکی چواربەرگی، راپۆرتێک لەبارەی مێژووی سەردەمی کۆچڕەونشینی ئەمریکا.

-بەرگی دووەمی کتێبێکی چوار بەرگی، راپۆرتێک لەبارەی مێژووی ئەمریکا، کە بەو رووداوە دەستپێدەکات کە بوونە هۆی شۆڕشی ئەمریکا.

-لەبارەی کۆچڕەونشینی لەنیوەی سەدەی هەژدەهەم.

-کۆمەڵێک نووسینی جیفرسۆن، کە بریتییە لە ژیاننامەیەک بە قەڵەمی خۆی بەناوی (یاداشت لەبارەی ویلایەتی ڤێرجینیا) نووسینە ئاشکراکان، گوتار، نامە، نووسراویتر.

-راپۆرتێکی بە نمونەلەبارەی مێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکان.

-هەڵبژاردەیەک لە تێزەکانی دەستوور، نووسراوی تایبەتی

نووسەرانی دەستوور و گوتاری رازی و نارازییانی حكومەتی فیدراڵ.

-راپۆرتێكی مێژوویی و لێكدانەوەی ئەو دیدە سیاسیانەی كە كاریان دەكردە سەر نووسینی دەستوور و یەكەمین حكومەتەكان.

-راپۆرتێكی ئاسان لەبارەی ئەنجومەنی دەستوور، كە بە(سەردەمی گواستنەوە)ی فەرمانڕەوایی پرەنسیپەكانی كۆنفیدراسیۆن دەستپێدەكا و بە پەسەندكردنی دەستووریش، كۆتاییی دێ.

-راپۆرتێكی سادە و روون لەبارەی دەستوور وەك چوارچێوەیەك بۆ حكومەت.

-بەرگی دووەمی ئەم ژیاننامە شەش بەرگیە، خەڵاتی پولیتزەری وەرگرتووە، بەسەرهاتی جیفرسۆن لە ساڵانی نیشتەجێبوونی لە فەرەنسا كە هاوكات بوو لەگەڵ نووسینی دەستوور، دەگێڕێتەوە.

-چەند گوتارێك لەبارەی كاریگەری مێژوویی دەستووری ویلایەتە یەكگرتووەكان.

-كۆمەڵە سەرچاوەیەكی پلەیەك و دوو كە رووداوە گرنگەكانی ئەمریكا دەگێڕنەوە.

-باس و لێكدانەوەیەك لەبارەی پرەنسیپ و فەلسەفەی





دەستوور و مەسەلە پەیوەستەكانی.

-راپۆرتێكی دوورودرێژی ژیاننامەی نوێنەرانی ئەنجومەنی دەستووركە لە پێشینە و ئەزموون و پرەنسیپی نووسرانی دەستوور دەدوێ.

-كورتە مێژوویەكی ئەو رووداوانەی كە بوونە هۆی ئەوەی سێزدە ویلایەت ببنە یەك میللەت، ئەم كتێبە بە رووداوی هۆكاری شۆڕشی ئەمریكا دەستپێدەكا و بە پەسەندكردنی دەستوور كۆتاییی دێ.

-داستانی داهێنان و پەسەندكردنی دەستووری فیدراڵی لەگەڵ وێنە و دیمەنی جۆراوجۆر.

-بەرهەمێكی مێژوویی خەڵكی خەڵك پەسەند كە سرنج دەداتە كاریگەری سێ سیاسەتمەدار لەسەر نووسین و پەسەندكردنی دەستوور.

-بەسەرهاتی ئەمریكا لە روانگەی كەسانێك كە لەوێ بوون. یاداشتی رۆژانە، نامە، ژیاننامە، بیرەوەری، گوتار و بەسەرهات. لەگەڵ پێشەكی و لێكدانەوەیەكی كورت. بەرگی یەكەم چەند بابەتێك لە دامەزرانی جیمس تاون لەساڵی ١٦٠٧ تا حكومەتی جۆن كوئینسی ئادامز دەگرێتەخۆ.

-راپۆرتێكی بەپێز لەبارەی دەستوور، ئەنجومەنەكانی پەسەندكردن و یەكەمین حكومەت لە سیستمی نوێی حكومەت.

–(هەستی هاوبەش)، (تەنگژە) و بلاوکراوەیتر، گوتار و نامەکانی تۆماس پین.

–گێڕانەوەیەکی دورودرێژ لەبارەی لەدایکبوونی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە سێ بەرگ، بەرگی یەکەم و دووەم ئەو رووداوانە دەگرێتەخۆ بوونە هۆی شۆڕشی ئەمریکا یان لەسەردەمی شۆڕشدا روویانداوە، بەرگی سێیەم بەکورتی لە رووداوی دروستبوونی دەستوور دەدوێ.

–کۆمەڵە گوتارێك لەبارەی رووە جۆراوجۆرەکانی دەستوور و بەکارهێنانی لەسەرانسەری مێژووی ئەمریکا، نووسینی مێژوونووس و لێکۆڵەرە دیارەکانی دەستوور.

–بەڵگەنامە سەرەتاییەکانی مێژووی ئەمریکا.

–کۆمەڵە نامەیەك و نوسراوی دیکەی جۆرج واشنگتۆن لەبارەی سەردەمی کۆچڕەونشینی تا کاتی مردنی.





پێشەکی

1. Quoted in Catherine Drinker Bowen, *Miracle at Philadelphia.* Boston: Little, Brown and Company, 1986, p. 88.
2. Madison, *Federalist #51,* in *The Federalist Papers.* New York: Bantam Books, 1982, p. 262.
3. Quoted in Bowen, *Miracle at Philadelphia,* p. 242.

بەشی یەکەم: دروستبوونی دنیایەکی نوێ

4. Quoted in "Captain John Smith," Association for the Preservation of Virginia Antiquities, 1997 - 1998. www.apva.org/ history/ jsmith.html.
5. Quoted in Winthrop D. Jordan and Leon F. Littwack, *The United States.* 7th ed. Englewood Cliffs, NJ: Prentice - Hall, 1991, p. 21.
6. Quoted in Oscar and Lilian Handlin, *Liberty and Power: 1600- 1760.* New York: Harper & Row, 1986, p. 58.
7. Quoted in Francis Newton Thorpe, ed., *The Federal and State Constitutions, Colonial Charters, and Other Organic Laws of the States, Territories, and Colonies Now or Heretofore Forming the United States of America.* Washington, DC: Government Printing Office, 1909.
8. Quoted in Oscar and Lilian Handlin, *Liberty and Power,* p. 73.
9. Hugh Brogan, *The Penguin History of the United States of America.* New York: Penguin Books, 1990, pp. 39-40.
10. From the Virginia Company Records, quoted in Oscar and Lilian Handlin, *Liberty and Power,* p. 57.
11. Oscar and Lilian Handlin, *Liberty and Power,* p. 60.
12. Quoted in James MacGregor Burns et al., *Government by the People.* 16th ed. Englewood Cliffs, NJ: Prentice- Hall, 1995, pp. 11-12.
13. Daniel J. Boorstin, *The Landmark History of the American People: From Plymouth to*

*Appomattox.* New York: Random House, 1987, p. 52.
14. Quoted in Richard Hofstadter, *America at 1750: A Social Portrait.* New York: Random House, 1973, p. 31.

بەشی دووەم: گیانی ئەمریکایی

15. Quoted in Brogan, *The Penguin History of the United States of America,* p. 138.
16. Quoted in Edmund S. Morgan, *The Birth of the Republic: 1763- 89.* Chicago: University of Chicago Press, 1977, p. 5.
17. Quoted in Brogan, *The Penguin History of the United States of America,* p. 71.
18. Benjamin Franklin, *Autobiography, Poor Richard, and Letter Writings.* New York: Library of America, 1997, p. 691.
19. Quoted in Page Smith, *A New Age Now Begins, Volume I.* New York: McGraw- Hill, 1976, p. 240.
20. Quoted in Morgan, *The Birth of the Republic,* p. 17.
21. Quoted in Frank M. Fahey and Marie L. Fahey, *Chapters from the American Experience: Volume One.* Englewood Cliffs, NJ: Prentice- Hall, 1971, p. 130.
22. Department of Humanities Computing, University of Groningen, "Resolutions of the Stamp Act Congress." Text Prepared for The American Revolution _ an HTML project, 1997. www.Let.rug.nl/~usa/D/1751-1775/stampact/sa.htm.
23. Department of Humanities Computing, "Resolutions of the Stamp Act Congress."
24. Quoted in Smith, *A New Age Now Begins,* p. 242.
25. Quoted in Smith, *A New Age Now Begins,* p. 278.
26. Smith, *A New Age Now Begins,* p. 384.
27. Quoted in Oscar and Lilian Handlin, *Liberty in Expansion: 1760-1850.* New York: Harper & Row, 1989, pp. 133-34.
28. Thomas Paine, *Collected Writings.* New York: Library of America, 1995, pp. 25, 28.
29. Smith, *A New Age Now Begins,* p. 682.
30. Quoted in Jim R. McClellan, *Historical Moments: Changing Interpretations of America's past: Volume I, the Pre-Colonial Period Through the Civil War.* Guilford, CT: The Dushkin Publishing Group, 1994, p. 125.
31. Lance Banning, "From Confederation to Constitution," in *This Constitution: Our Enduring Legacy,* p. 24.
32. Quoted in McClellan, *Historical Moments: Changing Interpretations of America's Past,* p. 125.

بەشی سێیەم: هەوڵدان بۆ خودموختاری

33. Quoted in Brogan, *The Penguin History of the United States of America,* p. 192.
34. Smith, *A New Age Now Begins,* p. 847.





35. Morgan, *The Birth of the Republic,* pp. 88-89.
36. Quoted in Bowen, *Miracle at Philadelphia,* p. 199.
37. Quoted in Dorothy Horton McGee, *Framers of the Constitution.* New York: Dodd, Mead, 1968, p. 12.
38. George Washington, *Writings.* New York: Library of America, 1997, p. 399.
39. Quoted in Smith, *A New Age Now Begins,* p. 566.
40. Washington, *Writings,* p. 352.
41. Washington, *Writings,* pp. 385-86.
42. Quoted in Henry Steele Commager and Richard B. Morris, eds., *The Spirit of 'Seventy-Six.* New York: Harper & Row, 1967, pp. 1,288-89.
43. Quoted in James MacGregor Burns, *The American Experiment: The Vineyard of Liberty.* New York: Alfred A. Knopf, 1982, p. 26.
44. Quoted in Oscar and Lilian Handlin, *Liberty in Expansion,* p. 148.
45. Quoted in Smith, *A New Age Now Begins,* p. 1,762.
46. Quoted in Bowen, *Miracle at Philadelphia,* p. 5.
47. Quoted in Bowen, *Miracle at Philadelphia,* p. 9.
48. Quoted in Morgan, *The Birth of the Republic,* p. 126.
49. Quoted in William Dudley, ed., *The Creation of the Constitution,* San Diego: Greenhaven Press, 1995, p. 28.
50. Quoted in Bowen, *Miracle at Philadelphia,* p. 7.
51. Quoted in Dudley, *The Creation of the Constitution,* p. 28.
52. Quoted in Dumas Malone, *Jefferson and the Rights of Man.* Boston: Little, Brown, 1951, pp. 9,23.
53. Quoted in Malone, *Jefferson and the Rights of Man,* p. 24.
54. Washington, *Writings,* pp. 621-22.
55. Quoted in Oscar and Lilian Handlin, *Liberty in Expansion,* p. 148.
56. Quoted in Malone, *Jefferson and the Rights of Man,* p. 158.
57. Quoted in Jane Nevins, *Turning 200: A Bicentennial History of the Rise of the American Republic.* New York: Richardson & Steirman, 1987, p. 34.
58. Quoted in Burns et al., *Government by the people,* p. 13.

بەشی چوارەم: ڕێگای فیلادیلفیا

59. Quoted in Bowen, *Miracle at Philadelphia,* p. 15.
60. Fred Barbash, *The Founding: A Dramatic Account of the Writing of the Constitution.* New York: Linden Press/ Simon & Schuster, 1987, p. 18.
61. Quoted in Bowen, *Miracle at Philadelphia,* p. 18.
62. Quoted in Bowen, *Miracle at Philadelphia,* p. 12.

63. Quoted in Nevins, *Turning 200*, p. 38.
64. Quoted in McGee, *Framers of the Constitution*, p. 23.
65. Quoted in McGee, *Framers of the Constitution*, p. 26.
66. Quoted in Bowen, *Miracle at Philadelphia*, p. 44.
67. Oscar and Lilian Handlin, *Liberty in Expansion*, p. 152.
68. Barbash, *The Founding*, p. 47.
69. Burns, *The American Experiment*, p. 33.
70. Madison, *Federalist #51*, p. 262.
71. Oscar and Lilian Handlin, *Liberty in Expansion*, p. 150.
72. Quoted in McClellan, *Historical Moments: Changing Interpretations of America's Past*, p. 142.
73. Quoted in Bowen, *Miracle at Philadelphia*, p. 42.
74. George Mason, Letter to his son, quoted in Nevins, *Turning 200*, p. 57.
75. Quoted in Nevins, *Turning 200*, p. 60.
76. Quoted in Nevins, *Turning 200*, p. 60.
77. Quoted in Nevins, *Turning 200*, pp. 61-62; and in Bowen, *Miracle at Philadelphia*, p. 88.

### بەشی پێنجەم: ئەنجوومەنی دەستوور

78. Quoted in Bowen, *Miracle at Philadelphia*, p. 109.
79. Quoted in Nevins, *Turning 200*, p. 256.
80. Quoted in Nevins, *Turning 200*, p. 69.
81. Quoted in Milton Lomask, *The Spirit of 1787: The Making of Our Constitution*. New York: Farrar Straus Giroux, 1980, p. 117.
82. Bowen, *Miracle at Philadelphia*, p. 38.
83. Quoted in Michael Kammen, ed., *The Origins of the American Constitution: A Documentary History*. New York: Penguin Books, 1986, p. 23.
84. Quoted in Lomask, *The Spirit of 1787*, p. 122.
85. Quoted in Bowen, *Miracle at Philadelphia*, p. 41.
86. Quoted id Burns, *The American Experiment*, p. 35.
87. Quoted in Nevins, *Turning 200*, p. 76.
88. Quoted in Bowen,.*Miracle at Philadelphia*, p. 75.
89. Quoted in Bowen, *Miracle at Philadelphia*, p. 80.
90. Quoted in Bowen, *Miracle at Philadelphia*, p. 33.
91. Quoted in Bowen, *Miracle at Philadelphia*, p. 79.
92. Quoted in Nevins, *Turning 200*, p. 122.
93. Quoted in Margot C. J. Mabie, *This Constitution: Reflection of a Changing Nation*. New York: Henry Holt, 1987, pp. 26-28.



دامەزرانی ئەمریکاو دەستوورەکەی

94. Quoted in Kammen, ed., *The Origins of the American Constitution*, pp. 54-55.
95. Quoted in Burns, *The American Experiment*, pp. 39-40.
96. Quoted in Lomask, *The Spirit of 1787*, p. 122

### بەشی شەشەم: لەدایکبوونی دەستوور

97. Quoted in Nevins, *Turning 200*, p. 188.
98. Quoted in James MacGregor Burns and Richard B. Morris, "The Constitution: Thirteen Questions," in *This Constitution: Our Enduring Legacy*. Washington, DC: *Congressional Quarterly*, 1986, p. 7.
99. Quoted in Bowen, *Miracle at Philadelphia*, p. 119.
100. Quoted in Nevins, *Turning 200*, p. 191.
101. Quoted in Malone, *Jefferson and the Rights of Man*, p. 162.
102. Quoted in Burns, *The American Experiment*, p. 37.
103. Hamilton, *Federalist #70*, in *the Federalist Papers*, p. 355.
104. Quoted in Bowen, *Miracle at Philadelphia*, p. 57.
105. Quoted in Nevins, *Turning 200*, pp. 192-93.
106. Forrest McDonald, *A Constitutional History of the United States*. Malabar, FL: Robert E. Krieger, 1986, p. 28.
107. Quoted in Burns, *The American Experiment*, p. 39.
108. Quoted in Burns, *The American Experiment*, p. 39.
109. Quoted in Bowen, *Miracle at Philadelphia*, p. 177.
110. Quoted in Bowen, *Miracle at Philadelphia*, p. 180.
111. Quoted in Bowen, *Miracle at Philadelphia*, p. 179.
112. Quoted in Bowen, *Miracle at Philadelphia*, p. 183.
113. Bowen, *Miracle at Philadelphia*, p. 184.
114. Quoted in Kammen, *The Origins of the American Constitution*, p. 25.
115. Quoted in Bowen, *Miracle at Philadelphia*, pp. 229-30.
116. Quoted in Bowen, *Miracle at Philadelphia*, p. 229.
117. Quoted in Nevins, *Turning 200*, p. 207.
118. Quoted in Bowen, *Miracle at Philadelphia*, p. 232.
119. Quoted in Nevins, *Turning 200*, p. 207.
120. Quoted in Nevins, *Turning 200*, p. 208.
121. Quoted in Bowen, *Miracle at Philadelphia*, p. 259.
122. Quoted in Bowen, *Miracle at Philadelphia*, p. 258.
123. Quoted in McClellan, *Historical Moments: Changing Interpretations of America's Past*, pp. 139-40.

### بەشی حەوتەم: خەبات لەپێناوی پەسەندکردندا

124. Quoted in Bowen, *Miracle at Philadelphia,* p. 259.

125. Quoted in Margot C. J. Mabie, *This Constitution: Reflection of a Changing Nation.* New York: Henry Holt, 1987, p. 52.

126. Quoted in Bowen, *Miracle at Philadelphia,* p. 273.

127. Quoted in Doris Faber and Harold Faber, *We the People: A Story of the United States Constitution Since 1787.* New York: Macmillan, 1987, pp. 51-52.

128. Quoted in McClellan, *Historical Moments: Changing Interpretations of America's Past,* p. 141.

129. Quoted in Lomask, *The Spirit of 1787,* p. 163.

130. Washington, *Writings,* p. 657.

131. Quoted in McClellan, *Historical Moments: Changing Interpretations of America's Past,* p. 141.

132. Quoted in Lomask, *The Spirit of 1787,* p. 167.

133. Quoted in Bowen, *Miracle at Philadelphia,* p. 272.

134. Quoted in Lomask, *The Spirit of 1787,* p. 169.

135. Quoted in Lomask, *The Spirit of 1787,* p. 168.

136. Quoted in Barbash, *The Founding,* p. 210.

137. Quoted in Bowen, *Miracle at Philadelphia,* p. 245.

138. Quoted in Bowen, *Miracle at Philadelphia,* pp. 245-46.

139. Quoted in Nevins, *Turning 200,* p. 271.

140. Quoted in Bowen, *Miracle at Philadelphia,* p. 277.

141. McClellan, *Historical Moments: Changing Interpretations of America's Past,* p. 142.

142. McClellan, *Historical Moments: Changing Interpretations of America's Past,* p. 142.

143. Quoted in Lomask, *The Spirit of 1787,* pp. 189-90.

144. Quoted in Bowen, *Miracle at Philadelphia,* p. 309.

145. Quoted in Richard B. Morris, *The Framing of the Federal Constitution.* Washington, DC: National Park Service, 1986, p. 78.

### بەشی هەشتەم: میراتێکی نەمر

146. Quoted in Bowen, *Miracle at Philadelphia,* p. 263.

147. Quoted in Bowen, *Miracle at Philadelphia,* p. 263.

148. Oscar and Lilian Handlin, *Liberty in Expansion,* pp. 156, 159.

149. Quoted in H. Jefferson Powell, "How Does the Constitution Structure Government? The Founders' Views, "in Burke Marshall, ed., *A Workable Government? The Constitution After 200 Years.* New York: W. W. Norton, 1987, p. 18.

150. Quoted in Bowen, *Miracle at Philadelphia,* p. 88.